

## فازڵ میرانی سکرتیری مەکتەبی سیاسی پارتی بۆ گوڵان:

# دەبێت کابینەی حەوتەم پرۆژەیەکی نیشتمانی هەبێت، ئەولەویەتی ئەو پرۆژەیەش ئاشتبوونەوەی گشتی و چاکسازی و وەڵامدانەوەی خواست و گلەیی خەڵک دەبێت



فازڵ میرانی کە ئێستا سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستانە، وەك خۆی دەڵێت کوڕی جوتیارێکی ئەم کوردستانەیە و لەناو پارتی و ڕێبازی بارزانیدا وەك تێکۆشەرێك بە خەبات و قوربانیدان گەیشتۆتە پۆستی سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان، میرانی لە قسەکردندا بوێر و ڕاشکاوانەیە و بڕوای بەوە هەیە کە پێویستە مرۆڤ ئازادانە ئەوەی بڕوای پێیەتی دەریببڕیت و ڕاشکاوانە را و بۆ چوونەکانی بۆ میللەتی خۆی ئاشکرا بکات، هەروەها جیاوازییەکی دیکەی فازڵ میرانی ئەوەیە لەگەڵ ئەوەی سکرتیری مەکتەبی سیاسی پارتیە، بەڵام بیربۆچوونی تایبەتی خۆی هەیە و زۆر جار کە هەندێك بیروبۆچوون دەردەبریت ڕاشکاوانە ئەو ڕاستیە ناشارێتەوە کە ئەوە بۆچوونی تایبەتی خۆیەتی و مەرج نییە بۆچوونی پارتی بێت، بۆیە لەم ڕوانگەیەوە میرانی وەك خاوەنی بۆچوونی تایبەتی خۆی ناسراوە، هەروەها میرانی بێجگە لەوەی یەکێکە لە سیاسەتمەدارە دیارەکانی کوردستانەو لەهەمانکاتدا دەرچووی کۆلێژی یاسایە و پیاوێکی یاساناس و مافپەروەرە، بۆیە لەم لایەنەشەوە تەواوی ڕەهەندە یاساییەکان و ماف و ئازادییەکانی خۆی لە چوارچێوەی یاسا ڕەچاو دەکات و دەزانێت چۆن لەسنوری یاسادا ئازادییەکانی خۆی پیادە بکات، بۆ قسەکردن لەسەر کۆی بارودۆخی سیاسی ئەمڕۆی کوردستان و گۆڕانکارییە ئیقلیمیەکان و کێشەکانی عێراق و هەروەها قسەکردن لەسەر کابینەی حەوتەم، چووینە سەردانی بەڕێز فازڵ میرانی و لەوتووێژێکی کراوە لەگەڵ گوڵاندا بە سنگفراوانیەوە وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە، ئەمەش دەقی دیمانە تایبەتەکەی گوڵانە لەگەڵ بەڕێز فازڵ میرانی سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان.

**گوڵان:** بۆ ساڵێك دەچێت كە كۆنگرەی سیازدەیەمینی پارتی دیموكراتی كوردستان سازدراوە، دروشمی كۆنگرەكە بریتی بووە لە نویێ بوونەوەو دادپەروەری و عەدالەت، دەمانەوێت لە سكرتێری مەكتەبی سیاسی ئەم پارتە بپرسین، لە ماوەی ئەمساڵەدا چەندە گۆڕانكاری بەسەر ئەم حزبەدا هاتووە، وەك خۆتان وتوتانە پێویستە حزب پێ بنێتە قۆناغێكی نوێوە، لەبەر ئەوەی قۆناغەكە وا دەخوازێت، ئێستا دەمانەوێت بزانین لە دوای تێپەڕینی ئەم ساڵەوە، بەڕێزت چۆن سەیری پارتی دەكەیت؟

**فازڵ میرانی:** بە ناوی خودا، پێشەكی بەخێر بێن و دەستخۆشی لە گۆڤاری گوڵان دەكەم، كە هەم خەڵكی بەئەزموون و دڵسۆز بۆی دەنووسن، هەم خوێنەرانێكی زۆریشی لە كوردستان هەیە..

كۆنگرەی سیازدەیەمینی پارتی كە پارساڵ بەسترا، بەو سێ دروشمانەی كە ئاماژەت پێدا كۆنگرەكە بە گیانێكی بەرخودان و بە ئیرادەوە سازدرا، ئەو دروشمانەی كە باست كردن، ئەوانە خواستی سەردەمەكە هێناوینیە پێشەوە، هەر

> **دەبێت پارتی زیاتر لە دوێنێ قبوڵ كردنی واقیعی ئەمڕۆ بە پراكتیكی نیشانی خەڵك بدات. ئەوەش دەبێتە مایەی پاراستنی ئەو تواناو كادرو ئەدا جۆرێتییەی هەیەتی**

بڕیارێك یان هەر دروشمێك كە مرۆڤ دەیدات و ڕایدەگەیەنێت پێشوەختە پێویستە خۆی بۆ ئامادەكردبێت، بە دیدی من پێویستە لە ناوەڕۆك و پاشخانی ئەم دروشمە تێگەیشتبێت، پێویستیشە یان زەمینە ساز بووبێت یان زەمینە ساز بكات بۆ تێگەیشتن جێبەجێ كردنی ئەم دروشمانە، لەبەر ئەوەی تەنیا یەك ساڵ بەسەر كۆنگرەدا تێپەڕیوە، مەسەلەكان بە ڕەهایی وەرناگرم، بەڵكو بە ڕێژەیی وەردەگیرێن، سەبارەت بە دروشمی نوێ بوونەوە، لەوانەیە دیدی خەڵك لەم دروشمەدا ئەوە بێت كە پارتی سەرتاپای خۆی بگۆڕێت، بەدیدی ئێمە نوێبوونەوە خۆگونجاندنە لەگەڵ تازە پێشهاتەكان، پێویستە پارتی زیاتر لەگەڵ دۆخە بابەتییەكان خۆی بگونجێنێت، ئەوەی دوێنێ پارتی قبوڵی نەبوو دەبێت ئەمڕۆ بەپێی تازە پێشهاتەكان قبووڵی بكات، دەبێت زیاتر لە دوێنێ قبوڵ كردنی واقیعی ئەمڕۆ بە پراكتیكی نیشانی خەڵك بدات، ئەوەش دەبێتە مایەی پاراستنی ئەو تواناو كادرو ئەدا جۆرێتییەی هەیەتی و دواتر دەرگا بكاتەوە بە ڕووی گەنجەكانەوە، ئەوانەی كە دیدێكی تازەیان بۆ تازە پێشهاتەكان هەیە، ئێمە زۆرجار كە باسی ئەم حزبانەی كە لە پێشی سەرهەڵدان و لە خەباتی شاخدا هاتووین دەكەین، بەشوێن زمان و دیدێكی هاوبەشدا دەگەڕێین، لەنێوان ئێمەو هێزی گەنج كەلە دوای سەرهەڵدان لەدایك بوون یان پێگەیشتوون، هەندێكجار خوێندنەوەیەكی نادروست لە نێوان ئێمەو ئەوان پەیدا دەبێت، بەشێك لەوانە كە لە دەرەوەی حزبن یان هێشتا بڕیاریان نەداوە سیاسەت و حزبایەتی بكەن، بە دیدی خۆیان هەموو شتێكی ئەم حزبانە بەكلاسیك و كۆن لەقەڵەم دەدەن، تەنانەت هەندێك جار شانازی بە ئینتیمای نیشتمانی و نەتەوەییەوە ناكەن و دەڵێن ئینتیمای من بۆ خۆشگوزەرانی ژیانی تایبەتی خۆمەو ئەوەی من دەمەوێت بۆم جێبەجێ ببێت، سروشتییە مرۆڤ هەردەم هاوكۆكە لەگەڵ ئازادی تاك و ئازادی خۆ بەیان كردن، بەڵام ناكرێت مەسەلەی ئازادی كۆمەڵیشی لەبیربچێتەوە، هەندێ مەسەلە هەیە دەمانگەیەنێتە یەكتر، ئەویش ئینتمایە بۆ نیشتمان، ئینتیمایە بۆ نەتەوە، دواتر ئەو شانازی بە ڕابردووی ئێمە ناكات، لە كاتێكدا ڕابردووی ئێمە سەرمایەیەكە بۆ ئەو، ئەگەر ڕابردووی ئێمە نەبایە لەوانەیە ئەوەی ئەو كە ئەمڕۆ پێی لەسەر داناوەو بناغەو زەوینەیەكی هەیە، بەو جێ پێقایمیە نەتوانێت تەنانەت بانگەشە بۆ وەدەست خستنی ئازادییە تاكگەراییەكانی خۆیشی بكات، ئەمە دیدێكی نادروستی خوێندنەوەی ئەوانە بۆ ئێمە، بەڵام ناكرێت مرۆڤ خوێندنەوە نادروستەكانی بەشێكی ناو ئێمەش بە هەند وەرنەگرێت، ناكرێت ئەم هێزە گەورەیەی گەنجانێك كە دوای سەرهەڵدان لەدایك بوونە یان دوای سەرهەڵدان پێگەیشتوونە، بە كەسانی خوانەخواستە بەهیچ ڕازی نەبوو لەقەڵەم بدرێن و فەرامۆش بكرێن، نا، چونكە ئەمانەش كوڕی سەردەمی خۆیانن، وەچەی تەكنەلۆژیاو ئەنتەرنێت و میدیای ئازادو سەتەلایتەكانن، بەنموونە لە زەمانی من و تۆدا سەتەلایت لە عیراقدا نەبووە، ئێستا تەنانەت مناڵی تەمەن چوار پێنج ساڵانیش هەوڵی وەدەست هێنانی ئەنتەرنێت و ئایپاد و ئای فۆن و ..تاد دەدەن، شتێكی سروشتییەو تێگەیشتنی ئەمان بۆ هەندێك مەسەلە جیاوازی هەبێت، ئەمە پێوەندی بە ماوەی زەمەنی تێگەیشتنی ئەوەوە هەیە، هەروەها بیركردنەوەو ئیستیعابی ئەوە بۆ ئەمڕۆ، هەرگیز من لە تەكنەلۆژیادا بەقەد كوڕی خۆم شت نازانم، كەواتە ئەو یان ئەوەتا بیركردنەوەی لە من زیاترە، یان جیاوازییەك لە نێوانماندا هەیە، بەڵام هەمیشە پێویستە بەدروستی یەكتر بخوێنینەوە، بڵێین ئەوەی ئێوە دەیڵێن ڕاستە بەڵام با لە خاڵە هاوبەشەكان یارمەتیدەری یەكتر بین، ئێمە تا ئێرە بەم شێوەیە هێناومانەو ئێوەش بە لێهاتوویی خۆتان و زانینی خۆتان وەرنە ناو كاروانەكەو ئیزافاتی خۆتان بچەسپێنن، لێرەدا نوێبوونەوە بە تێگەیشتنی پراكتیكی نەك تەنیا تیۆری، نوێبوونەوەكە خۆی لێرەدا دەبینێتەوە، واتا بە تێكەڵكردن و پێكەوەگرێدانی خوێن و بیری گەنجی تازەو بەستنەوەی بەمێژووی ئینتیماكانەوە، چونكە ناكرێت خۆیان دابڕێنن لە شۆڕشی ئەیلول و گوڵان و شۆڕشەكانی سەرهەڵدان و كوردایەتی، ناكرێت ئەو شۆڕشانە بە سەرمایەی خۆیان نەزانن، ئەمە وەك ئەوەیە كەسێك لە سەرمایەی باوكی كە لە بانقدایە كەڵك وەربگرێت، ئیتر ئەویش دەبێتە سەرمایەدارو چۆن دەیخاتەوە گەڕ، ئەوە بابەتێكی ترە، بە دیدی من تێكەڵكردنی دوو دیدەكە بۆ نوێبوونەوە لێرەدایە، واتا تێكەڵبوونی بیرو خوێنی تازە بە ڕێبازە پڕبەها پیرۆزەكان، ئەمە نوێبوونەوەكەیە بەڵام لە جەوهەردا لێك جودایە، ئێمە بڵێین نوێبوونەوە دەكەین بێ ئەوەی شتی نوێ بۆ ئەم ڕێبازە یان ئەم حزبە یان پێڕەوو پرۆگرامە وەربگرین و ئیزافە بكەین، ئەمە لە شوێنی خۆمان دەمانچەقێنێت، ئەمەیە نوێبوونەوەی كە پارتی لە كۆنگرەكەیدا كردییە دروشم، پێویستە

> **ناكرێت ئەم هێزە گەورەیەی گەنجانێك كە دوای سەرهەڵدان لەدایك بوونە یان دوای سەرهەڵدان پێگەیشتوونە. بە كەسانی خوانەخواستە بەهیچ ڕازی نەبوو لەقەڵەم بدرێن و فەرامۆش بكرێن.**

بە كردارەكیانە بێت، ئەمەش دەرگایەكی ئاوەڵاو فراوانە، هەر لە بوارەكانی ڕاگەیاندن و سیاسەتی ئابووری تا سیاسەتی جڤاكی و كۆمەڵگەیی، چۆن تەماشای میدیاو ڕاگەیاندنی ئازادو دنیای ئازادی دەكەین، چۆن تەماشای ئافرەت دەكەیت، یاساكان و چەمكە نوێیەكان چۆن تەماشا دەكەیت، میدیاو پرەنسیپەكانی خۆت چۆن بەڕێوە دەبەیت، پێوەندییە هەرێمایەتی و نێودەوڵەتییەكان چۆن هەڵدەسەنگێنیت، یەكترقبوڵكردنی ناو هەرێمی كوردستان و پاراستنی ئەم فرەییە حزبی و مۆزائیكیەتەی ئیتنیەكانە، چۆنیەتی دابینكردنی ئاسایشی ئەهلی و میللی ناوخۆیمانە، ئەمانە هەموویان لەو چەمكەوە سەرچاوە وەردەگرن و بە هەموویانەوە نوێ بوونەوە وەبەرهەم دێت.

**گوڵان:** جەنابت وەك پێشمەرگەیەكی دێرین و كادرێكی شایەتحاڵ لەسەر شۆڕشی ئەیلول و گوڵان و ئێستاش سكرتێری مەكتەبی سیاسی پارتیت و لە قۆناغێكی زۆر مۆدێرن و هاوچەرخداین، زۆر كەس هەن و دەڵێن بۆیە پارتی ئەم دروشمانە بەرز دەكاتەوە،

چونکە وەچەی کۆن یان پێشوو لە ناو پارتیدا نەیانتوانیوە خۆیان بگونجێنن و ئەو وەرچەرخانە فیکرییە بەسەریاندا نەهاتووە، تا لەگەڵ ئێستادا مامەڵە بکەن، ئەمانە وەك دروشمی باق و بریق بەکار دێنن تا گەنجەکان دەستەمۆبکەن، بەڵام تا ئێستا لە ئامانجەکانی گەنجان تێنەگەیشتون و ناشتوانن تێی بگەن؟

**فازڵ میرانی:** بە تێڕوانینی من پێویستە مرۆڤ ڕێز لە هەموو بیرو ڕایەك بگرێت، بەڵام کە ڕێزی لێ دەگریت، مەرج نییە خۆتی لەگەڵ ڕێکبخەیت، بەڵکو بە تێگەیشتنە ڕاستییەکەیەوە گفتوگۆی دەکەیت، ئێمەو ئەوان ئامادەین گفتوگۆ بکەین، نەخێر، ئێمە لەو ڕۆژەی لە ساڵانی ١٩٥٢_١٩٥٣ کە بیرمان لە دامەزراندنی ڕێکخراوەکانی یەکێتی ئافرەتان و قوتابیان و لاوان کردەوە، پارتی دیموکراتی کوردستان ئەوسا بیری لەوە کردبۆوە چۆن بیرو کەرەسەی نوێ پەیدا بکاتەوە بۆ بەردەوام بوونی ئەم حزبە، چۆن مرۆڤ ڕێگەیەکی دووری لە پێش بێت و پێداویستییەکانی ئەم ڕێگەیە دابین بکاتەوە، پارتی لەوساوە دەیزانی کاروانێکی

**نوێبوونەوە بە تێگەیشتنی پراکتیکی نەك تەنیا تیۆری واتا بە تێکەڵکردن و پێکەوەگرێدانی خوێن و بیری گەنجی تازەو بەستنەوەی بەمێژووی ئینتیماکانەوە**

دوورو درێژی لە پێشەو پێداویستییەکانی ئەم کاروانە، بەردەوام بوونی ئەم هێزو ڕێکخراوانە بوون، ئەوانە هێزی نوێن، ئەمە لەلایەك لە لایەکی ترەوە ئەگەر تەماشا بکەین، هەموو مێژوونووسانیش شایەتی بۆ ئەوە دەدەن کە پارتی لە هەموو کۆنگرەیەکیدا خۆی لەگەڵ تازە پێشهاتەکانی سەردەمەکەدا گونجاندوە، ئێمە لە ١١ ئازار کە لە شاخ هاتبووینەوە، خۆمان لەگەڵ خەباتی شار گونجاندووە بەو حوکمە زاتییەو بەو تێگەیشتنەی کەلەو چوارچێوەیەی ئەوسادا هەبوو، لە دوای نسکۆ ١٩٧٥ پارتی دیموکراتی کوردستان، تووشی بومەلەرزەیەکی کوشندە بۆوە، ئەگەر ڕابردوویەك و میتۆدێك وریبازێکی نەتەوایەتی نەبوایە کە خەڵکانێك لەگەڵ ئەم حزبەدا بوون، نە تەنیا لە دیدی ئیدیۆلۆژییەوە، بەڵکو لە دیدی نەتەوایەتییەوە لەگەڵی بوون، خەڵکانێکی زۆر لە ناو شۆڕش بوون ئینتیمای حزبییان نەبووە، پێشمەرگە هەبووە بە پلەی ئامر بەتەلیۆنی و پارتیش نەبووە، ئەندامی حزبییش نەبووە، ئەمە چ دەگەیەنێت، ئەمە ئەو هاوبەشە بەهێزە دەگەیەنێت لە نێوان پارتی و لە نێوان جەماوەردا هەبووەو، وای کردووە کەسانێك ئامادەبن خۆیان بکەنە قوربانی و ئەندامی ئەم حزبەش نەبن، کەواتە ڕێبازو میتۆدو پێڕەوو پرۆگرامی ئەم حزبە گوزارشت لە بەرژەوەندی و دیدی ئەو دەکاتەوە لە ڕوانینی نەتەوایەتییەوە، کەم حزب هەن بەرخورداربن لەم خەسڵەتەدا، حزبە ئیدیۆلۆژی و چینایەتییەکان وانیین، بەڵام پارتی دیموکراتی کوردستان حزبێکی دیموکراتی نەتەوەییە، لە مەسەلەی دیموکراتی و نەتەوەییدا خەڵکێك لەگەڵی جووت دەبێت بەبێ ئەوەی ئینتیمای بۆ بکاتەوە، ئەمەش بووە هۆیەك کە ئاوارەی ئێران بووینەوە لە دوای نسکۆی ساڵی ١٩٧٥ نیو ملیۆن مرۆڤ دەربەدەر بوون، هەموویان بە تەنیا پزیشك و دادوەرو پارێزەرو ئەندازیارو جووتیارو کرێکارو مامۆستا و قوتابی و مەلای مزگەوت و قەشەو موسڵمان و مەسیحی و یەزیدی و کلدان و تورکمان نەبوون و بەڵام لە هەمووشیانی تێدا بووە، ئەمە ئیستدلالی ئەوەیە، متمانەیەکە لە نێوان خاڵە هاوبەشەکانی جەماوەرو متمانەیان بە سەرکردەکەی و ئامانجە پیرۆزەکانی کە بارزانی نەمر بووە، کەواتە ئێمە لەگەڵ ئەو حاڵەتە وتوویژ دادەمەزرێنینەوە، لە سەرتاسەری کۆنگرەکانی پارتیدا هەمیشە خوێنی تازەو خوێنی گەنج دێنە پێشەوە ئەگەر تەماشای ئەندامان و مەندوبینی کۆنگرەکانی پارتی بکەیتەوە هەمیشە ٧٠٪یان لەهێزی گەنجان و خوێندەواری ئەم جەماوەرو خەڵکەی کوردستان بوون، ئامارێکمان لە ڕێکخستن و لیژنەی ئامادەکاری کۆنگرە لەلایە دەتوانن خۆتان وەربگرن تا بزانن ئەم حزبەی ئێمە چەند مامۆستاو دەرچووی زانکۆکان و مامۆستای ئایینی و مەسیحی و یەزیدی و ئاشووری و کلدان و تورکمان و چەند ئافرەتی تێدا بووە، ئەمانە هەموویان ئیستدلالی ئەوەیە کە هێشتا خەڵکێك ڕوو لە پارتی دەکات، بەو میتۆدو بیرکردنەوەیەی پێشان کە متمانەبەخشەو بەو کارەی کە ئێستا دیکاتەوە، کەماڵیش تەنیا بۆ خودایە، کەسمان، کامل نین، هەر بڕیاردانێك لەسەر ناکاملی واتە کەموکورتی لە ئارایە، کەموکوری لە حزب و کارگێڕیدا هەیە، جاری وا هەیە لە ناو ماڵێکدا هەیە، بوێرێتی پەنجەلەسەردانانی کەموکورییەکان و دەستنیشان کردنیان خەسڵەتێکی بروا بەخۆکردنە لەلای مرۆڤ، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕابردووەی کە مرۆڤ بە سەرمایەی خۆی دەیزانێت و پێی لەسەر قایم کردووە، بۆ نموونە حزبێکم بۆ بدۆزەرەوە لە هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەك پارتی دیموکراتی کوردستان لە گەرماو گەرمی نسکۆیەکەی ساڵی ١٩٧٥ هەڵسەنگاندنی بۆ خۆی کردبێتەوە، ئێمە هەڵسەنگاندنمان بۆ ئەرشیفەکردن نەکردووە، بەڵکە بۆ ئەوەی بەرەنگاری کەموکورییەکانی خۆمان ببینەوەو لە شۆڕشی تازەدا ڕێکخستنەکانی حزب پێکرا لەسەر بنەمایەکی تازە سوود وەربگرینەوە لە هەڵەکانی ڕابردوو پەند وەربگرین و دواتر بەردەوام بین لەسەر چاکییەکانی ڕابردوو.

**گوڵان:** لەنێو خەڵکدا کەسانێك ڕەخنەت لێدەگرن و دەڵێن هێندەی بەرگری لە پارتی دەکەیت، ئەوەندە بایەخ بەخەڵکی نادەیت، جاری وایە کە پارتی تووشی کارەساتێك دەبێتەوە یان دەخرێتە بۆتەی پیلانێکەوە، لێدوانەکانی بەرێزتان زۆر توندن، هەربۆیە هەموو جارێك کۆمەڵێك تێڕوانین و فرە بۆچوون لەسەر قسەکانت دروست دەکەن، باشە بەرێزت بۆ وا توندیت؟

**فازڵ میرانی:** لەسەر مەسەلەی توندی یان نەرمی، لە دیمانەکاندا کەسانێك هەبوون دەستخۆشییان لێ کردوم، بە نموونە لە گەرماو گەرمی کێشەکانی نێوان پارتی و یەکێتی و ئۆپۆزسیۆن، دیمانەیەکم لەگەڵ زاگرۆس تیڤی کردووە وتم پەیامی ئۆپۆزسیۆن دەرگای دانوستاندنی لەسەر ئێمە کردۆتەوەو ئێمە بە شتێکی باشی دەزانین، هەموویان بە ئۆپۆزسیۆنیشەوە دەستخۆشییان لە من کرد، بەڵام تەنیا خیتابێکی

**مێژوونووسان شایەتی بۆ ئەوە دەدەن کە پارتی لە هەموو کۆنگرەیەکیدا خۆی لەگەڵ تازە پێشهاتەکانی سەردەمەکەدا گونجاندووە**

توند کە هەر باسی دەکەنەوە ئەوەیە کە لە ١٧ی شوبات کە پیلانرێژی دانرابوو بۆ پەلاماردانی لقی چوار، من وتم ئەوەی دەستمان بۆ درێژ بکاتەوە، دەستی دەبڕین، نەموتووە دەچینە ناو ماڵی خەڵك و دەستی خەڵك دەبڕین، نەموتووە دەچینە لەسەر شەقام ڕادەوەستین و ئەوەی هەڵەت بیات دەستی دەبڕین، وتم ئەوەی دەستمان بۆ درێژدەکاتەوە، نەك ئەوەی مەرحەبایم لێ بکات و دەستی ببڕم نا، بەڵکو ئەوەی شەقێکم تێهەڵدا یان گوللەم ئاراستە دەکات، کەس کچی خۆی قوربانی کوڕی خەڵك ناکات، ئەمە لە لایەکەوە لە لایەنێکی ترەوە بەرگری لە خۆکردن مافێکی ئیلاهییە، لە یاساکانی ئاسمانی و یاساکانی سەر زەمینیشدا بەرگری لە خۆکردن مافێکی سروشتییانەیە، تۆ لە ماڵی خۆت دانیشتوویت، وەك لە ئیسلامیشدا هاتووە و دڵێت ئەوەی لەسەر ماڵ و موڵك و ناموس و دینی خۆی بکوژرێت شەهیدە، ئەفزەڵیەت دراوەتە خاوەن ماڵ، بەرگری لە خۆی بکات، تۆ بەرگری لەم شتانە بکە، گەر کوژرایت تۆ شەهیدیت، بەڵا لە خۆت دوور بخەوە، ئەگەر

هەر لێت نەبۆوە، خۆت بەقوربانی ئەو شتانە بکە کە خـــودا فەرمانی پێ کردووە، نازانم بۆ ئەمە بەو شـــێوەیەو بەم تێگەیشتنە تەفسیر ناکەنەوە، دەڵێن بکوژانی ١٧ی شـــوبات (الشيء بالشيء يذكر)، ماکینەیەکی مەبەستداری ڕاگەیاندیان بۆ ئەمە دروست کرد، تەنیا ئەو کوڕە کە لەوێدا شـــەهید بووە، ئەگەر تەنیا شەهید ئەوە بێت کە لەبەردەرگای لقی چوار شـــەهید بووبێت ئەمە وایە، بەڵام ئەی ئەو مفەوەزەمان کە لە هەڵەبجە شـــەهید بووە یان ئەوەی لە کەلار شەهید بووە، ئەو ئەندامانەمان کە لە شـــوێنەکانی تر شەهید کراون، ئەی بە پێی وتەی وەزیری پێشـــمەرگە بێت ئەو دەیان سەربازو ئاسایشانەی کە چاویان لەدەست داوەو بوونەتە نابیناو کەمئەندام کراون، باشـــە ئەمانە کـــوڕی خەڵکی نیـــن، بۆچی ئەمانە کەســـێك نابێت بەرگرییـــان لێ بکات، بـــەلای ئەوانەوە ئەمانە قەینـــا هەرچییان لێ هاتـــووەو با لێیان بێت، تەنیا ئەوەی بەردەرگای لق باس دەکرێـــت، لیژنەی لێکۆڵینەوە کە چوو بوو، سێسەدو قســـوور قەوانی فیشەکیان لەبەر دەرگای لـــق دۆزیبۆوە، لـــە دەرەوەی بارەگای لق، باشە، هەردەڵێن تەنیا هیوا ئەحمەد مستەفا تەقەی کردووەو ئەویش ڕێژوانی کوشتووە، ئەمە مەرامی سیاسەتەو مەسەلەی جینائییەت نییە، بەڵام کەســـێك ناڵێت ئەرێ ئەم خەڵکە کە هاتن لە کوێـــوە تەقەیان لێ کرا، لەبەردەرگای ماڵی خۆیان بوون یان لە ناو بازاڕەوە یان لە باخەکەی پشـــتەوە یان لە ناو ئۆتێل، کەسێك ناڵێت، ئەرێ ئەمانە بۆ چوونە سەر لقی چوار، کەسێك ئەمە نادرکێنێت چونکە دادپەروەری لەم مەسەلەیەدا نییە و ئەم مەسەلەیە بەسیاسی کراوە و جینائی نییە، پارتە سیاســـییەکان هەمووان ئەوە دەزانن گەر مەبەســـتیان بێت جـــاری وا هەیە دەزانن چۆن کەســـێك لە پارتێکی تـــردا بکەنە ئامانج و دەشـــیکەن، ئەو ڕۆژەی کوردایەتیمان ناسی و پارتی و ســـەرۆك بارزانیمـــان هەڵبژارد ئەو ڕۆژە نەماندەزانی دەبینە ســـەرکردە یان لە ژیان دەمێنینـــەوە، بەڵام بە ئەکیـــدی دەمانزانی کە دەبینە ئارمانجی دوژمنانی کوردستان، هەروەها زۆر شت هەیە لە ڕۆژنامەکانەوە لە دەرهەق من دەووترێت، سەبارەت بە جووتیارەکانی شارەزوور، من دەزانم ئـــەو هەڵایە خـــودی جوتیارەکانی شارەزور نین، خۆ دەکرێت بڵێم جووتیاری زاخۆ، تەفســـیرەکەی من وا نییە بڵێـــم ئەوانە نەزانن، ئەوەتا دوو سێ ئەندامی سەرکردایەتیمان لە کوڕە جووتیارانی شارەزوورن، خۆشم کوڕە جووتیارێکم،

**ئینـتما بۆ نـیشتمان و ئینـتیما بۆ نەتەوە لەنـێوان ئێـمەو هـێزی گـەنج دا دەمانگەیەنێتە یەکتر**

**پارتی دیموکراتی کوردستان لە مەسەلەی دیموکراتی و نەتەوەییدا خەڵکێك لەگەڵی جووت دەبێت بەبێ ئەوەی ئینـتیمای بۆ بکاتەوە. ئەمە ئیستدلالی ئەوەیە. متمانەیەکە لە نێوان خاڵە هاوبەشەکانی جەماوەرو متمانەیان بە سەرکردەکەی و ئامانجە پیرۆزەکانی کە بارزانی نەمر بووە**

بەڵام ئەوەی لە نزیکتری سلێمانییە دەزانێت چی لە ســـلێمانی هەیە، دەزانم جووتیارانی شارەزوور کۆنەبوونەتـــەوە تـــا بیرخەرەوەیەك بـــدەن بڵێن فـــازڵ میرانـــی داوای لێبووردنمان لێ نەکات فایلەکانی ٢٠٠٥و ئەنجوومەنەکانی جووتیاران هەڵدەدەینـــەوە، ئەگەر لەســـەر ئەوە بێت دنیاش خـــراپ بێت، پۆزش ناهێنمـــەوە، بەڵام من بێ منەتم، ئەوانەی هانیان دەدەن بێ منەتم لێیان با فایلەکانی جەمعیاتی ٢٠٠٥ دەربێنن، لە زاخۆ تا خانەقین، من بێ منەتیان دەکەم، ئەگەر یەك تایەی تراکتۆر، ئەگەر یەك عارەبانە، ئەگەر یەك تەن تۆو ئەگەر یەك کەوچك پەین لە جەمعیاتی جووتیارانم وەرگرتبێت، ئەوسا لە خانەقین تا زاخۆ پۆزش بۆ هەموو جووتیارانی کوردستان دێنمەوە، بەڵام بەلای کەسێکی ناپاکەوە وا نیشان دەدرێت کە هەموو کەســـێك ناپاکە، ئەگەر شانازی بە هیچی خۆمان نەکەین بە فایلی خۆمان شانازی دەکەین چونکو ئەسڵەن فایلمان نییە، لەبەر ئەوە لای مـــن گرنگە دڵی خەڵـــك ڕابگرین، بەڵام هەر وەختێك گەیشتمە ئەوەی پێ لە بەرژەوەندی نەتەوایەتی و نیشـــتمانیەکانی پارتی بنێم، لە پێناوی ڕەزامەندی هەندێك خەڵك، ئەوە دەرگای خیانەتە لە پارتـــی و ڕێبازی خۆم، لەبەر ئەوە لە ڕێبازی خۆم خیانـــەت ناکەم، خیانەتیش بە هەموو شێوەکانیەوە لە فەرهەنگی مندا نییە..

**گوڵان:** هەموو ئەندامانی ســـەرکردایەتی قسە دەکەن، بەڵام بۆچی کە جەنابت قســـە دەکەی قســـەکانت دەخەنە ژێر زەڕەبینـــەوە، بۆ نموونە ئەوەی دەربـــارەی کاك نێچیرڤان یان ئەوەی کە پارتی ٣٠ هەزار چەکداری هەیە لە کاتێکدا تۆ ســـکرتێری حزبیت و مافی خۆتە بەرگری لە پارتی بکەی، بۆچی بەو زەڕەبینەوە قســـەکانت لێکدەدەنەوە؟

**فـــازڵ میرانی:** خـــوای گـــەورە دەفەرمووێ (أتأمرون الناس بالبر وتنســـون أنفســـكم وأنتم تتلون الكتـــاب أفلا تعقلون) ئـــەم خەڵکانەی وادەڵێن، دەڵێـــت خەڵکێك نییە دەمی ئەم برادەرە بگرن و زۆری ترم لەو بوارە خوێندۆتەوە، باشـــە بۆچی بۆ هەموو دنیا ئازادی رادەربرین هەبێت بۆ فازڵ میرانی نەبێت؟ من لەم کۆمەڵگایە نیم، منیش مرۆڤێك نیم، ئەمە رای منە پێتناخۆشە، بەڵام ناکرێ پێشوەختە پێم بڵێی تۆ مافی ئەوەت نییە رای خۆت دەرببڕیت، من بەرامبەر بە کاك نێچیرڤان رای خۆم دەبڕیوەو پێشـــم وتووە ئەمە رای منەو نازانم تا چ ڕادەیەك حزبی من ئەمە قبوڵ دەکات یان نا، وتومە ئەگەر بارودۆخەکان لەبـــار نەبن حەق نییە ئێمـــە موغامەرە بە کاك نێچیرڤان بکەین، بۆ هەژدە مانگی حوکمڕانی، برای بەڕێزم کاك عەبدوڵڵای مەلا نوری وابزانم لە لیســـتی گۆڕانە، لە پەرلەمانی کوردستان وتی: چۆن دەکرێت سکرتێری مەکتەبی سیاسی بڵێ من موغامەرە بە ئەندامێکی سەرکردایەتی خۆم ناکـــەم بۆ مەســـەلەیەك کـــە نەتەوەییەو پێوەنـــدی بـــە حکومەتەوە هەیەو مەســـەلەی وڵاتێـــك و میللەتێکە، دەبێ پارتی باشـــترین کەســـایەتی خۆی تەرخان بکات بۆ ئەم ئەرکە، وتـــم بە قوربانی چاوەکانت بـــم، من چاوەڕێی ئەم قســـەیەم لێت دەکرد، دە باشە ئێوەش بڵێن، ئێمەش پشـــتیوانی ئەو کەســـایەتییە گرنگەی پارتی دەکەین بۆ ئەوەی مەســـەلە نەتەوایەتی و حکومەتەکـــەی خۆمـــان بەڕێـــوە بەرینەوە، لەلایەکەوە داوای ئەرکـــم لێدەکات و خۆی لێ بـــە دووردەخاتەوە، بەڵام کە دێتەوە ســـەر ماف داوای مافم لێدەکاتەوە، ئەمە (صبق الاصرار)ی تێدایە، یاریی سیاسەتە و سیاسەتێکی زانستی نییە، ئەگینا هەموومان ئەرك و مافمان هەیە، بـــەڵام کە باس لە ئەرك دەکـــەن تەنیا پارتی و یەکێتییـــە، کەچی کە دێنە ســـەر ماف دەڵێن هەمووومان مافمان دەوێ، ئەمە سیاســـەتی (بە ڕەش لە قەڵەمدانی هەموو شـــتێکە) و یەکێك لە گرفتەکانی ئێمە و ئۆپۆزســـیۆن ئەوەیە، نە ئێمە هەموو شـــتێکی ئۆپۆزســـیۆن وەردەگرین بە باشەکانیشـــیانەوەو ئەوانیش هەموو شتێکی ئێمە بە ڕەش دەبینـــن وئەمە لە کۆمەڵگایەکی پێگەیشـــتوودا کە حزبی سیاســـی تێگەیشتوو و پێگەیشـــتووی هەیـــە فەرهەنگێکی مەقبول نییە، خۆشـــیان باش ئەمە دەزانن، چونکە ئێمە و ئەوان کوردین و بۆ کوردســـتان و سەرکەوتنی ئەزموونەکـــە کار دەکەین، جا ئیدارەکە هی ئێمە یان هی گۆڕان یان یەکێتی یان یەکگرتوو بێت، بـــەڵام حکومەت و وڵاتەکە هـــی هەمووومانەو هەمووومـــان یـــەك نەتەوەیـــن، کەواتە هەرچی باشە بۆ ئەم ئەزموونە، ئینجا سەرچاوەکەی لە ئۆپۆزســـیۆن بێت یان لە حوکمڕان، حەقە دانی پێدابنێت و بڵێت ئەمە باشە بابیکەین.

ئێستا وا خەریکی پێکهێنانی حکومەتێکی تازەین کە کابینەی حەوتەمەو هەمووتان پێتان باش بوو نێچیرڤان بارزانی سەرۆکایەتی حکومەت بکات، کەواتە وەرن با پشـــتیوانی لـــێ بکەین و وەرن

بەیەکەوە پرۆژەی گۆڕان و کۆمەڵ و یەکگرتوو و پرۆژەی حزبی شیوعی و پرۆژەی سۆسیالیست ئینجا پـــرۆژەی پارتی و یەکێتـــی و پرۆژەی هەڵبژاردنی لیستی هاوپەیمانی کوردستانی کە بەدیدی من شـــمولیەتێکی تێدایە، واتە خاڵی هەموو لایەنەکانی تێدایـــە، وەرن با بیکەین بە پرۆژەیەکی نیشـــتمانی و بەرنامەی حکومەت، ئێمە هەموومان لەو حکومەتە بەشـــدار بین تا ماوەکـــە تەواو دەبێت و هەڵبژاردنی نوێ ئەنجام دەدرێت، بۆ ئەوەی یەکڕیزی خۆمان لە بەرامبەر عێـــراق و دەوروبـــەر و ڕووداوەکانـــی ناوچەکە بپارێزین، ئایا ئەمە ئەرکی هەموومان نییە؟ کە ئەمە ئەرکـــی هەموومان بێت دەبێت مافەکانی خۆشمان مسۆگەر بێت لەم دەسەڵات و حکومەتە و پاراستنی ئەم ئەزموونەیە، بەڵام ئێمە لەگەڵ ئەوەدا نیـــن خەڵکانێك بڵێن ئێمـــە چاودێریتان دەکەین، بڕۆن کار بکەن، ئەگەر باش بوو بێدەنگ دەبین، بەڵام ئەگەر خراپ بوو، خەڵك دەهێنینە سەر بارەگاکانی ئێوە، بە بۆچوونی من ئەمە نە دادپەروەری تێدایە تەنانەت لە پێگەیشـــتنی عیلمانیەت و ئیسلامیشـــدا ئەمە نییە، من زۆر جار بە برایانی یەکگرتـــوو و کۆمەڵیش دەڵێم: ئێوە حزبی ئیســـلامی سیاســـین، بەڵام ئێوە بە لایەنی کەمەوە دەبێ هەندێك لە مەنهەجەکەتان مســـتمد بێت لە شـــەریعەتی ئیســـلامەوە، لە فەرموودەیەکی صەحیحدا پێغەمبەرمان دروودی خوای لەســـەر بێت دەفەرموێت:( ویل لامە لا تقول للمحسن احسنت و لا تقول للمسیء اسأت) کەواتە ئیسحانەکەی پێشخستووە، ئێوە کە ڕەخنە لە حکومەت دەگرن ئەرکی ئیســـلامیی ئێوە و ئەرکی نەتەوەیی ئێمەیە،پێویســـتە سەرەتا باس لە چاکەکانی حکومەتی خۆمان بکەین پاشـــان ڕەخنە لە خراپەکانیشـــی بگرین، چونکە پرسیار ئەوەیە ئایا ئێمە دەمانەوێت ئەم ئەزموونە بمێنێت یان بڕووخێت؟، ئەگەر دەمانەوێت بمێنێت کەواتە دەبێ باس لە چاکەو راســـتییەکان بکەین، بەڵام کەموکوڕییەکانیشی بخەینە پاڵ بۆ ئەوەی هەر هیچ نەبێت خەڵکانێك بڕوامان پێ بکات،

من ئەم قســـانە دەکەم جا خەڵکێك پێی خۆشە ماڵیان ئاوا بێ و خەڵکێکیش پێی ناخۆشە دیسان ماڵیان ئاوابێ، بەڵام مـــن بڕوام بە ئازادی ڕا دەربڕین هەیە، چۆن خەڵکێك هەیە باسم دەکات ئەو مافیشـــم پێ بدەن بەرگری لە ئەزموونەکەم و حزبەکەم بکەم.

**گوڵان:** ڕەخنەیەکی دیکە لە جەنابت دەگیرێت، ئەویـــش ئەوەی کـــە لەوەتەی ئێوە ســـکرتێری پارتین هەمیشـــە حەز دەکەن هەموو خەڵك ببێت بە پارتی، واتە لە بری ئەوەی پارتی بچێتە ناو خەڵکەوە، حەز دەکەیت خەڵك بچێتە ناو پارتی، وەڵامی بەڕێزتان بۆ ئەمە چییە؟

**فـــازڵ میرانی:** من حەز ناکـــەم هەموو خەڵك ببێتـــە پارتـــی، چونکە ڕۆڵی ســـەرکردایەتی

> **لە یاساکانی ئاسمانی و یاساکانی سەر زەمینیشدا بەرگری لە خۆکردن مافێکی سروشتییانەیە. تۆ لە ماڵی خۆت دانیشتوویت. لە ئیسلامیشدا هاتووە ئەوەی لەسەر ماڵ و موڵك و نامووس و دینی خۆی بکوژرێت شەهیدە. ئەفزەڵیەت دراوەتە خاوەن ماڵ، بەرگری لە خۆی بکات**

نامێنێـــت، پارتـــی ســـەرکردایەتی میللەتێك دەکات ئەگـــەر میللەتەکـــە هەمـــووی بوو بە پارتی ســـەرکردایەتی کێ بکات ئەمە ناکرێ و نەبـــووە، حزبـــە کۆمۆنیســـتەکان و حزبـــی بەعسیش لەوەدا ســـەرنەکەوتن و ئەگەر پارتی و یەکێتـــی و حزبەکانـــی دیکەش ئـــەو هەوڵە بـــدەن ئەوانیش ســـەرکەوتوو نابن، چونکە حزب نوخبەیەك ســـەرکردایەتی دەکات، بەڵام دۆست و لایەنگر پەیدا دەکات، سیاســـەتێکی ڕاســـت و دروســـت و بەرنامەیـــەك ئامـــادە دەکات کە خەڵکانێك پشـــتگیری و لایەنگری بکەن ئەمە لە لایەك، لە لایەکی ترەوە هەموو کەســـێك حەز دەکات حزبەکەی گەشـــە بـــکات، ئەگینا تۆ چۆن بەرپرســـی حزبی خۆتی، تـــۆ بڵێی ئێمە ناچینە ناو خەڵك بـــا خەڵك بۆ لای ئێمە بێت، لە ڕاســـتیدا ئەمە ڕەخنەیەکی پارتیانەیە زیاتر لەوەی ڕەخنەی خەڵکی غەیرە پارتی بێت، زۆر جار دەگوترێ کە سەرکردایەتی ئێمە نایەنە ناو جەماوەر، من هەمیشـــە بە بەرپرسی لقەکان و پارێزگار و وەزیری ناوخۆ و پەروەردە و بەشێك لە قایمقایمەکان دەڵێم ئێوە ئەندامی سەرکردایەتی نین؟ بـــەڵام ئەمانە مەبەســـتی ســـەرەکییان لەسەرکردایەتی جەنابی سەرۆك بارزانی و کاك نێچیرڤانە، خۆزگە ئەمانەش دەرفەتیان هەبوایە دێ بە دێی کوردســـتان گەڕابان، کاتی خۆی کاك ئیدریسی هەمیشە زیندوو لەگەڵ سەرۆك مســـعود بارزانی کارەکانی بارزانـــی نەمریان ڕادەپەڕانـــد، بـــەڵام خەڵك بـــە ئەوانیش ڕازی نەدەبوون، خوای لێخۆشبێت مەلا بێبەش و مەلا حوسێنی ماروزی لە شـــنگاڵ دەهاتن و تەنیا بە بینینی بارزانی نەمر ڕازی دەبوون، بارزانی نەمر دەیوت: ئەگەر کەسـێکی لە من سەرووتر هەبوایە بە منیش ڕازی نەدەبوون، ئەمە یەکێکە لە خەسڵەتەکانی میللەتی ئێمە. ڕەخنەی دووەم ئەوەیـــە گوایە ناچینە نـــاو خەڵك، من دەڵێم با بەرپرســـەکانی هەولێر لە پارتـــی و یەکێتی و حزبەکانـــی تریش با بێن بزانـــن خەڵکی هەولێر من زیاتر دەناســـن یان ئەوان یان خەڵکی هەولێر زیاتر من دەناســـن یان ئەوان؟ ئەمە نیشـــانەی تێکەڵاوییـــە لەگـــەڵ خەڵـــك، بـــەڵام ئەگەر مەبەســـتیان ئەوە بێت ئێمە بچین ماڵ بە ماڵ بگەڕێین خۆزگە ئەو دەرفەتەمان هەبووایە هەر هیچ نەبێت مـــرۆڤ بتوانێت وڵاتەکەی خۆی بناسێت، یەکێك لە ئاواتەکانی من ئەوەیە هەموو کوردستان ببینم و لە نزیکەوە شارەزای دابونەریت و جوگرافیـــای وڵاتەکەم بم، زۆر گوێمان لەمە بووەو گوێمـــان لێدەبێتەوە، حەقانییەکەی حەقەو لە تێگەیشـــتنی ئەم حەقە جیـــاوازی هەیە لە تێگەیشـــتنی ئێمە و ئەوان، بزانە ئێســـتا چەند لە ئەندامانی سەرکردایەتیمان لە هەولێرن (کاك کەریم، کاك ســـەفین، کاکەمیـــن، کاك نەوزاد، کاك پشتیوان، کاك عەلی حوسێن، کاك ئەحمەد کانـــی، کاك ڕێبوار، کاك ساســـان، چنارخان) ئەمانە هەموو لە شـــاری هەولێرن کەواتە چۆن دەڵێن ئەندامانی سەرکردایەتی لە ناو خەڵك نین، ئەمانە تەنیا لە ناو شارن، لە نزیك هەولێر دکتۆر ئاراس و لە مەخمـــور کاك نەجات عەلی لێیە، وەك وتم مەبەستیان لە ســـەرکردایەتی سەرۆك بارزانـــی و کاك نێچیرڤـــان و کاك مەســـرورە بچنە ناو خەڵـــك، ئەمە مافی خەڵکە، چونکە ئەمانە مەرجەعی ئێمـــەن و خەڵك مەرجەع بە ســـەرکردایەتی دەزانن، بەڵام حەق نییە لە پێناو بینینی ئەمانە ماندووبوون و وجودی کەســـانی تر لە ســـەرکردایەتی کە زەحمەت دەکێشن نادیدە بگرن، ئەمەش نادادپەروەرییە.

**گـــوڵان:** بەڵام خەڵك دەڵێـــن ئەگەر ئەندامانی ســـەرکردایەتی پارتی لەناو خەڵـــك بن، ئەوان قســـە دەکەن و خەڵك گوێ دەگرێت، ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە، خەڵك قســـە بکات و ئەندامانی سەرکردایەتی گوێ بگرن؟

**فـــازڵ میرانـــی:** ئێمـــە لـــە کـــۆڕەکان و کۆبوونەوەکانی حزبیدا گوێ لە خەڵك دەگرین و قسەیان بۆ ناکەین و پێم باشە لەمەودوا پەنەڵێك لە تەلەفزیۆنەکاندا بکرێتەوەو خەڵك قسە بکەن، ئەگـــەر هەفتانە بەرنامەیەکی ئـــاوا هەبێت لە پرســـیارەکانی خەڵك تێدەگەیت، بەڵام ناتوانین ماڵ بە مـــاڵ بگەڕێین، چونکە لق و ناوچە و ڕێکخـــراو و حکومەت و ئیدارەمان هەیە ڕەخنەو داواکارییەکانـــی خەڵك لە ڕێـــگای ئیدارییەوە دێـــت، ئەمە یەکێکە لە مەســـەلەکان کە خەڵك دەیەوێت لە لایەك هەموو شـــتەکان بخاتە دەست حزب و لە لایەکی دیکەشەوە دەڵێ بۆچی حزب دەست دەخاتە نێو کاروباری حکومەت، بۆ نموونە

> **ناکرێت گەنجان خۆیان دابڕێنن لە شۆڕشی ئەیلول و گوڵان و شۆڕشەکانی سەرهەڵدان و کوردایەتی**

**ئەو ڕۆژەی کوردایەتیمان ناسی و پارتی و سەرۆك بارزانیمان هەڵبژارد ئەو ڕۆژە نەماندەزانی دەبینە سەرکردە یان لە ژیان دەمێنینەوە. بەڵام بە ئەکیدی دەمانزانی کە دەبینە ئامانجی دوژمنانی کوردستان**

کەسێك کارێکی لای پارێزگار یان قایمقام یان بەڕێوەبەری ناحیە هەیێت بۆچی بچێتە لای بەرپرسی لق یان ناوچە یان کۆمیتە، ئەمە هێشتا خۆ ئازاد نەکردنە لە سیستمێکی کۆن و لێك تێنەگەیشتنە، من کە لە حکومەتیش بووم هەمیشە دەمگوت هاوولاتی ئێمە بەتایبەتی پارتی و یەکێتی بە ئاسانی فێرە حکومەتیی نابێت، چونکە لەبەر ئەوەی ئینتیمای حزبی هەیە دەیەوێ بچێتە لای وەزیری ناوخۆ یان پارێزگارو دڵی عەریزەیەکم بۆ بنووسە دەچێتە لای بەڕێوەبەری دیوان و عەریزەکەی بۆ چاپ دەکرێ و دەچێتەوە لای وەزیر و بۆی ئیمزا دەکات و دەیخاتە گیرفانی و دەگەڕێتەوە، لە هیچ شوێنێکی دنیا ئەم شتە نییەو ئێستا حکومەتی ئەلیکترۆنی هەیە، بەڵام دەبێ واز لەم جۆرە ڕەفتارانە بهێنین.

**گوڵان:** بەڕێزت وەك سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی بۆچی لە هۆڵێکی وەك هۆڵی شەهید سەعد عەبدوڵلا کەسایەتییەکانی هەولێر لە مامۆستایان و قوتابیان و کاسبکاران نزیکەی ٢ تا ٣ هەزار کەس کۆناکەیتەوەو گوێیان لێبگریت، بۆچی تا ئێستا کاك فازل لە شوێنێکی ئاوادا نەچووە بڵێ من قسەم نییە بۆتان و تەنیا هاتووم گوێ لە ئێوە بگرم؟

**فازل میرانی:** ڕاستە بەس گوێ گرتن لە خەڵك ئەمەمان نەکردووە، ئێمە سەرکردایەتییەکمان لە هەولێر هەیەو پێموایە کاك عەلی حوسێن کارێکی وایکردووە و گوێ لە خەڵك دەگرێت لە جیاتی قسە کردن بۆیان و پێی وتوومە ئامادەی تۆش بێی گوێ لە خەڵك بگریت؟ منیش وتوومە هەر کاتێك خەڵك کۆ بکەیتەوە من ئامادەم بێم گوێ لە قسەکانیان بگرم و وەڵامی پرسیارەکانیان بدەمەوە لە جیاتی ئەوەی قسەیان بۆ بکەم و ئەمە بیرۆکەیەکە، کاك عەلی لە هەولێر جێبەجێی کردووە، دەستخۆشی لێدەکەم و داوا لە من دەکات منیش بیری لێدەکەمەوە لە هەولێرو هەر شوێنێکی دیکە بیکەم.

ئێمە باس لە چاکسازی دەکەین، چاکسازی لە بیرکردنەوەیەکی چاکسازی لەکەسێکی چاکخوازەوە (صالح) دروست دەبێت، ئیتر دەبێت بیرۆکەیەك لە نێو کۆمەڵە کەسێکی موسڵیح و بزووتنەوەیەکی چاکسازی دروست بێت و مومکینە بیرۆکەیەکی چاکسازی لە کەسێکی نا ساڵحەوە دروست بێت، بەڵام مومکین نییە کەسێکی نا ساڵح ئیسڵاح بکات.

**گوڵان:** جەنابت زیاتر لە ٤٠ ساڵە لە ڕێبازی بارزانیدا خەباتت کردووە وەك پێشمەرگە و قوتابی و پەیڕەوی ڕێبازی بارزانی و هاوتەمەنی کاك ئیدریس و سەرۆك مسعود بارزانی و ئێستاش سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتیت، ئەگەر ڕێبازی بارزانی دابنێین بە ڕێبازی خەڵك و هەرچی کردووە بە قسە و ڕاوێژی خەڵکی کردووە، ئێستا سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان ئەم ڕێبازە چۆن پێناسە دەکات بۆ نەوەی تازە؟

**فازل میرانی:** ئەگەر بارزانی نەمر لە ژیان بوایە وەك چۆن ڕێبازی خۆی بە ئێمە نیشانداوەو ئێمە شوێنی کەوتووین دەیتوانی لە ئێمە باشتر نیشانی بدات، بەڵام دیسان لەوانەیە کەسانێك بە قسەکانی من برەنجێن، ئێمەمانان خۆمان

**نەئێمە هەموو شتێکی ئۆپۆزسیۆن وەردەگرین بە باشەکانیشیانەوەو ئەوانیش هەموو شتێکی ئێمە بە ڕەش دەبینن. ئەمە لە کۆمەڵگایەکی پێگەیشتوودا کە حزبی سیاسی تێگەیشتوو و پێگەیشتووی هەیە فەرهەنگێکی مەقبول نییە**

وەکو دەستمان پێکردووە، بەو ڕێبازەوە پابەند نەبووین، بۆ نموونە کەسێکی موسڵمان لە سەردەمێکدا لە یەکێك لە فەرزەکانی ئایینی ئیسلام دووردەکەوێتەوە یان لە کاتی سەفەردا قەصر و جەمع دەکات، خەڵکانێك تەماشای ئێمەی نەوەی کۆنی پەیڕەوانی ڕێبازی بارزانی دەکات و دەبینە نموونەیەکی سلبی بۆ ڕێبازەکەی بارزانی و ئەوەی کە من دەیڵێم تەنیا وەفایە بۆ ڕێبازەکە، چونکە بە دیدی من ئەو ڕێبازە خەڵکێکی کۆ کردەوە، ڕێبازی چۆك دانان بۆ خەڵك و دادپەروەری و وەکو خەڵك ژیانە، لە بادینانەوە تفەنگ هەڵگرە بۆ پێنجوین و قەرەداغ و شەڕی تورکیا و عێراق بکە و ڕوو لە ڕووسیا بکە و بگەڕێوە جارێکی دیکە حزب و ڕێکخستنەکان دروست بکەوەو شۆڕش بەرپا بکەوە سەرەڕای ئەمەش ڕۆژێك لە ڕۆژان نەیوتووە من سەرۆکی حزبم و بە خەڵکیشی نەوتووە ببە بە پارتی، بەڵکو دەیوت کوردی باش پارتییە و هەموومان دەبێ کوردی باش بین باسی لە مەزڵومییەتی کورد دەکرد، نەیدەوت مەزلومییەتی پارتی، تفەنگەکەی برنۆ بووەو جلوبەرگی وەکو هی خەڵك بووەو خواردنیشی هەر لەگەڵ خەڵك بووە، ئەمە دەروێشی پەیدا کرد نەك تەنیا پەیڕەو، هەندێك لەم دەروێشانە ئێستاش ماون، بەڵام ژمارەیان کەمەو زۆرینەیان لەو پێناوەدا شەهید بوون بەتایبەتی ئەو نەوەیەی یاوەری بوون بۆ یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو کە لەو ٥٠٠ کەسە تەنیا ٤٣یان لە ژیاندا ماون، لە بواری کوردایەتیدا کادیر و ئەندامانی حزب پەیڕەوانی ئەم هێڵەن، بەڵام ئەم هێڵە تەنیا کوردایەتی نەبووە بەڵکو لۆژیکێك بووە، لە بیرکاری لۆژیکێك هەیە بۆ بیردۆز دواتر دێ شیدەکاتەوە، لە لۆژیکەکە ئێمە هەموومان پەیڕەوانی ئەم ڕێبازەین، بەڵام ئەگەر بێین بیردۆزەکە شیبکەینەوە بەرەو خوارەوە بچین ئێمە ناگەینە ئەو ئەنجامە نەگۆڕەی لە بیرکاریدا هەیە، ئەمەش داخێکی گەورەیە و یەکێکە لەو گرفتانەی کە کەسانێك لێکدانەوەی هەڵەو جیاواز بۆ ڕێبازەکە دەکەن، بەشێکی هەر لە سەرەتاوە دژی بووەو بە هەر هۆکارێك بوو بێت کە هۆکارەکان زۆرن، بەشێکی لەگەڵی بووەو لێی دابڕاوە، بەشێکیش لێی تێنەگەیشتووەو ئێستاش تێینەگەیشتووە و ئەمەش هەڵەی ڕێبازەکە نییە بەڵکو هەڵەی ئەوانەیە کە ڕێبازەکە شیدەکەنەوەونەیانتوانیوە قەناعەت بە خەڵکێك بهێنن و پێیان بڵێن بەڵێ ئەمەیە جەوهەری ڕێبازەکە، یەکێك دەڵێت (س) یەکسانە بە یەك و یەك دەڵێت(س) یەکسانە بە دوو، ئەمە گرفتەکەی ڕێبازی بارزانییە لەبەر ئەوە ڕێبازی بارزانی نەمر لۆژیکێکی یەکجار گەورەیە، بەڵام لە شیکردنەوەیدا ئەنجامی جیاوازی هەیە، هەر ئەمەشە گرفتی ئەم ڕێبازە، ئەگینا ڕێبازی بارزانی لە جەوهەری مرۆڤایەتی و نەتەوەیی و خۆراگری و دادپەروەری کۆمەڵایەتییەوە ڕێبازێکی یەکجار پیرۆزە، لە سەرکردایەتی کردنی بارزانیدا لە شۆڕشی ئەیلوول کاروانچی و بازرگانەکان لە زاخۆوە دەهاتن بۆ ئێران و دەچوونەوە چەکیان پێ نەبوو ......

ئەگەر ئۆتۆمبێلێك لەگەڵی عەلی بەگ لێ تێك دەچوو، دەهاتیە هەولێرو فیتەرت دەبردو

**جەنابی مام جەلالیش سوورە لەسەر ئەوەی پشتگیری ئەم حکومەتە بکات ئەمە بەو مانایە نایەت پشتگیری حکومەتەکانی ترمان نەکردووە. بەڵام ئەم حکومەتە لە هەلومەرجێکی سیاسی جیاواز لە ناوەوەو عێراق و دەرەوە دادەمەزرێت**

**بۆچی بۆ هەموو دنیا ئازادی ڕادەربڕین هەبێت بۆ فازل میرانی نەبێت؟ من لەم کۆمەڵگایە نیم، منیش مرۆڤێك نیم، ئەمە ڕای منە پێتناخۆشە، بەڵام ناکرێ پێشوەختە پێم بڵێی تۆ مافی ئەوەت نییە ڕای خۆت دەربڕیت**

دەتدیت ئۆتۆمبێلەکەت وەکو خۆیەتی، بەڵام ئێستا بەو هەموو ئەمن و ئاسایشەو هێز و پۆلیسی هاتوچۆیە ئەگەر ئۆتۆمبێلەکەت لە ڕێگای نێوان هەولێرو سەڵاحەدین ڕابگریت تا دەگەڕێیتەوە دەبینی جامی ئۆتۆمبێلەکەتیان شکاندوە تایەی سپێرەکەی پێوە نەماوە، کەواتە پەیڕەوانی ڕێبازەکە جاران مولتەزیمتربوون و ڕێبازەکە بڵاوتربوو، بەڕاو بۆچوونی من ڕێبازی بارزانی ئەگەر شرۆڤەی بکەینەوە ئەبێتەوە سەرچاوەیەکی ئیلهامبەخش بۆ شانازی کردن بەنەتەوایەتی کورد هەستکردن بەستەم و بەرەنگاربوونەوەی ستەم و وەدیهێنانی دادپەروەری ناو کۆمەڵگاو پێکەوە ژیانی نەتەوەیی ئایینی و ئاینزاکان، هەمووی ئیلهام بەخشن و لە چوارچێوە و لە سەرچاوەکەیەوە کە لە ڕێبازی بارزانیدایە دێت .

**گوڵان:** ئێستا ئێمە چۆن ئەو ڕێبازە بکەینەوە بە سەرچاوەیەك کە نەوەی نوێ ئیشی لەسەر بکات، جەنابت فەرمووت ڕێبازی بارزانی بریتییە لە سێ شت: دادپەروەری کۆمەڵایەتی و یەکریزی و ئینتیما، چۆن ئەمە خوێندنەوەیەکی بۆ بکەین بۆ ئەوەی ئەو ئیرادەی خێرە زیندوو بکەینەوە؟

**فازڵ میرانی:** قورئان شتێکی پیرۆزە، خوێندنەوەی قورئان خۆشە، بەس من قورئان بخوێنمەوە و مەلا کاوە قورئان بخوێنێتەوە کامەی خۆشترە؟ دەنگی مەلا کاوە خۆشترە، کەواتە ئەو ڕێبازە دەنگ خۆشێکی دەوێت.

**گوڵان:** با بێینە سەر بابەتی کابینەکەی نێچیرڤان بارزانی کە جەنابتان یەکێك بوون لەوانەی کە لێدوانی وردت لەسەردا و باسی ئەوەت کرد کە دەبێت حکومەتەکەی نێچیرڤان بارزانی حکومەتی خەڵك بێت، جەنابت وەکو سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان مەبەستت لە حکومەتی خەڵك چییە ؟

**فازڵ میرانی:** پێشەکی حکومەت، حکومەتی نێچیرڤان نییەو حکومەتی دکتۆر بەرهەمیش نییەو حکومەتی پارتی و یەکێتیش نییە، بەڵکە ئیدارە هی ئەوانە، حکومەت هی میللەتە و حکومەت هی هەرێمی کوردستانە، لە ئەمریکاش دەڵێن ئیدارەی بۆش و ئیدارەی ئۆباما نالێن حکومەتی بۆش یا ئۆباما، کە دکتۆر بەرهەم ڕۆیشت خۆ حکومەتەکەی لەگەڵ خۆی نەبرد، یا لە کابینەی پێنجەم کە کاك نێچیرڤان ڕۆیشت خۆ حکومەتەکەی لەگەڵ خۆی نەبرد، بۆ نەیبرد چونکە حکومەتەکە هی ئەو نییەو هی هەموو میللەتەو هی ئەم کوردستانەیە، پێمخۆشە ئەو دەستەواژەیەو ئەوە تێگەیشتنە لە ڕاگەیاندنی ئێمە وا باس نەکرێت و بەو قسەیەی من هەندێك لە برادەرانی یەکێتی بە هەڵە تەفسیریان کردو وتیان ئەدی حکومەتی پێشتر، وتم حکومەتی کابینەی پێنجەمیش هی میللەت نەبووەو کابینەی شەشەمیش هی میللەت نەبووەو بۆ ئەم حکومەتە هەوڵدەین کە هی میللەت بێت، ڕوانینی من بۆ حکومەتی میللەت ئەوەیە بەشێوەیەکی فراوان نوێنەری خەڵك لەم حکومەتە دابنرێت و ئەمڕۆ نوێنەری خەڵك زۆربەی هەرەزۆری پارتە سیاسییەکانە، جگە لە نەتەوەکانی کلدان و ئاشوری و تورکمان

**هەمووتان پێتان باش بوو نێچیرڤان بارزانی سەرۆکایەتی حکومەت بکات، کەواتە وەرن با پشتیوانی لێ بکەین و هەموومان لەو حکومەتە بەشدار بین، بۆ ئەوەی یەکریزی خۆمان لە بەرامبەر عێراق و دەوروبەر و ڕووداوەکانی ناوچەکە بپارێزین**

و ئاین و ئاینزاکانی کە هەنە، بەس پارتەکانی تر تەیاری ئیسلامی و چەند حزبێکی ترن و تا ئەو پارتانە لەو حکومەتە بەشداربن بنکەی ئەو حکومەتە لەناو میللەتدا فراوانتر دەبێت، بەڵێ کابینەی پێنجەم لە شەشەم نزیکتربوو حکومەتی هاووڵاتی بوو، چونکە یەکگرتوو کۆمەڵی ئیسلامیش لە حکومەتەکەدا بەشداربوون، ئەوەندەو سەدی ئەوەندە دەنگیان هەیە، واتە ئەمە ڕێژەیەکی ئەو میللەتەیە لە ناو حکومەتدا بەشدارن، کەواتە تا ئەو حزبانە بەشداربن لە حکومەت تا بنکەی فراوانی هەبێت لە میللەت نزیکترەو میللەتی بێ حزبیش نییە وەکو لیبیا بڵێت حوکم حوکمی جەماوەرییە، نەخێر، ئەوە ڕوانینی منەو ئێستاش من دەیڵێمەوە ئەو حکومەتەی دەبێتە حکومەتی هاووڵاتی، یەکەم بەرژەوەندییەکانی هاووڵاتی دابین بکات و خواستەکان و مەرجەکانی بپارێزێت، دادپەروەری ئەوەیە بەرنامەی خزمەتگوزاریی جێبەجێ بکات کە ئەویش ئەمانەن: یەکەم ئاسایشی خەڵك بپارێزێت کە ئاسایشی ناوخۆو دەرەوەیە، دووەم: بژێوی خەڵکە، و خواش دەفەرموێت ( لایلاف قريش ايلافهم رحله الشتاء و الصيف فليعبدو رب هذا البيت الذى أطعمهم من جوع وأمنهم من خوف) تەماشا بکە دوو شتی سەرەکیین کە ئیمانی پێ دێنێت، ئیمان بەکێ دێنێت، ئیمان بەوە دێنێت کە ترسی لە ناو بردووە و ژیانی دابینکردووە و (اطعمهم من جوع) ئەوە ئەمڕۆ ئەوەنییە تەنیا نانی بۆ دابین بکەیت، بەڵکو ئەمڕۆ ئەوە نان و دەرمانەو خوێندنەو ڕێگاوبانەو فرۆکەخانەیەو بیمەیەو کشتوکاڵەو خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتییەو نەهێشتنی گەندەڵی و بێکارییەو . تاد، ئەمە هەمووی لە دەرگای بژێوی ژیانی مرۆڤەوە دێت و هەر هەمووی لە کارو ئیش و گرنگیەکانی ئەو حکومەتەیە، ئەگەر تەماشا بکەین هەر هەموو ئەوانە لە بەرنامەی هەڵبژاردنی لیستی هاوپەیمانی کوردستانی هەیە، من دەڵێم بەو شێوەیە ئەو کابینەی حەوتەم کە کاك نێچیرڤان سەرۆکایەتی دەکاتەوە دەبێت پرۆژەیەکی نیشتمانی هەبێت و ئەو پرۆژەی نیشتمانی بکاتەوە بە بەرنامەی حکومەتەکەدا، پرۆژەی نیشتمانی پرۆژەی چاکسازی ئۆپۆزسیۆنەو پرۆژەی پارتی و یەکێتییەو پرۆژەی پەرلەمانی کوردستانەو خواست و گلەییەکانی خەڵکە، ئەمانە هەمووی لێك بداتەوەو بەرنامەیەك و پرۆژەیەکی نیشتمانی لێ دروست بکاتەوە، بەڵام یەکێك لە ئەولەویاتی پرۆژەی نیشتمانی ئاشتبوونەوەیەکی نیشتیمانیمان پێویستە، ئەگەر برایانی ئۆپۆزسیۆن بێنە ناو حکومەتەوە، ئەمە دەرگایەکی گەورەیە بۆ ئاشتبوونەوەی نیشتمانی و مرۆڤ بێ ئومێد ناژییێت، بەڵام کاتێك نەهاتن من لەگەڵ ئەوەدام تا ئاستی مومکینە دەست و سینگمان لەگەڵیان کراوەبێت بۆ ئەوەی ئەو ئەزموونە بپارێزین، بۆ؟ چونکە دوێنێ خاڵێکی جیاوازی سەرەکی لە نێوان ئێمەو برایانی ئۆپۆزسیۆن هەبووە کە پێمان دەوتن هەرەشەیەکی ناوەوە هەرێمیی هەیە لەسەر ئەو ئەزموونە، دەیانوت نەخێر شتی وانییە، ئەوە بیانووە بۆ بەردەوامبوونی گەندەڵی و حکومڕانی

**ئەگەر دەمانەوێت ئەم ئەزموونە بمێنێت کەواتە دەبێ باس لە چاکەو ڕاستییەکان بکەین، بەڵام کەموکوڕییەکانیش بخەینە پاڵ بۆ ئەوەی هەر هیچ نەبێت خەڵکانێك بڕوامان پێ بکات**

خۆیان، بەڵام كــە ڕووداوەكانی عیراق ڕوویداو ڕووداوەكانـــی مەرزی ئێـــران و توركیا ڕوویداو ئەمەی ئێستا لە ســـوریا ڕوو دەدات، هەستیان كرد كە مەترســـییەك لەسەر ئەزموونەكە هەیەو جێگای خۆشحاڵیە ئێســـتا هەموویان لە بەغدا وەكو تیمێك ئیش دەكەن، ئەگەر گوێتان لێ بوایە لە چاوپێكەوتنەكەی مامۆستا عەلی باپیر، ئەو ڕۆژە لەكەناڵی پەیـــام ئەڵێت ئێمە ناچارین بۆ پاراستنی ئەو ئەزموونە وەكو یەك تیم لە بەغدا ئیش بكەین و ئێستاش یەكێك لە ئەركەكانی ئەم حكومەتە ئەوەیە بەتایبەتی كاك نێچیرڤان تیمێك یا هەیئەتێكی دانووســـاندن و مفاوەزات و بڕیار وەرگرتـــن بەرامبەر كێشـــەو گرفتەكانی ئێمەو عیراق دروست بكات و لەم تیمەدا ئۆپۆزسیۆنیش بەشدار بێت و ئەحزابەكانی ترو حكومەتیش تێیدا بەشداربن و قەراری ئەوان بێت، چونكە ناوەوەی كوردستان بەهێزبێت ئەوە لە دەرەوەش بەهێز دەبین و ئەمەیە پڕۆژەی نیشتمانی، بەڵام ئەگەر هاتوو برایانی ئۆپۆزســـیۆن نەهاتنـــە ناو حكومەت و

> **چاكسازی لە بیركردنەوەیەكی چاكخوازەوە دروست دەبێت. مومكینە بیرۆكەیەكی چاكسازی لە كەسێكی نا ساڵحەوە درووست بێت. بەڵام مومكین نییە كەسێكی نا ساڵح ئیسلاح بكات**

ئەوان دەڵێن ئەو سیستەمەی حكومەت بگۆڕین و خۆمان حوكم بەدەســـت بگرین، خۆ نێچیرڤان ناتوانێت ئەمە بكاتە پڕۆژەی حكومەتی خۆی و بڵێت با ئێمە بڕۆین و بۆ ئەوەی ئۆپۆزســـیۆن بێتە جێگای ئێمە، نەخێر شـــتی وانییە، بەڵكو هەڵبـــژاردن دەبێـــت و بڕیـــار لەوێیـــە، بەڵام ئەوەی تر چاكســـازییەو نەهێشتنی بێكاری و بەرەنگاربوونـــەوەی گەندەڵییـــەو دامەزراندنی مفەوەزییەكی سەربەخۆی هەڵبژاردنە و نەزاهەت و چاودێری داراییە. . . تاد، بەڕای من ئەمانە هەموو قابیلی قبوڵەو ئەمانە هەموو بەرنامەی و پـــڕۆژەی حكومەتە، ئەوســـا ئەگەر برایانی ئۆپۆزســـیۆن هاتنە ناو حكومەت باشە، ئەگەر نەهاتیشـــن، نابێت دژایەتی دروشمی ئێمەیان تا كۆتایی هەڵگرتبێت، نابێت ئێمەو ئۆپۆزســـیۆن تەنیا شەڕ بكەین، نەخێر من و ئەو هەردووكمان كوردین و خەڵكی ئەو كوردســـتانەین بۆ لەگەڵ یەكتر دانەنیشـــین با ئـــەو ڕای خۆی بدات و منیـــش ڕای خۆم بـــدەم و مەرج نییـــە تەنیا

مرۆڤ یەكتر بكوژێت، یا شەڕی یەكتر بكات یا چاو لەیەكتر ســـۆربكەنەوە، لە دنیاشدا هەر وایە حزبی دیموكرات و كۆمارییەكان كە دەچنە ناو هەڵبژاردنەكانەوە، یەكێك دەدۆڕێت و یەكێك دەیباتەوە و ناچن شـــەڕی یەكتر بكەن، بەڵكو پیرۆزبایـــی لەیەكتر دەكـــەن و ئێمە كە باس لە ئەزموونـــی ئەو وڵاتانە دەكەیـــن یەكێك لەمانە ئەوەیە با ســـوودی لێ وەربگرین و یەكتر قبوڵ بكەین ئـــەوەی لە هەڵبژاردنەكان بردیەوە ئەوەی تر با پیرۆزبایی لێ بكات، بەڵام بڵێیت ئێســـتا ئێمـــە حكومەتێكی ئینتیقالیمان دەوێت، بۆچی بووە حكومەتی ئینتیقالـــی دابمەزرێنین؟ خۆ دنیا خراپ نەبووەو ئەو وڵاتە تووشی كارەساتێك نەبووە، خوا نەخواستە یا ئەو حكومەتە فەشەلێكی هێناوە لە مەســـەلەیەكی سیاسی دیاریكراو یا ئێمە لە قەیرانێك داین، بەدیدی تۆ قەیران هەیە بەدیدی من قەیران نییە، وەرە من و تۆ تەفاهوم بكەین بۆچی حكومەتی ئینتیقالی، نەخێر وەرە لە حكومەت بەشداربە یا تۆ ئۆپۆزسیۆن بە من لـــە حكومەت دەبم تا ماوەی حكومەتەكە تەواو دەبێت و هەر كاتێك خوانەخواستە بارودۆخێك یا قەیرانێك دروست بوو ئەو كاتە جەنابی سەرۆكی هەرێمی كوردستان بۆی هەیە داوا لە پەرلەمان بكات كە هەڵبژاردنێكی پێشوەخت ئەنجام بدرێت و ئێمـــە داوای هەڵبژاردنی پێشـــوەختمان كرد، بەڵام برایانی ئۆپۆزسیۆن رازی نەبوون، كەواتە ئێمە ناكرێت دوور بە دوور حوكم لەیەكتر بكەین، بەڵكـــو دەبێت هەر دابنیشـــین لەگەڵ یەكتر و گفتوگـــۆ بكەین و دەبێت گوێ لەو قســـانەش بگرم كە من پێشـــمخۆش نییـــەو ئەویش دەبێت گوێ لە من بگرێت ئەگەر پێشیخۆش نەبێت و پێی موقنیعیش نەبێت لە دەرئەنجامی دانیشتن و گفتوگۆكـــەدا من دڵنیـــام خاڵی هاوبەش لە نێوانمـــان زۆرترە كەواتە هاوبەشـــەكان دەكەینە بەرنامـــەی كارو خاڵە جیاوازەكان ناكەینە بنەما بۆ لەیەكتر جیابوون یا ســـەنگەر لەیەكترگرتن، بەڵكـــو خاڵـــە جیـــاوازەكان دەبێتـــە بنەمای بەردەوامبوونی دانیشتنەكان تا قەناعات بەیەكتر دەهێنین، ئەگەر ئێمە ئەو مەبدەئە پەیڕەو بكەین ئاسایشـــی میللەتی ئێمە لەوێدایە، لە دەرەوەی هەرێم یەكڕیزبین و لە ناوەوە یەكتر قبوڵ بكەین سەرەڕای ئەو جیاوازییەی كە لە نێوانماندایە.

**گوڵان:** لایەنێكی تر كـــە ئەویش هەر ڕەخنەیە لەســـەر پارتی دەڵێن پارتی بەڕەخنە هەڵدەچێت و خەڵكـــی تـــر ڕەخنەی لـــێ دەگیرێت بەڵام وەكو پارتی هەڵناچێت بـــۆ نموونە لەم ماوەی دواییـــدا بینیمان كۆمەڵێك ڕوونكردنەوە دەدەن و هەر هەواڵێك بڵاو دەبێتەوە ئێوە وەڵامی دەدەنەوە یا پەنا بۆ یاســـا دەبن، ئایا ناكرێت تۆزێك لەو لایەنەشەوە وەكو هەر وڵاتێكی تری دیموكراتی خەڵك ڕەخنەی خۆی بگرێت؟

**فازڵ میرانی:** بە تێڕوانینـــی من پەنابردنەبەر دادگا لەســـەر ڕەخنە نییە، پەنابردن بۆ دادگا لەســـەر تانـــەو ناوزڕاندنە، چونكە دوو شـــت هەیـــە، تانـــەو ناوزڕاندن هەیـــەو ڕەخنە هەیە، ڕەخنە تانەو ناوزڕاندن نییـــە، ڕەخنە ڕەخنەیە، بـــۆ نموونە یەكێك بە مـــن دەڵێت ئەدای حزبی تۆ ئەدایەكی باش نییـــە یا دەڵێت كوردیەكەی تۆ مەفهوم نییـــە ئەوانە ڕەخنەیە، بەڵام یەكێك دەڵێت ســـەری خۆی بۆیاغ دەكاتەوە و یەكێكی تـــر دەڵێت ژنێكـــت هێناوە و ٢٠ســـاڵ لەخۆت بچوكترە، باشـــە تۆ پێوەندیـــت بەمنەوە چییە، چونكە ئەوانە مەسائیلی شەخسییەو من دەپرسم ئەوانـــە ڕەخنەن یا من بە تـــۆ بڵێم لوتت خوارە و بڕۆ نەشـــتەرگەریەكی بۆ بكـــە، كاكە خوا وا منی دروســـت كـــردووە چ پێوەندی بە تۆوە هەیە، لێرەدا ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنووسی هەق بەخۆی دەدات، بەڵام لەســـەر حیسابی خەڵكی تر، كێشـــەو گرفتی ئێوەی ڕۆژنامەنووســـان و ڕاگەیاندن بۆیاغ كردنەوەی ســـەری من و كاك كۆســـرەتە یا ژن هێنانی من و خەڵكێكی ترە،

> **كێشەی هەرێمی كوردستان لەگەڵ بەغدا هەیەو هەر دەمێنێت. كاتێك كێشەكانی نێوان هەرێم و حكومەتی ناوەندی چارەسەر دەبن كە حوكمڕانەكانی بەغدا لەناوچوارچێوەی بیری شۆڤێنی و قبوڵنەكردنی خەڵكی تر دەربازی بێت**

نەخێـــر، ئەگەر كارێكی خراپمـــان كردووە و لە ترافیكی ســـوورمانداوە، گلەییمان لێ بكەن یا لەیەكێكمانـــداوەو ڕانەوەســـتاوین هەقی خۆتانە گلەیی بكەن، یا خانوومان لەیەكێك داگیركردووە ڕەخنەمان لێ بگرن، یا قۆنتەراتێكمان گرتووەو بەشـــدارنەبووین لە تەندەرو بۆمان دەرچووە ئەوە هەقـــی خۆتانە گلەیی بكـــەن و ڕەخنەمان لێ بگرن یا حزبەكەمان بەرنامەیەكی نادروســـتی هەیە سیاسیەن و سازشـــمان لەگەڵ ئەو وڵاتە كردووە ئەوە هەقـــی خۆتانە ڕەخنە بگرن، بەڵام مەسائیلی شەخسی لە هیچ وڵاتێكی دنیا ئەمە نییە، بەڵێ دەڵێن مەنتوقێك هەیە دەڵێت مەسئول مولكی خۆی نییە، بەڵێ مەسئول مولكی خۆی نییە وەكو ئەدا، بەڵام وەكو جەستە ئەوە جەستەی من مولكی خەڵك نییە، جەستەی خۆم مولكی منەو خوا چۆنی بەمنی دابێت ئەو هەقی بەمن چییـــەو ئەو دەتوانێت گلەیی لەخوا بكاتەوە، بۆ گلەیی لەمن دەكاتەوە.

**گوڵان:** ئێســـتا لەم قۆناغە مێژووییەدا ئەركی

بنیاتنانی کۆمەڵگایەکتان لەسەرشانە ئەوجا بەشێکی دەکەویتە سەر پارتی و بەشێکی تری لەسەر یەکێتی و بەشێکی لەسەر حزبەکانی تر، باشە خۆ میدیاش وەکو دەزگایەك لەدەزگاکانی تری کۆمەڵگا ناکاملە و وەکو ئەزموونێکی نوێیە، ئایا ئێوە بەرنامەیەکتان هەبووە میدیا بەرەو دامەزراوەیی و کاملبوون بەرن؟

**فازڵ میرانی:** میدیای ئێمە ئەوەی حزبیە هیچ گوناهبار نییە، ئێمەی سیاسیەکان گوناهبارین، چونکە ئێمە میدیا دروست دەکەین، میدیا ئێمە دروست ناکات، بەڵام ئەو گلەییەی لەو میدیا حزبیە دەکرێت کە خۆیان بە میدیای بێلایەن دەزانن، من باسی ئەو میدیا ئازادە دەکەم با یەك ڕۆژ بێت و بڵێت شتێکی باش لەم وڵاتەی ئێمە هەیە، لەهەمووشی گرنگتر پوچەڵکردنەوەی ئەو ئەزموونە و پوچەڵکردنەوەی ڕابردووی ئێمەیە، کە ئەمە سەرمایەیەکە، کێشە نییە ئەگەر تێیدا نەژیاون، بەڵام من دڵنیام تا ئەو ئاستە تێگەیشتوونە کە لە ڕابردوو چی کراوە، هیچ نەبێت لە ڕووی نەتەوایەتییەوە، باشە خەتێك بەسەر هەموو ئەمە بکێشن و بڵێن ئەوەی من دەیڵێم ئەوە ڕاستە، باشە کێ دەڵێت تۆ ڕاستی کێ دەڵێت تۆ پاکی، بەقەد ئەوانەی ڕابردوویان هێناوەتە ئێرە . تەماشا بکە هەموو مافێك بەخۆیان دەدەن ئەوان تەزکیەی خەڵك بکەن ئەمە نیشتمانپەروەرە، ئەمە پێشکەوتنە، ئەمە دیموکراتیە، هەمان کاتیش ئەو مافە بەخۆی دەدات ئەوە نەزانە و گەندەڵە .. تاد، کێ ئەو مافەی بەوان داوە، ئایا ئەوان بەرانبەر بەوەی کە هەندێك بەمشێوەیە ڕەفتاریان لەگەڵ بکات خەڵك ئەو قسانەیان پێ بڵێت، پێیان خۆشە؟ ڕۆژێك مێزگردێکی کاك نیاز لاجانیم بینی وتی سیاسیەکان گرژی میدیاکان دروست دەکەن، لەناو چوار دیوار دادەنیشن و بریار دەدەن، ئێمە دێین ئەو بریارە نیشان دەدەینەوە، ئەمە گوناهی ئێمە نییە، ئێمە ئینتیمامان هەیەو ڕاستیەکەش لەوەدایە، بەڵام ئەوانەی خۆیان بۆ هیچ لایەك

**کابینەی حەوتەم کە کاك نێچیرڤان سەرۆکایەتی دەکات دەبێت پرۆژەیەکی نیشتمانی هەبێت و ئەو پرۆژە نیشتمانیە بکات بە بەرنامەی حکومەتەکەی پرۆژەی نیشتمانی پرۆژەی چاکسازی ئۆپۆزسیۆنەو پرۆژەی پارتی و یەکێتییەو پرۆژەی پەرلەمانی کوردستانەو خواست و گلەییەکانی خەڵکە**

بەمونتەمی نازانن و خۆیان بەسەربەخۆ دەزانن تەنیاو تەنیا بەرامبەر بە ناشرینکردنی ئەزموونی کوردی و ناشرینکردنی میللەتی کورد و ناشرینکردنی قەیرانی سیاسی لەکوردستاندا و ناشرینکردنی حزبە کوردستانیەکان و ڕابردووی کوردو شۆڕشەکانی کورد تەنیا بۆ ئەوانە تەرخانکراون، ئەمەش نیشانەی پرسیارێکی بەقەبارەی شاخێك لەسەر دادەنرێت، ئەگەر لە ویژدانی خۆیان بپرسن شەوێ ئازاریان دەدات دەرهەق لەسەر ئەو بابەتانەی لەسەر کوردستانی دەنووسن، بەڵام بەبۆچوونی من ئەوە لە ناچارییە، ئەمەش داخێکی گەورەیە، پێمان باش بوو میدیایەکی ئازاد لەهەموو بوارێکی باش و خراپ قسە بکات، جارێکیش باسی خۆیان بکەن و بڵێن شتێکی وامان نووسی هەڵە بووین و داوای لێبووردن لە فلان کەس دەکەین، ناکرێت هەموو کەسێك بە هەڵە بزانیت و تەنیا خۆت بە ڕاست بزانی کە ئەگەری زۆر هەیە خۆی هەڵە بێت .

**گوڵان:** وا بڕیارە لە چەند ڕۆژی داهاتوو بەڕێز نێچیرڤان بارزانی ڕاسپێردرێت بۆ پێکهێنانی حکومەت، ڕاستە لە پێکهێنانی حکومەتەکەی جەنابی و جێگرەکەی ڕادەسپێردرێن و هەردوو مەکتەبی سیاسی پارتی و یەکێتی ڕۆڵیان دەبێت لە هەڵبژاردنی کابینەکەی، ئێمە پێمان خۆشە وەکو سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستان پێشبینیەکمان لەسەر شێوازی دامەزراندنی کابینەکەی پێ بڵێیت ؟

**فازڵ میرانی:** لە ڕێکەوتی ٢٠١٢/٢/٢کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسیمان هەبووە و بڕیارێکمان هەیە ئەگەر تا دوێنێ لە ٢٪ دەتەخولی کاروباری حکومەتمان هەبێت دەبێت نەمێنێت، ئەم حکومەتە حکومەتی چارەنووسسازە بۆیە ئێمە لە ٠,٥٪یش تەدەخولی ئەو حکومەتە ناکەین. بەهەموو لق و ناوچەو مەکتەبی سیاسیشەوە ئەم بڕیارە دراوە. هەروەها بڕیارمان داوە ئەوەی بەشی ئێمەیە کاك نێچیرڤان بارزانی خۆی وەزیرەکان هەڵبژێرێت، چونکە ئێمە دەبێت پێداویستی و بنەماکانی سەرکەوتنی ئەو حکومەتە دابین بکەین، هەمان داوامان لە برایانی یەکێتیش کردووە ئەوانیش هەمان بۆچوونیان هەیەو خودی جەنابی مام جەلالیش سووره لەسەر ئەوەی پشتگیری ئەم حکومەتە بکات ئەمە بەو مانایە نایەت پشتگیری حکومەتەکانی ترمان نەکردووە، بەڵام ئەم حکومەتە لە هەلومەرجێکی سیاسی ناوەوە عێراق و ئیقلیمی و دەرەوە دادەمەزرێت و جیاوازە لەگەڵ حکومەتەکانی تر و گرەنتی (مراهنە) ی لەسەر زۆرە گرەنتی خۆمان و هی ناحەزانی ناوخۆشمان .

**گوڵان:** بەرای بەڕێزت ئەم کابینەیە بەتەواوەتی دەگۆڕدرێت ؟

**فازڵ میرانی:** ئەو بڕیارە لەسەر بەڕێز نێچیرڤان بارزانی دەمێنێت، چونکە بڕیارمان داوە دەست لەکاروبارەکانی کابینە وەرنەدەین، هەربۆیە لەسەر پێکهاتەکە قسە ناکەین بۆ ئەوەی هیچ لێدوانێکی ئێمە دژی کردەوەی ئەو نەبێت، ئێمە تەنیا پێیان دەڵێین بەشوێن تواناکان بگەڕێن، سەبارەت بەئافرەتیش دەبێت ئافرەت لە پێکهاتەی کابینەکەدا بێت، بەڵام دەبێت ئافرەتی بەتوانا دابنرێت.

**گوڵان:** ئایا بەڕاو پێشبینی بەڕێزتان ڕێژەی ئافرەت لەکابینەی نوێ چەند دەبێت ؟

**فازڵ میرانی:** ڕای ئێمە جیاوازە، ڕەنگە لەناو سەرکردایەتی ئەم حزب و ئەو حزب، یەك ئافرەتی تێدا بێت، مامۆستا مەلامحەمەد لەسەرکردایەتی وتی پێویستە لە ٥٠٪ی ئافرەت بێت وەکو سارکۆزی، سارکۆزی ٧ وەزیری ئافرەتی هێنا کە لەبنەڕەتدا سێ بۆ چوار وەزیری بەرەگەز بیانی بوون و خەڵکی مەغریب و جەزائیرو باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا بوون، بەڵام من دەڵێم ئافرەت وەکو ئافرەت نەهێنین بەڵکو ئافرەت وەکو توانا و لێهاتوویی بۆ وەرگرتنی ئەو پۆستە، چونکە ئەو وەزیرە ئافرەتە وەزیری ئافرەت نییە، بۆ نموونە ئێستا خوشکە ئاسۆس نەجیب وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتیمان هەیە کە بەڕای من یەکێکە لە وەزیرە سەرکەوتووەکان، ئەمە ڕووی توانای ئافرەت لە ئەدای خۆی نیشان دەدات، هەر بۆیە ئەگەر یەك دوو ئافرەت هەبێت وەکو ئەم بەتوانا بن بۆچی یەك دوو ئافرەتی هاوشێوەی ئەم دانەنێین، هەربۆیە دانانی ئافرەت تەنیا وەکو ڕەگەزی ئافرەت لەناو حکومەت داو دوور لەئەداو تواناکانیەوە، ڕەنگە شکست بهێنێت شکستەکەشی کاریگەری تەنیا بۆخۆی نییە، تەنانەت ڕەنگە چەندین بیروبۆچوون لەسەر ئافرەت بگۆڕێت، ئێمە دەبێت ئافرەت لەبەرچاو بگرین و حساب بۆ ئەداو تواناکەی بکەین، چونکە ئەو ئافرەتەی دەبێتە وەزیر دەبێتە وەزیری میللەتێك نەك تەنیا وەزیری حزبێك، سەرکەوتنی وەزیرێکی ئافرەت لە

**ئاشتبوونەوەی نیشتمانی و یەك ڕیزی کورد بۆ دەرەوەی کوردستان و پاراستنی ئاسایش و ئارامی نێوخۆیی و پەیڕەوکردن لە پرۆژەکانی چاکسازی بۆ پرۆژەیەکی نیشتمانی لای نێچیرڤان بارزانی لە ڕیزبەندی پێشەوەی ئەرکەکانی حکومەت دێت**

حکومەتدا سـەنگی ئافرەت قورس دەکات لەناو دیدو بیروبۆچوونی کەسانێکەوە کە بەچاوێکی تر سەیری ئافرەت دەکەن .

**گوڵان:** جەنابت وەکو کەسێکی نزیك لە نێچیرڤان بارزانی و سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستان پێت وایـە ئەولەویەتی ئـەم کابینە نوێیە چی دەبێت؟

**فازڵ میرانـی:** من هەمـوو وردەکاریەکانم لا نییەو لەبەرپرسیارێتیش ناترسم، بەڵام باری خۆم قورس ناکەم، ئاشـتبوونەوەی نیشتمانی و یەك ڕیزی کورد بۆ دەرەوەی کوردسـتان و پاراستنی ئاسـایش و ئارامی نێوخۆیـی و پەیرەوکردن لە پرۆژەکانی چاکسازی بۆ پرۆژەیەکی نیشتمانی لای نێچیرڤان بارزانی لە ریزبەندی پێشـەوەی ئەرکەکانی حکومەت دێت، لەم ئەولەویاتانەشدا دەبێت هەموومان پشـتیوان بین و ئەمەش خاڵە هاوبەشەکانی کۆمەڵگای ئێمەیە بە ئۆپۆزسیۆن و ئیسلامی و دیموکرات و کاسۆلیکی و موسڵمان و یەزیدی و تورکمان و کلدو ئاشـوری، کە من پێی دەڵێم خاڵە هاوبەشەکانی مرۆڤایەتی .

**گوڵان:** حکومەتی هەرێمی کوردسـتان چەندین کێشـەو گرفتی لەگەڵ حکومەتی ناوەندی لە بەغدا هەیە ئێستاش حکومەتی عێراق تێکچووە، پێش تێکچوونەکەش جەنابت بە سـەرۆکایەتی شـاندێك چوویتـە بەغداو کۆبوونـەوەت کردو لەبارودۆخەکە ئاشـنا بوویت بەڵام نەگەیشتنە دەرئەنجامێکی ئەوتـۆ، حکومەتی هەرێم جگە لەیەکلاکردنـەوەی ئەم کێشـانە لەگەڵ بەغدا دەبێت هەرێمی کوردسـتان رۆڵـی ناوبژیوانیش لەنێوان شـیعەو سـونە ببینێت، ئایا ئەم واقیعە چۆن دەبینیت ؟

**فازڵ میرانی:** کێشەی هەرێمی کوردستان لەگەڵ بەغدا هەیەو هەر دەمێنێت، کاتێك کێشـەکانی نێوان هەرێم و حکومەتی ناوەندی چارەسەر دەبن کە حوکمڕانەکانی بەغدا لەناوچوارچێوەی بیری شۆڤێنی و قبوڵنەکردنی خەڵکی تر دەربازی بێت و مافی ئاسایی کورد بەکورد رەوا ببینێت، ئێستاش نیـوەی ئیدارەی بەغدا بڕوایـان بە فیدرالیەت نییە، لەگـەڵ خەڵکێك هاوبەشـین بڕوایان بە هاوبەشیەکەمان نییە، نەبوونی متمانەش لەنێوان پێکهاتە سیاسییەکان کێشەیەکی ترە، ئێمە وەکو شـاندێکی سیاسی چووین و زەمینەمان بۆ زۆر

> **ئێمە لە کۆڕەکان و کۆبوونەوەکانی حزبیدا گوێ لە خەڵك دەگرین و قسەیان بۆ ناکەین و پێم باشە لەمەودوا پەنەڵێك لە تەلەفزیۆنەکاندا بکرێتەوەو خەڵك قسە بکەن**

لە مەسەلەکان خۆش کردوو لەدوای ئەوە جەنابی سەرۆکی حکومەت بۆ دۆزینەوەی میکانیزمەکان و بەدواداچوونەکان رۆیشـتەوە بەغدا، تەنانەت هەندێـك رێکەوتنیش بوو کێشـەکانیش قابیلی چارەسـەر کردن بوون، بەڵام ئـەو بارودۆخەی بەسـەر خودی بەغدا هات کێشەکانی عێراقی گەورەتر کردو چووە قۆناغێکی مەترسـیدارەوەو هەروەشـە لەسەر سـەرجەم پرۆسەی سیاسی لە عێراق دا دروست بوو، ئالێرەدا کورد ناچارە رۆڵی خۆی ببینێت، لەلایەك کورد خەڵکی ئەم وڵاتەی عێراقە لەلایەکی تریشەوە ئێمە بەخێرخوازی بەم کارە هەڵناسـین هـەر ئەجێندایەکی کۆنگرەی نیشتمانی باس بکرێت دەبێت کێشەکانی کوردیش لەو ئەجێندایەدا هەبێت، پێمان باشـە ئەوەی لە بەغـدا حوکمڕانـی دەکات قەومچێتی نەکات و فیدراڵیـەت قبوڵ بکات و تێگەیشـتبێت کە فیدرالیەت یەکێکە لەچارەسـەرەکانی کێشـەی نەتەوەیـی کورد لـە عێراقدا، بەبـڕوای ئێمە فیدرالیەت چارەسـەرە بۆ کێشـەکانی ئێستاو داهاتووی عێراق، گرنگ نییە چی فیدرالیەتێکە، فیدرالیەتی هەرێمەکانە یا پارێزگاکانە، چونکە عێراق دەوڵەتی پێکهاتەکانی شیعەو سونەو کوردە نەك دەوڵەتی هاووڵاتی، هەموو ئەم پێکهاتانەش دەتوانن لە سیستەمێکی فیدراڵی مافی خۆیان مسۆگەر بکەن.

**گوڵان:** وەکو سیاسەتمەدارێك مەزندەو پێشبینی سـەرکەوتووت بۆ دواڕۆژ هەیە، لەم روانگەیەوە لێت دەپرسـم پێشـبینیت بۆ ئایندەی عێراق چییە؟

**فـازڵ میرانی:** بەهیوای ئەوەم ئایندەی عێراق بـاش بێت، بەڵام گەر بێتوو بەمشـێوەیە عێراق ئاراسـتە بکرێت وەك ئەوەی لێدێت کە ٤ ساڵ لەمەوبـەر پێمان وتن عێـراق دەبێتە ٣ بەش کە بەسەر شیعەو سـوننەو کورد دابەش دەبێت، کە بەشـی کورد تەنیا بۆ کورد نییەو دەبێت لەگەڵ نەتەوەکانـی تریش بێت و هەرێمی کوردسـتان دەبێت فراوان بکرێت، دەبێت ئەو شـوێنانەی کە لەکوردستان دابڕێنراون بگەڕێنەوە سەر هەرێمەکە لەمەش دا دەبێت مافی تورکمان و ئاشورو کلدان دابین بکەین بـەو پێیەی ناوچـەی تێکەڵاوو هاوبەشمان لەگەڵ ئەوان هەیە، بۆ ئەو نەتەوانەش باشـترن لەگەڵ یەکدا بن لە هەرێمی کوردستان تاوەکو سـوود لە قەبارەی خۆیـان وەربگرن، بۆ نموونە برا تورکمانەکان لە هەرێمی کوردسـتان دەبنە نەتەوەی دووەم کە لە مافەکانی حوکمڕانی و جێگری سـەرۆکی هەرێم و جێگری سەرۆکی پەرلەمان و هەموو ئەو مافانەی ئێستا کورد لە بەغدا هەیەتی ئەوانیش لە هەرێمی کوردسـتان دەیان بێت و سوودمەند دەبن و ئەو مافەیان هەیەو کەس ناتوانێت لە دژیان بوەستێت.

**گوڵان:** دوا پرسـیارمان سـەبارەت بە گوتاری نەتەوەییـە وەك درێژەپێدەرێکی ڕێبازی بارزانی

> **ئەم وڵاتەی ئێمە لە گەڵی دەژین کە پێی دەڵێن عێراق خاوەنی عەقڵیەتێکی وەکو چیك و سلۆڤاکیا نین کە لەیەکتری دابڕان بە ئاشتی و دانیان بەمافەکانی یەکتردا نا. لەعێراق ئەمە نییە و بەبۆچوونی من ناشبێت ئەو عەقڵیەتە بۆ ئەوەی بگۆڕێت کاتی دەوێت**

کە بمانەوێت و نەمانەوێت هەڵگری گوتارێکی نەتەوەییە لە هەر چوار پارچەکەی کوردستانیش کوردی رۆژهـەڵات کوردی تورکیا و سـوریا خەڵکـی حزیان لێیە ناز بەسـەر پارتیدا بکەن واقیعەکەش دەبینین حەز دەکەین لەسەر گوتاری نەتەوەیـی پارتـی و گونجاندنـی لەگەڵ ئەم قۆناغە کە لەهەندێك حاڵەتدا پێویسـتە لەگەڵ سـەردەم بگونجێت بپرسـین چۆن ئـەم گوتارە نەتەوەییە درێژە پێدەدرێت ؟

**فازڵ میرانی:** وەکو ئەرك ئێمە هەڵگری خیتابی نەتەوەیین، بەڵام نەك خەڵكێك بڵێن ئەمە ئەنجام بدەن، ئەنجامدانی ئەرکـەکان خۆمان تەقدیری سات و کات و شوێنەکان دەکەین بۆ نموونە پێمان بڵێـن دەوڵەتی کوردی رابگەیەنن راسـتە ئەمە ئەرکی ئێمەیە بەڵام بەقسەی ئەم و ئەو ناکەین، ئێمە نابینە ئەلتەرناتیڤی حزبە سیاسـیەکان لە تورکیا بەهەمانشـێوە ئێمە نابینە بەدیلی حزبی دیموکراتی کوردستان لە ئێران و حزبەکانی تریش، ئێمە نابینە بەدیلی حزبە کوردیەکان لە سوریا ئێمە تەنیا دەتوانین خەمیان لێبخۆین و رێنیشـاندەر بین، چونکە رازی نین خەڵکێك خۆی بەبەدیلی ئێمە بزانێت ئێمەو ئەو حزبە سیاسـیانەی تر کە لە کوردستانی عێراقین پێمان باش نییە خەڵکێك لە جیاتی ئێمە بڕیار وەربگرێت. ئەم سـنوورانە ئێمە دروسـتمان نەکردووە بەڵام ئەم سنوورانەش بـە ئێمە لانادرێن ئەمە دیفاکتۆیە، بەبڕوای من ئومێدەکان شتێکەو توانای بەدیهێنانی ئومێدەکان شـتێکی ترە من لە سـاڵی ١٩٩١ دەڵێم ڤیان شتێکە ژیان شتێکە، ویسـتی مرۆڤ شتێکەو ئیمکانیاتی جێبەجێکردنی ئەو ویسـتە شتێکی دیکەیە، بەبڕوای من دیدی گوتاری نەتەوەیی بنەمایەکـی خۆڕاگری پارتی بووەو بەگوتاری نەتەوایەتی لە سـاڵی ١٩٧٥ ماینەوە ئێمە وەکو حزبێکی ئایدیۆلۆژیا لەساڵی ١٩٧٥ نەمابووین، زۆر لە حزبی ئایدیۆلۆژی لە نوشستیەکی وادا بوونە بەشـێك لە مێژوو، لەلایەکـی ترەوە ئەم گوتارە نەتەوەییە بـۆ ئەوەیە ئینتمای نەتەوەیی بۆ نەوەی نوێ بچەسپێنرێت، لەمانەش گرنگتر

دەبێــت گوتاری نەتەوەیی بمێنێت تا ئەو کاتەی کیانێکی نەتەوەیی بۆ کورد دروست دەبێت .

**گـــوڵان:** بەڕای تۆ ئەم کیانـــە نەتەوەییە کەی دروست دەبێت ئایا بەم نزیکانە دروست دەبێت ؟

**فازڵ میرانی:** بەڕای من ناتوانم بڵێم بەم نزیکانە کیانی نەتەوەیی دروســـت دەبێت، بەڵام خەون و خەیاڵ نییە، بەڵکو ئومێدو ئامانجێکی دواخراوە، کەس بەقەد مەلامســـتەفای نەمر نەیدەویســـت دەوڵەتی کوردی هەبێت، شـــێخ مەحمودو شـــێخ ســـەعیدی پیرانیش دەیانویست دەوڵەتی کوردی هەبێت، بۆیە مەلامســـتەفای نەمـــر دەوڵەتی کوردی رانەگەیاند، چونکە دەیزانی بارودۆخی خودیی و بابەتی گونجاوو ڕەخساو نییە، زۆرجار بەسەر سەرکردایەتی سیاسی بەتایبەتی لە پارتی و یەکێتی دا زۆرجار موزایەدەیان لەسەر دەکرێت بەڵام ئەو کاتەی لەشاخ بوون لەگەڵ ئێستادا کە بەرپرسیارێتی ٥ ملیۆن کەسیان لەسەر شانە زۆر جیاوازە، ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردی پێداویستی و خۆئامادەکردنی دەوێت، لەناوخۆی هەرێمەکەدا بەلانی کەمەوە ساڵێك پێویستیمان بەکەس نەبێت و هێزێکی سەربازیمان هەبێت بەرگریمان لێبکات لەکاتی هێرشکردنە سەرمان گەرچی تا رادەیەك لەم چەند ســـاڵەدا ئەزموونێکمـــان پەیدا کردووە بەکەموکوڕیەکەوە بەڵام خۆ دەبێت حســـابێ بۆ بارودۆخە ئیقلیمیەکە بکەین کە چواردەوری ئێمە دژی ئەو ویست و خوازەی ئێمەن، لەلایەکی ترەوە فاکتەرە ئیقلیمیەکان ئەم وڵاتەی ئێمە لە گەڵی دەژین کە پێی دەڵێن عێراق خاوەنی عەقڵیەتێکی وەکو چیك و سلۆڤاکیا نین کە لەیەکتری دابڕان بە ئاشـــتی و دانیان بەمافەکانـــی یەکتردا نا، لەعێراق ئەمە نییە و بەبۆچوونی من ناشـــبێت ئەو عەقڵیەتە بۆ ئەوەی بگۆڕێت کاتی دەوێت . خاڵێکی تر کە زۆر گرنگە فاکتەرە دەرەکیەکانە، دەوڵەتێك نییە سەربەخۆیی وەرگرتبێت و پێشوەخت یەك دوو دەوڵەتی بەهێزو پێشکەوتووی ئەندامی هەمیشـــەیی ئەنجومەنی ئاســـایش پاڵپشتیانی نەکردبێـــت و ئامادەیـــی دانپێدان و پاراســـتنی مســـۆگەر نەکردبێت تەنانەت یـــەك نموونەی پێچەوانەی ئەمەمان نییە، با باســـی باشووری ســـودان بکەین کە ئەمەریکاو میسر کونسوڵیەت و دیپلۆماســـیەتی خۆیان ئامادەکردبوو تەنانەت دانپێدانانەکە نووســـرابوو تەنیا بەروارو مێژوویان لەسەر نەنووســـیبوو، کاتێکیش باشووری سودان

**ڕێبازەکەی بارزانی ڕێبازی چۆك دانانە بۆ خەڵك و لە جەوهەری مرۆڤایەتی و نەتەوەیی و خۆراگری و دادپەروەری کۆمەڵایەتییەوە ڕێبازێکی یەکجار پیرۆزە**

دەوڵەتـــی خـــۆی ڕاگەیاند ڕاســـتەوخۆ دانیان بەو دەوڵەتە نوێیەدا نـــا، بەداخەوە ئەوانەی ئەو فاکتەرەیان بەدەستەوەیە بەرژەوەندیان لەم ناوچەیە هەیە لـــە وڵاتانی کەنداوو لەگـــەڵ عەرەب و لەگەڵ تورکیاو بگرە ئێرانیش هەیە، تەماشـــای سوریا بکە، دوو سێ ڕۆژە ئەنجومەنی ئاسایش دانیشتووە، ناتوانن بڕیارێك دەربهێنن لەبەر ئەوەی روســـیا بەرژەوەندی هەیە. کـــە بوو بەدەوڵەتیش ئەولەویات بۆ بەرژەوەندییەکانە، لەیەك شـــەودا ٢٠٠ کـــەس لە حمص و حەما شـــەهید بوون و ٥٠٠ ی تریـــش بریندارە کەچی بەرژەوەندییەکان ڕێگـــرە لەدەرکردنـــی بڕیارێکـــی ئەنجومەنی ئاسایش و روسیا بڕیارێکی ڕاگرتووە، کوشتنی خەڵکـــی بەلایانەوە گرنگ نییـــە، بەڵام بوونی پێگەیەکی ســـەربازی لە دەریای ناوەڕاست بۆ روســـیا گرنگترە، هەر بۆیە پێویستە فاکتەری بەرژەوەندییە نێودەوڵەتیەکان لەبەرچاو بگرین .

**گوڵان:** سوریا لەسەر گۆڕانەو باس لەوە دەکرێت بەشار ئەســـەدو خێزانەکەی مافی پەنابەرێتیان بدرێتێ، لەگەڵ نزیکبوونەوەی گۆڕانکارییەکان مافی کوردەکان کە ٢ ملیۆن کورد لە سوریا هەیە تا چەند زامنەو، ئێوە وەکـــو پارتی دیموکراتی کوردستان چی هەنگاوێك و ئامادەباشیتان هەیە مامەڵە لەگەڵ ئەو ڕووداوە بکەن ؟

**فـــازڵ میرانـــی:** لەســـەرکردایەتی پارتـــی دیموکراتی کوردســـتان و یەکێتی نیشـــتمانی کوردستان باســـمان کردووە و لەکۆبوونەوەکانی سەرۆکیشـــدا لەگەڵ حزبەکانـــی تریش، ئێمە دەستێوەردانی ئیشـــوکاری خەڵکی تر ناکەین، بەڵام ئێمە ناتوانین پاڵپشتی و هاوکاری لەگەڵ میللەتی خۆمـــان نەکەین، واتا لەگەڵ کوردی سوریا، پێویستیشە هەموو هاوکارییەکیان بکەین و ڕاوێژکاریمـــان لەگەڵ بکـــەن، عەرەب دەڵێت ئەگـــەر من بمەوێت تۆ بەقســـەی من بکەیت دەبێت شـــتێکت لێـــداوا بکەم کە پێـــت ئەنجام بدرێت، جوگرافیاو سروشتی سوریا جیاوازیەکی تەواوی هەیە لەگەڵ کوردســـتانی عێراق ئەوان ئێســـتا بڵێن ئێمە فیدرالیەتمان دەوێت ئەوە ئێمە لە ســـاڵی ١٩٩٢ ەوە فیدرالیەتمان ڕاگەیاندووە، لەکاتێکدا ئەمانەی ئێستا حوکمڕانی لە بەغدا دەکەن پەناهەندە بوونە لای ئێمە چوونەتە بەغدا لەدژمان ڕاوەستاون . کێشەی کوردی سوریا ئەو بنەماو ژێرخانەی ئێمەیان نییە، کێشەی کوردی ســـوریا بەدبەختانە کێشەیەکی ئاڵۆزو تێکەڵاوە، ئێمە جاران ئۆپۆزسیۆن لەگەڵ مافەکانی ئێمەدا بوون لە کۆنگرەی ســـەلاحەدین ڕێزی کوردیان دەگـــرت و لـــە هەڵبژاردنـــی فیدرالیەت بەڵام بەرێکـــردن بوو، چونکە ئـــەو ڕێزگرتنە ئەگەر ســـبەی بەهێزبوون ڕێزی ناگرن، ئۆپۆزسیۆنی ســـوریش عەقڵی کراوەتر نییـــە بەقەد عەقڵی ڕژێمی ســـوریا، ئەگەر ڕژێمی سوریا پشتێنەی عەرەبی دروســـتکردووە من بم لەکوردی سوریا

**پێمان باشە ئەوەی لە بەغدا حوکمڕانی دەکات قەومچێتی نەکات و فیدراڵیەت قبوڵ بکات. تێگەیشتبێت کە فیدراڵیەت یەکێکە لەچارەسەرەکانی کێشەی نەتەوەیی کورد لە عێراقدا**

پێی دەڵێم بڕیارێك دەربهێنە دەســـت لەسەر زەوی کورد هەڵگرە، کە ٦٠٠ هەزار دۆنم زەوی کوردی بردووە و ڕەگەزنامەی نەداوەتە کوردەکان لەکاتێکدا لەخاکی خۆیانن، پێویســـتە سیاسەتی تەعریب و تەبعیس ڕابگرێـــت دان بەمیللەتی کوردا بنێت وەکو میللەتی دووەم لەسوریا، نەك بڵێن کوردەکان بەشـــێکن لەپێکهاتەی کۆمەڵایەتی ســـوریا کە لەو پێکهاتەیە ئەرمەن و جولەکەو دورزی تێدایە بەقەبارەی خـــۆی تەنانەت عەلەویشـــی وەکو کەمینەیـــەك تێدایە ئایا ئەمـــە بەو مانایە دێت کە بەشـــێکن لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی سوریا؟ ئێمە لەســـاڵی ١٩٨٦ لەتەهران لـــە کۆنگرەی ســـەرکەوتنی میللەتـــی عێراقـــی بووین حزبە ئیســـلامیەکان بە ئێمەیان دەوت برا کوردەکانمان بەرەحمەت بێت محەمەد مەهدی شەمســـەدین هەبوو کە سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای شیعە بوو لەلوبنان وتی :( پێم سەیرە ئێوە لە ئۆپۆزسیۆنن و هەمووتان لە تەهرانن شۆڕش و میللەتێك هەیە پێـــی دەڵێن کورد ئێوە کە ناڵێـــن نەتەوەی کورد قەیدی ناکات جارێ نەگەیشـــتوونەتە ئەو پلەیە بەڵام هەر نەبێ بڵێن گەلی کورد، برا کوردەکان لە قەفقاز هاتوون و کۆچڕەون بەراســـتی بۆ ئەم بەکەمزانینە زۆرم پێ سەیرە..)، هەربۆیە بەشێك لە پێکهاتەی ســـوریا هیچ مانایەك ناگەیەنێت، پێویســـتە دانبنرێت بەنەتەوەی کـــورد و نەورۆز بکرێتە بۆنەو ئاهەنگێکـــی نەتەوەیی و زمانی کوردی رەسمی بێت و کوردێك لەبری عەرەبێکی بەعسی لە حەســـەکە بکرێتە پارێزگار، کێشەکە لێرەدایە نە ئۆپۆزسیۆن داندەنێت بەم مافەی کوردا نـــە حکومەتیش رازییە بـــە پێدانی ئەو مافەی کـــورد ئەمـــە لەکاتێکدا کورد لە ئۆپۆزســـیۆن کۆنترە و ٥٠ ســـاڵە کوردی سوریا ئۆپۆزسیۆنە، کورد پێی خۆشـــە ڕژێمی سوریا بگۆڕێت بەڵام پێویستە بزانێت لەســـەر چی موساهەمەی تێدا بکات لەکاتێکدا نە لەڕژێمی بەعس هیچی هەیە نە لە لای ئۆپۆزسیۆن، بۆیە دەبێت کورد شتێکی لەدڵدا بێت بەڵام لەکردەوە شتێکی تر نەکات واتا سیاسەتێکی عەقڵانی پەیڕەو بکات .

# داخۆ پرۆژەی دەستوور بەشێوازێکی نا دیموکراتی نووسراوەتەوە؟



ئاسۆ کەریم

ماوەیەکە دیسان، گفتوگۆ و پیلەکە لەبارەی «پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان-عێراق»ەوە توندبووە. بەگشتی دوو بۆچوون و سەمتی سەرەکی هاتوونەتە گۆڕێ: یەکیان پێیوایە کە ناکرێ ئەم پرۆژە دەستوورە بگەڕێتەوە ناو پەرلەمان و براوەتەوە، تەنیا ئەوە ماوە کە راپرسی لەبارەوە بکرێ. دووەمیان پێیوایە نا، ئەو پرۆژەیە کەموکوڕی زۆری تێدایەو پێویستە هەموار بکرێتەوە و بێ ئەوەی بەکۆنکرێت قامك لەسەر ئەو برگەو ماددانە دابنێ کە پێویستیان بەهەموارکردنەوەیە، ئەوجار بخرێتە بەر راپرسییەوە. رای سێهەمیش هەیە، کە هیچ خەتێکی سوور نییە بەپرۆژەی دەستووریشەوە و دەکرێ قسەی تێدا بکرێتەوە. هەردوو سەمتە سەرەکییەکە، مەترسی و نیگەرانیی خۆیان هەیە.

هەر یەك لەم دوو سەمتە، بەڵگەو دەلیلی سیاسی و قانوونیی خۆی بۆ پێ سەلماندنی ئەوی دی و خەڵك دێنێتەوە. یەکێ لەئەرگیومێنت و پاساوەکانی سەمتی دووەم، ئەوەیە کە ئەو «پرۆژە دەستوورە»، لەلایەن لیژنەیەکەوە دارێژراوە کە پەرلەمان پێکیهێناوە، لەکاتێکدا ئەرکیی پەرلەمان، «تشریع»ی قانوونی ئاساییە، نەك دەستوور کە قانوونی بنەڕەتییەو لەسەرووی قوچەکی قانوونییەوە وەستاوە. ئیدی بەو مانایە، رێگەی دانانی «پرۆژە دەستوور»ـەکەی هەرێم، نا دیموکراتی بووەو ئەوەش خەوش و عەیبێکی گەورەیە و هەردوو حزب: پارتی و یەکێتی بەپەلە-پەل لەپەرلەمان لەبەر رۆشنایی رێککەوتننامەی ستراتیجیی نێوانیان، تێیانپەڕاندووە.

دیارە، لەناو عێراقیشدا، چ پێشان و چ ئێستاش، هەندێ لایەنی عەرەبی ئەو «پرۆژە دەستوورە»یان پێ مەترسییە بۆ سەر یەکێتیی خاك و سەروەریی دەوڵەتی عێراق و، زەوینەسازییە بۆ جیابوونەوەی کورد لەعێراق...

دیارە (٢) شێوازی دیموکراتیمان هەیە بۆ دانانی دستوور، یەکەمیان: شێوازی ئەنجوومەنی دامەزرێن (ئەو ئەنجوومەنە لەلایەن میللەتەوە تەنیا بۆ دانانی دەستوور هەڵدەبژێردرێ) و دووەمیان: شێوازی ریفراندەمی دەستووری (پرۆژەی دەستوور یان ئەوەتا لەلایەن لیژنەی پسپۆڕەوە دەنووسرێتەوە یان لەلایەن ئەنجوومەنێکی هەڵبژێردراوی نوێنەرایەتییەوە، بەڵام کار بەو پرۆژەیە ناکرێ تا میللەت لەریفراندەمێکدا بەبەڵێ دەنگی لەسەر نەدا)، نموونەی هەردوو شێوازی سەرەوە لەدنیادا هەن.

ئەی لەهەرێمی کوردستاندا چۆن بووە:

١. پەرلەمانی کوردستان، وەك ئەنجوومەنێکی هەڵبژێردراو، لەدەورەی یەکەمی خۆیدا (٤-٦-١٩٩٢)-ەوە تا دوا کۆبوونەوەی بەر لە٣٠/١/٢٠٠٥)، دەسەڵاتی دامەزرێنی هەرێمی کوردستان بووە وەکو قەوارەیەکی سیاسی-یاسایی. لە٤/٧/١٩٩٢ متمانەی بەحکوومەتی هەرێم دا و بەبڕیاری ژمارە ٢٢ی ٤/١٠/١٩٩٢، فیدراڵیزمی کردە بنەمای پێوەندیی یاسایی و سیاسیی نێوان هەرێمی کوردستان و گەلەکەی لەلایەك و دەسەڵاتی ناوەندی لەلایەکی دیکەوە. بەمانایەکی تر، جۆرە سیستەمێکی تری قانوونی و سیاسی لەهەرێم داهێنا بەپێچەوانەی باقی ئەو ناوچانەی کە لەسایەی حکوومەتی ناوەندیی ئەوسای عێراق دابوون و بووە بنەماش بۆ عێراقی دوای ٩/٤/٢٠٠٣.

٢. ئەو پەرلەمانە لەدەورەی یەکەمدا، بەبڕیاری ژمارە ٢٦ی ٧/١١/٢٠٠٢ پرۆژە دەستوورێکی بۆ هەرێمی کوردستان پەسندکرد و (٣٦) حزب و لایەنی سیاسی لەکۆبوونەوەیەکدا پشتەوانیان لێکرد.

٣. پەرلەمان لەدەورەی دووەمی خۆیدا دوای هەڵبژاردنی گشتیی ٣٠/١/٢٠٠٥، بەبڕیاری

**بەپێی بڕیارێکی پەرلەمان لە دەورەی یەکەمیدا، کە دەسەڵاتی دامەزرێنی قەوارەی سیاسی و یاسایی هەرێمی کوردستان بووە، پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان پەسندکراوە**

ژماره ٥ی ٢٠٠٥/٩/٨ لیژنەیەکی (١٩) کەسی بـۆ پێداچوونەوە بە«پڕۆژە دەســتووری هەرێمی کوردســتان» پێکهێنا. وێڕای کـە نوێنەرایەتی ســەرجەم لایەنە سیاســی و پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکانــی ناو پەرلەمان، لــەو لیژنە ئەندام بوون، چەند کەسێکی شــارەزای بواری فیقهی دەستووریش لەو لیژنەیەدا بوون وەك خوالێخۆشبوو ئەمیر حەویزی و بەڕێزان د. شــێرزاد نەجار، د. محەمەــد عومەر مەولود، د. شــۆڕش عومەر حەســەن. ئــەو لیژنەیە لە٢٠٠٥/٩/١٤ دەســت بەکاربوو لــە٢٠٠٦/٨/٢٢ لەکارەکانی خۆی بۆوە و پڕۆژەکــە لەکەناڵەکانی میدیا و لەســایتەکان بڵاوکرایــەوە، بەدەیان کــۆڕ و دیمانەی لەگەڵ ناوەندە جیا-جیــاکان بۆ کرا، بەســەدان تێبینی گەیشتنە دەست لیژنەکە کە لەئارشیفدا پارێزراون، لەئاکامدا پڕۆژەکە ئاڵوگۆڕی بەسەرداهات...

٤. پەرلەمان لەکۆبوونەوەی ٢٠٠٩/٦/٢٤، بە٩٥ دەنگ لەکۆی ٩٦ پەرلەمەنتــاری ئامادەبووی ئــەو کۆبوونەوەیە، «پڕۆژە دەســتووری هەرێمی کوردســتان»ی پەســندکرد. راســتە، ماوەیەك، پەسندکردنی ئەو پڕۆژەیە دواکەوت لەبەر هەندێ ســەرنج و تێبینی ئەوەدەمەی برایانی یەکگرتوو و کۆمەڵی ئیســلامی کە بەتەواوفووق جێیان بۆ کرایەوە.

٥. ژمارەیەکی ئێکجــار زۆر لەو پڕۆژەیە بەو دارشتنەی ئێستایەوە، بەهەردوو زمانی عەرەبی و کوردی چاپ و بڵاوکرایەوە. بۆ ئەوەی هاوشانی هەڵبژاردنی گشتی بۆ دەورەی سێیەمی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان لە٢٠٠٩/٧/٢٥، ریفراندۆم لەسەر پڕۆژەکەش بکرێ. لێ کۆمیســیۆن بەنووسراوی ژمــارە (خ/٩/١٣٤٠)ی ٢٠٠٩/٧/٦ پۆزشــ هێنایەوە. رەنگە هەندێ بڵێن پۆزشــهێنانەوەکە، تەکنیکی و لەبەر کەمی کات بووە و کۆمیسیۆن پێڕانەگەیشتووە تەدارەکی پێویست ئامادە بکات، بــەڵام وەك لەهەمووان را دیــارە هۆکارەکە زێتر سیاســی بوو، تا تەکنیکی و مەســەلەی کات. ئیدی پەرلەمان ناچار بوو لە٢٠٠٩/٧/٩دا، یاسای ژمارە ١٦ی ساڵی ٢٠٠٨ی تایبەت بەپەسندکردنی پڕۆژەی دەســتوور، هەموار بکاتەوە دیاریکردنی رۆژی راپرسی لەسەر ئەو پڕۆژەیە بخاتە ئەستۆی ســەرۆکایەتیی پەرلەمان و حکومەتی هەرێم و لایەنە پێوەندارەکانەوە. بۆ لەو کاتەوە تا ئێستا ئەو لایەنانە ئەو کارەیان نەکردووە، ئەوەیان پرسیارێکی رەوایەو هەقە ئەو لایەنانە وەڵامەکە بدەنەوە.

لەبەر رۆشنایی ئەو فاکتانە، بۆمان دەردەکەوێ، بەپێی بڕیارێکــی پەرلەمان لەدەورەی یەکەمیدا، کــە دەســەڵاتی دامەزرێنی قەوارەی سیاســی و یاســایی هەرێمی کوردســتان بووە، پڕۆژەی دەســتووری هەرێمی کوردســتان پەســندکراوە. پاشــان لەدەورەی دووەمی پەرلەماندا، ئاڵوگۆڕ لەپڕۆژەی دەستوور کراوەو چاوی پێداخشێنراوەتەوە و لەکەناڵەکانی میدیــادا بڵاوکراوەتەوەو رەخنەی لێگیراوە، قســەو باســێکی زۆری لەسەرکراوەو جارێکــی تر هەمواركراوەتەوەو بەشــێکی زۆری ســەرنج و بیروڕاکان لەبەرچاوگیراون. بەو مانایە پڕۆژەکە بەپەلە-پەل تێنەپەڕێندراوە و لەبەر رۆشنایی رێککەوتننامەی ســتراتیجیی نێــوان یەکێتی و پارتیش نەنووسراوەتەوە و بەنیمچە کۆدەنگییەکی تەواویشەوە پەسندکراوە (٩٥ بە١) نەك زۆرینەیەکی سادە.

**پەرلەمانی کوردستان لە دەورەی یەکەمیدا، بە بڕیاری ژمارە ٣٦ی ٢٠٠٢/١١/٧ پڕۆژە دەستوورێکی بۆ هەرێمی کوردستان پەسندکردو (٣٦) حزب و لایەنی سیاسی لە کۆبوونەوەیەکدا پشتەوانیان لێکرد**

دووەم- دەبێت ئەوەشــمان لەبیر بێت، کە ئەوەی ئێستا پڕۆژەی دەســتوورە نەك دەستوور. هەڵبەت لەشــێوازی ریفراندەمــی دەســتووریدا، میللەت دەســتووردانەرە نەك پەرلەمــان، چونکە دواجار ئەوە میللەتــە کە لەریفراندەمێکی دەســتووریی ئازادو بێگەرددا، ســاغی دەکاتەوە کە پڕۆژەکەی پەرلەمانی بۆ دەســتوور قبوڵە یان نا.. راســتە، لەهەندێ وڵاتــدا، ئەنجومەنێکی دامەزرێن، بۆ دانانی دەستوور لەلایەن میللەتەوە هەڵدەبژێردرێ و ئەرکی نووسینەوەی دەستووری پێ دەسپێردرێ، بــەڵام شــێوازەکەی تــر ئەوەیە کــە میللەت خۆی راســتەوخۆ (دیموکراســیی راستەوخۆ)، لەریفراندەمێکــدا، ئیــرادەی ئازادانــەی خۆی بە(ئا) یان (نا) دەردەبــڕێ، لێرەدا گرنگ نییە داخوا لیژنەیەکی پسپۆڕی تەکنیکی و شارەزای فیقهی دەســتووری، پڕۆژەکەی نووسیوەتەوە یان ئەنجومەنێکــی هەڵبژێــردراوی نوێنەرایەتی، بەڵکە گرنــگ ئیرادەی ئازادانــەی خەڵکە کە راستەوخۆ قسەی خۆی دەکات، وەك سەرچاوەی دەسەڵاتەکان.

خۆزی لەپڕۆژەکەدا، وەك لەماددەی (١١٨)دا هاتووە، لەجیاتی زۆرینەی دەنگدەران، زۆرینەی تایبەت بووایە، بۆ نموونە بە٦٠٪ یان دوو لەســەر سێی دەنگدەران، پڕۆژەکە ببوایە دەستوور.

**پڕۆژەکەی دەستوور بە پەلە-پەل تێنەپەڕێندراوەو لەبەر رۆشنایی رێککەوتننامەی ستراتیجیی نێوان یەکێتی و پارتیش نەنووسراوەتەوەو بە نیمچە کۆدەنگییەکی تەواویشەوە پەسندکراوە (٩٥ بە ١) نەك زۆرینەیەکی سادە**

ئەگەر دەســتوور وەك هــەر دەقێکی قانوونیی بەپێــی هەلومــەرج بکــرێ گۆڕانکاریی تێدا بکرێ، لەسۆنگەی ئەمەشەوە چەندین ماددە بۆ هەمواركردنــەوەی دانرابێت، ئەوە دەکرێ پڕۆژەی دەســتووریش ئاڵوگۆڕی تێدا بکرێ، بەڵام چۆن و لەچوارچێوەی چی و کوێی ئەو پڕۆژەیە بەچ میکانیزمێکی سیاســی و قانوونییەوە، ئەوەیان با بمێنێ بۆ کاتێکی تر.


media
reach
people
technologies
consumers
applications
December
Examples
community
MEDIA
RESEARCH
LITERACIES
DEVELOPMENT
PROJECTS
EDUCATION
PRIMARY
SCHOOL
CHILDREN
LEARNING
individuals
television
bookmarking
sites
Online
article
means
typically

رۆڵی میدیا لەبونیادی کۆمەڵگەی دیموکراتیدا

# رۆژنامەگەری خەڵک و هاووڵاتی وەک پەیامنێری ڕۆژنامەنووسی

(هۆیەکانی ڕاگەیاندی ئازاد دەتوانن بەشدار بن لەباشترکردنی باری دەوڵەت و کۆمەڵگەکان، بەڵام بۆئەوەی بتوانن ئەم کارە بکەن، ئەوا پێویستە لەزۆر حاڵەتدا دەست بەپرۆسەی چاککردنی خۆی بکات).

فریدریك دەبلیو چیك



قســەکردن لەســەر ڕۆڵی میدیا هێندە بایەخدارە بەپاراستنی کۆمەڵگەی دیموکراتی و بەشداری هاووڵاتیان لەپرۆسەی سیاسیدا، هێندە مەسەلەکە لەسەر ئەوە نییە میدیا چۆن کار دەکات یاخود چۆن ڕوومالی هەواڵ و ڕووداوەکان دەکات، یان خۆمان بکەینە ئەو ڕەقیبەی پۆلینی شێوازە جیاوازەکانی کاری ڕۆژنامەگەری ئازاد بکەین، هەربۆیە بەپلەی یەکەم ئەم ڕاپۆرتە بەو ئاراستەیەیە کە چۆن میدیا دەبێتە فاکتەرێك بۆ کارلێکی خەڵك لەگەڵ ڕووداو و بارودۆخە سیاسییەکەو چۆن ئاراستەی ڕاستی بۆ پیشنیار دەکات، بۆئەوەی خەڵك لەناو پرۆسە دیموکراتیەکە ڕۆڵی هەبێت، بۆیە لێرەوە میدیا یان کاری

**ڕاگەیاندن دەرفەتێك دەڕەخسێنێت بۆ ئەوانەی حکومڕانی دەکەن پێوەندی لەگەڵ یەکدا ببەستن و هەروەها پێوەندی لەگەڵ خەڵکدا گرێبدەن**

ڕۆژنامەگەری پرۆفیشنال جیاوازە لەبەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانی وەك (فەیس بووك و تویتەر) کە هەموو هاووڵاتییەك دەتوانێت لەهەر ساتێکدا بیەوێت زانیاری لەسەر ماڵپەری خۆی بڵاو بکاتەوە، بۆیە لەم حاڵەتەدا ئەگەر بەهۆی پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیاوە، هەموو هاووڵاتیەکی ئاسایی نەك تەنیا پێداویستی ڕۆژنامەنووسێکی کلاسیکی لەبەردەست بێت وەك (کامێرا و ڕیکۆردەر) لەهەمانکاتدا بەهۆی لاپتۆپەکەی بەردەستیەوە پێداویستی دەزگایەکی ڕۆژنامەگەری لەبەردەستدایە و خاوەنی کۆمپیوتەرەکە وەك خاوەنی دامەزراوەیەکی ڕاگەیاندن خاوەنی بڕیاری بڵاوکردنەوەیە لەسەر هەموو ئاستەکانی (بینراو بیستراو و نووسراو)، بۆیە لەم حاڵەتەدا کە هەموو هاووڵاتیەك بتوانێت کاری ڕۆژنامەنووسێکی کلاسیکی بکات، ئەوا ئەگەر ڕۆژنامەنووسی پرۆفیشناڵ بەرهەمەکەی جیاوازتر نەبێت

**تاوەکو ڕاگەیاندن کراوەتر بێت، ئەوا زیاتر پارەمتیدەر دەبێت لەپەرەپێدانی دامەزراوەگەلێکی دیموکراتیتر و شەفافتر**

لەبەرهەمی ئەو هاووڵاتیەی کە تەنیا بۆ خۆشی خۆی زانیاری بڵاو دەکاتەوە، ئەوا لەم حاڵەتەدا هیچ جیاوازییەکیان نابێت، بۆیە لێرەوە گرنگە دوو حاڵەتی گرنگ لەیەکتری جیا بکەینەوە:

١- بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیای گەیاندن و بڵاوکردنەوەی بابەت لەلایەن هاووڵاتیانەوە لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان، لەگەڵ ئەوەی وەرچەرخانێکی گەورەی لەبواری گەیاندنی زانیاری خوڵقاندووە، بەڵام ئەم کارە جیاوازە لەکاری پرۆفیشناڵی ڕۆژنامەگەری، جیاوازی ئەم کارە لەوەدایە هاووڵاتی تەنیا بۆ گەیاندنی زانیاری یان بیروبۆچوونی خۆی ئەم کارە دەکات.

٢- هاوکات لەگەڵ ئەم پێشکەوتنەی لەبواری تەکنۆلۆژیای زانیاری ڕوویداوە، ئەرکی ڕۆژنامەنووسی پرۆفیشناڵ قورستر بووە، ئەمەش واتە ڕۆژنامەنووس تەنیا ئەرکی ئەوەنییە زانیارییەکان بگەیەنێت، بەڵکو ئەرکێکی دیکەشی بۆ زیاد بووە کە بریتییە لەهاندانی هاووڵاتیان بۆئەوەی بەشداری لەپرۆسەی حکومڕانی وڵاتدا بکەن و هاووڵاتیان هۆشیار بن بەوردەکاری ڕووداو و گۆڕانکارییەکان بۆئەوەی بتوانن بڕیار بدەن.

پرۆفیسۆر جان شایفەر بەڕێوەبەری جێبەجێکاری سەنتەری پیو (pew) بۆ ڕۆژنامەگەری مەدەنی، لەوتارێکیدا بەناونیشانی (ڕۆڵی هۆیەکانی ڕاگەیاندن لەبونیادنانی کۆمەڵگە) کە گۆڤاری ئەلکترۆنی (هۆیەکانی ڕاگەیاندن و ئەخلاق) بڵاوی کردۆتەوە، جەخت لەوە دەکاتەوە بۆ بونیادی کۆمەڵگەیەکی تەندروست پێویستمان بەجۆرێکی دیکەی ڕۆژنامەگەری هەیە، ئەویش ڕۆژنامەگەری خەڵکە، واتە ئەم جۆرە ڕۆژنامەگەرییە خەڵك هاندەدات بۆ بەشداریکردن، بۆ دروستکردنی پێوەندی

لەگەڵ کۆمەڵگەی لۆکاڵ و هەڵگرتنی بەرپرسیاریەتی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، ئەمەش ڕاشکاوانە لەبری ئەوەی خەڵك لەسەر کورسی وەك بینەر سەیری ڕووداوەکان بکات، ئەم جۆرە ڕۆژنامەگەرییە دەیانهێنێتە ناو ڕووداوەکە و وەك بەشدار خەڵك ڕۆڵی تێدا دەگێڕێت و بەرپرسیاریەتی بۆ چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشەکان هەڵدەگرێت، خاتوو جان شیفەر لەماوەی ئەزموونی شەش ساڵی لەپیادەکردنی ئەم جۆرە ڕۆژنامەگەرییە تازەیە، دوو خاڵی گرنگی دەستنیشان کردووە کە بریتین لە:

١- ئەگەر ڕۆژنامەگەری بەشێوازی جیاواز ئەرکەکانی جێبەجێ بکات، ئەوا خەڵکیش بەشێوازی جیاواز کارەکانیان بەڕێوە دەبەن،

٢- ئەگەر تۆی داهێنان لەژوورەکانی نووسینی ڕۆژنامەگەری بچێنین، ئەوا ئەفکاری داهێنان کۆدەکەینەوە.

بەڵام پرسیاری سەرەکی لێرەدا ئەوەیە چۆن سەنتەری پیو (pew) بیری لەوە کردەوە کە پێویستە لەدوای شێوازی کاری ڕۆژنامەگەری (چاوی ئێشکگر، هێرش بەری سەرسەخت، موحا فیزەکار)، هەوڵیاندا شێوازێکی دیکە دابهێنن؟ پرۆفیسۆر جان شیفەر لەوەڵامی ئەم پرسیارەدا دەڵێت:(کاتێك ئامۆژگای پیو (pew) بڕیاریاندا سەنتەرێك بۆ ڕۆژنامەگەری خەڵك بکەنەوە، ئەم فیکرە هێندەی بایەخدان بووە بەبەشداریکردنی خەڵك بۆ خزمەتی کۆمەڵگە، هێندە بایەخدان نەبووە بەڕۆژنامەگەری، ئەمیندارانی ئامۆژگای پیو ترسی ئەوەیان هەبوو دیموکراتی دووچاری کارەسات بێت، واتە هاووڵاتیان لەبەشداربوون لەدەنگدان و، لەکاری خۆبەش و هەروەها لەبەشداری


**پێویستە میدیا هەتا پێی دەکرێت باشترین کار جێبەجێ بکات لەڕووی ڕووماڵکردنی ڕووداوەکان بەو ئاستەی کە مایەی بەرز ڕاگرتنی دیموکراسییەت بێت**

کارا لەژیانی ڕۆژانە و لەهاریکاری یەکسان بۆ چارەسەری کێشەکانی کۆمەڵگە دووربکەونەوە)).
کەواتە ئەو ترسەی ئەمیندارانی ئامۆژگای ناوبراو هەیانبووە، ئەو پرسیارەی لا گەڵاڵە کردوون بەوەی ئایا ڕۆژنامەگەری ئازاد بەشێکە لەو کێشە ترسناکە؟ ئایا ڕۆژنامەنووسان لەمیانەی ڕوومالی هەواڵ و ڕووداوەکاندا بەو جۆرە مامەڵە لەگەڵ (بینیەر و بیسەر و خوێنەر) دەکەن، وەك بینەری شۆیەکی نامۆ بن، یان هەوڵیانداوە هاووڵاتیان بەشداری کارا لەکۆمەڵگەیەکدا بکەن، کە ئەو کۆمەڵگەیە خۆی حکومی خۆی دەکات؟ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە بەرەو ئەوەی بردوون کە تیمی (pew) کار لەسەر ئەو گریمانەیە بکەن، بەوەی ئایا ئەگەر

**ئەگەر ڕۆژنامەنووسی پرۆفیشناڵ بەرهەمەکەی جیاوازتر نەبێت لەبەرهەمی ئەو هاووڵاتیەی کە تەنیا بۆ خۆشی خۆی زانیاری بڵاو دەکاتەوە، ئەوا لەم حاڵەتەدا هیچ جیاوازییەکیان نابێت**

ڕۆژنامەنووسان ئەرکەکانیان بەشێوازی جیاواز پیادە بکەن، کاریگەری دەبێت لەسەر شێوازی کارکردنی هاووڵاتیان؟ ئایا دەتوانین هەندێك شێوازی جۆراوجۆر لەژوورەکانی نووسینی ڕۆژنامەگەری تاقیبکەینەوە، بۆئەوەی بزانرێت شێوازی


جۆراوجۆری کارکردن چ کاریگەریەکی هەیە. ئایا تاچەند پابەندبوونی ڕۆژنامەنووسان بەپرانسیپە سەرەکیەکانی وردبینی و بابەتی و سەربەخۆیی و دادپەروەری کاریگەری هەیە و لەهەمانکاتدا هاووڵاتیانیش پێویستیان پێیەتی، ئاکامی ئەم تاقیکردنەوانە دەریخستووە، شێوازی پیادەکردنی ڕۆژنامەگەری خەڵك بۆتە ئەو هەوڵەی کە سەرنووسەر و بەڕێوەبەرانی هەواڵ دەیخەنەگەڕ بۆئەوەی ئەرکەکانیان بەو شێوەیە پیادە بکەن کە هاوکاری خەڵك بکات بۆئەوەی بەسەر هەستی گۆشەگیری و نەتوانین زاڵبن، ئەو ڕۆژنامەگەرییە ئامانجی ئەوەیە




**ڕۆژنامەنووس تەنیا ئەرکی ئەوەنییە زانیارییەکان بگەیەنێت، بەڵکو ئەرکێکی دیکەشی بۆ زیاد بووە کە بریتییە لەهاندانی هاووڵاتیان بۆئەوەی بەشداری لەپرۆسەی حکومڕانی وڵاتدا بکەن**

کە خەڵك سەبارەت بەو ڕووداوانەی ڕوودەدات ڕۆشنبیر بکات و بۆئەوەی بتوانن بۆ بەرژەوەندی گشتی بڕیار بدەن و بەشداری لەدیالۆگ و خزمەتگوزاری گشتی بکات، بەشێوەیەکی گشتی پیادەکردنی بەرپرسیاریەتیان لەسیستمی دیموکراتیدا. ئەوانەی لەم شێوازەی ڕۆژنامەگەرییە کار دەکەن پێیانوایە دەکرێت سیستمێکی ڕووماڵی هەواڵ و ڕووداوەکان بەو شێوەیە بونیاد بنرێت، کە خەڵك لەگەڵ خوێندنەوە یان بینینی ڕووماڵەکە بیر بکاتەوە، نەك تەنیا سەیر بکەن یان لەدوورەوە چاودێری ڕووداوەکە بکەن، لەم حاڵەتەدا ئەو ڕۆژنامەنووسانەی بەمجۆرە کارەکانیان دەکەن بڕوایان بەوەیە کە بەرپرسیاریەتی سەرشانیان بەرامبەر بەخەڵك کردویەتیە فەرز لەسەریان بەو شێوەیە ڕەفتار بکەن، هەستکردنیش بەم بەرپرسیاریەتیە ڕۆژنامەنووس لەوە دوور دەخاتەوە ڕۆڵی دەمسپی بۆ خەڵك بگێڕێت، بەپێچەوانەوە ڕۆژنامەنووس لەناوچەیەکی بێلایەن ڕادەوەستێت و هەوڵدەدات هاووڵاتیان بەزانیاری ڕاست پڕچەك بکات و هەندێك شێوازی چارەسەری کێشەکان وەك پێشنیار بخاتە بەردەستی خەڵك، لەم حاڵەتەدا کە ڕۆژنامەگەر ڕۆڵی ئاراستەکردنی خەڵك لەئەستۆ دەگرێت بۆ بەشداریکردن، بەڵام دەستبەرداری چاودێری نابن، بەڵام ویژادانیان ئاسوودەیە کە لەشێوازی هێرشبەری سەرسەخت دوور کەتوونەتەوە. هەر ئەمەش وادەکات لەم شێوازەی کاری ڕۆژنامەگەریدا پێناسەی چەمکی هەواڵ فراوانتر بێت و هەواڵ تەنیا بریتی نەبێت لەکێشە و دوورکەوتنەوەی لایەنەکان لەیەکتری، بەڵکو پێناسەی هەواڵ لەم شێوازەدا گواستنەوەی مەعریفەیە بۆ هاووڵاتی، بۆیە چۆن بایەخ بەکێشەکان دەدات بەهەمان شێوە بەیاخیش بەڕێککەوتن دەدات، چۆن بایەخ بەشکست دەدات بەهەمان شێوە بایەخ بەسەرکەوتنیش دەدات. هەربۆیە کاریگەری ئەم شێوازە لەسەر ئاستی کۆمەڵگە دەبێتە هۆکاری ئەوەی توانای هاووڵاتیان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەکان زیاتر بێت، لەکاتی وەرگرتنی زانیاری لەڕووماڵی هەواڵ و ڕووداوەکان هاووڵاتیان زیاتر بۆ کارکردن و بەشداریکردن هاندەدرێن، هەروەها ئاستی زانیاری هاووڵاتیان لەسەر ڕووداو و کێشە سیاسییەکان زیاتر دەبێت، بۆ ڕۆژنامەگەریش کاریگەری بەوجۆرە دەبێت کە ڕۆژنامەنووس زیاتر لەخەڵك نزیك بێتەوە، ئەم نزیك بوونەوەیە لەئاکامی قووڵبوونەوەی ڕاپۆرتەکانە لەسەر کێشەکانی کۆمەڵگە، کە وادەکات ڕۆژنامەنووس سەرلەنوێ کۆمەڵگەی خۆی بدۆزێتەوە و بەشێکی زۆری بیروبۆچوونە کۆنەکان ڕابماڵێت، ئەمە بێجگە لەوەی چەندین داهێنانی تازە لەژوورەکانی نووسینی ڕۆژنامەگەرییەوە دەست پێدەکەن و بواری جیاجیا زیاتر بایەخیان پێدەدرێت، سەرنووسەرەکانیش خۆیان بەکێشەی تازە خەریك دەکەن و لەپێناویدا خۆیان دەخەنە مەترسیەوە.

سەبارەت بەم لایەنە و بایەخی میدیا بەزانیاری ڕاست، پرسیارمان لەپرۆفیسۆر پیتەر گرۆس ئوستادی ڕۆژنامەوانی و گەیاندن لەزانکۆی تینسی کرد سەبارەت بەڕۆڵی میدیا لەکۆمەڵگەی دیموکراتی لەلێدوانێکی تایبەتدا بەمجۆرە ڕای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی و وتی: (ئەرکی ڕاگەیاندن بڵاوکردنەوەی



ڕاستی و زانیاریەکانە، لەڕێی ئەو زانیاری و ڕاستیانەشەوە خەڵکی دەتوانن تێڕوانین و بیروبۆچوونەکانی خۆیان گەڵاڵە بکەن، کە لەکۆتاییدا بەقازانجی پرۆسە دیموکراتیەکە دەشکێتەوە. بەپێی تێگەیشتنی ئێمە بۆ چەمکی ڕاگەیاندن، دەبێت ڕاگەیاندن چاودێر بێت بەسەر ئەو کەسانەی حکومڕانی دەکەن، هەر کەسێك بەشێك بێت لەحکومڕانی دەبێت خزمەت بەبەرژەوەندی گشتی بکات، واتە ئەوان ئەرکێکی کۆمەڵایەتیان لەسەر شانە بۆئەوەی ئەم کارە بکەن، هەروەها ڕاگەیاندنیش ئەرکی لەسەرشانە تاوەکو چاودێری بەڕێوەچوونی کارەکانی حکومەت بکات، ڕاگەیاندن دەبێتە پردێك لەنێوان حکومەت و خەڵکدا بەشێوەیەکی گشتی، هەروەها دەرفەتێك دەڕەخسێنێت بۆ ئەوانەی حکومڕانی دەکەن کە پێوەندی لەگەڵ یەکدا ببەستن و هەروەها پێوەندی لەگەڵ خەڵکدا گرێبدەن. ئەمە مەسەلەیەکی بنەڕەتیە لەدیموکراسیدا، لەبەر ئەوەی لەدیموکراسیدا هەموو کەس مافی ئەوەی هەیە بۆچوونی هەبێت لەبارەی ئەوەی حکومەت چۆن کاروبارەکان بەڕێوەببات.. هەربۆیە گرنگە ڕەخنەی ڕۆژنامەگەری لەپێناوی بەرژەوەندی خەڵك بێت، ئەگەر ڕاگەیاندن لەگۆشەنیگایەکی ئایدۆلۆجی و سیاسییەوە ڕەخنەبگرێت، ئەوا لەڕوانگەی بەرپرسیارێتیە کۆمەڵایەتیەکەیەوە ئەرکی خۆی ئەدا ناکات. بۆی هەیە ڕەخنەگرتن کاریگەری سلبی هەبێت لەسەر بەڕێوەچوونی دیموکراسی، ئەمە هەندێ جار و لەکاتێکەوە بۆ کاتێکی دیکە لەوڵاتە دیموکراتیەکاندا ڕوودەدات. ئەمە پرسێکە پێوەندی بەپیشەییکردنی ڕاگەیاندنەوە هەیە، نەك هەر تەنیا بەپیشەییکردن، بەڵکو دەبێت هەموو لایەنەکان،



> **هاووڵاتی پەیامنێر زانیاری ناڕاست بڵاو ناکاتەوە. هەواڵەکانی لەسەر مەزندە و بۆچوونی خۆی نانووسێت. بەڵکو چی ببینێت ئەوە دەگوازێتەوە**

خاوەندارانی دەزگاکانی ڕاگەیاندن، سیاسییەکان و بەرپرسە حکومیەکان لەوە تێگەبن ڕەخنە گرتن لەکۆمەڵگەی دیموکراسیدا و بڵاوکردنەوەی زانیاری و هەواڵەکان دەبێت ئەوەندەی دەکرێت ئازاد بێت، هەروەها دەبێت بەرپرسیارانە بێت، بەرپرسیارێتی ڕاگەیاندنیش تەنیا لەئاست خەڵکدایە، نەك لەئاست حکومەت و سیاسییەکاندا، و نە لەئاست هیچ دامەزراوەیەکدا جگە لەخەڵك. ئەگەر ئەم کارە بکەن، ئەوا دەتوانن خۆیان لەو هەموو سلبیاتە لابدەن کە بەهۆی ڕەخنەگرتنەوە لەڕوانگەی ئایدۆلۆجی و سیاسییەوە دەکەوێتەوە)).

### هۆیەکانی ڕاگەیاندن و هاووڵاتی وەك پەیامنێری ڕۆژنامەنووس

تەکنۆلۆژیای گەیاندنی زانیاری شێوازێکی دیکەی کاریگەری تەکنۆلۆژیای لەسەر گەیاندنی زانیارییەکان لەکۆمەڵگە دروست کردووە، هەربۆیە زۆر ئاساییە بەکارهێنانی مۆبایل بۆ گەیاندنی زانیاری لەنێوان خەڵکدا، ناوبنرێت دیموکراتیەتی دەستگیر یان Mobil democracy، ئەم شێوازە کە دەکرێت وەك شۆڕشێك لەگەیاندنی زانیاری هەژمار بکرێت، لەمبارەوە هەردوو پرۆفیسۆری ڕۆژنامەنووس (برتراند سکیری و لاری کیمان) ئاماژەیان بەوە کردووە لەڕۆژی ٧ی تەمموزی ٢٠٠٥ شۆڕشێکی گەورە لەبواری کاری ڕاگەیاندن ڕوویدا، ئەمە لەگەڵ ئەوەی لەو ڕۆژەدا هەندێك بڕوایان بەو جۆرە نەبوو کە ئەوە شۆڕشێك بوویێت، لەبەر ئەوەی لەم ڕۆژەدا کردەوەیەکی تیرۆریستی لەیەکێك لەتونێلەکانی شەمەندەفەر لە لەندەن ڕوویدا کە ڕۆژنامەنووسی ئاسایی نەیدەتوانی ڕوومالی ئەو ڕووداوە بەئاسانی بکات، بەڵام بەهەزاران دیمەنی تۆمارکرا و وێنەی فتۆگراف و دەنگی تۆمار کراو گەیشتنە

هۆیەکانی ڕاگەیاندن و ئەوانیش زۆر بەخێرایی ئەو دیمانانەیان بڵاو دەکردەوە کە بەرێگەی مۆبایل دەگەیشتە دەستیان، ئەمە ئەگەر بەو لایەنە سەیری بکەین ئایا ئەو پەیامنێرانە کێبوون ئەو هەواڵەیان گواستەوە، بێگومان هاووڵاتیان بوون ڕۆڵی پەیامنێرانیان گێڕاوە، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا پێشتر هاووڵاتی وەك پەیامنێری ڕۆژنامەنووس بوونی هەبووە لەگەڵ دەزگایەك خۆبەخشانە کاربکات، لەوەڵامی ئەمەدا دەکرێت ئاماژە بۆ ئاژانسی ئۆمای نیوز(ohmay news)ی کۆریای باشوور بکەین کە لەساڵی ٢٠٠٠ وەك یەکەم ئەزموون دامەزراوە، ئەم ئاژانسە لەساڵی ٢٠٠٠ کە دەستی بەکارەکانی کردووە تەنیا ٧٠٠ هاووڵاتی وەك پەیامنێر هاوکاری ئەو ئاژانسەی کردووە، بەڵام کە لەساڵی ٢٠٠٧ ئاهەنگیان بەبۆنەی سەرکەوتنی ئەم ئاژانسە گێڕا، (ئۆ یۆن هۆ) سەرۆکی ئاژانسەکە ڕایگەیاند، ئێستا ئاژانسی ئۆمای نیوز تەنیا ٦٠ کارمەندی هەیە، بەڵام ٦٠ هەزار هاووڵاتی پەیامنێری هەیە لە١٠٠ دەوڵەت و بەردەوام هەواڵ بۆ ئاژانسی ئۆمای نیوز دەنێرێت، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا هاووڵاتی پەیامنێری ڕۆژنامەنووسی هیچ پابەندبوونێکی هەیە کە لەگەڵ ئاژانسێك ئیش دەکات، ئۆ یون هۆ بەمجۆرە لەسەر ئەخلاقی هاووڵاتی پەیامنێری ڕۆژنامەنووسی قسە دەکات و دەڵێت:

١- ڕۆژنامەنووسی هاووڵاتی بەو گیانە کاردەکات کە هەموو هاووڵاتیان پەیامنێری ڕۆژنامەنووسین و لەو کاتەی هەڵدەستێت بەڕووماڵی هەواڵەکە دەبێت ئەوە بزانێت ئەو هاووڵاتیەکە و ڕۆڵی پەیامنێرێکی ڕۆژنامەنووس دەگێڕێت.

٢- هاووڵاتی پەیامنێر زانیاری ناڕاست بڵاو ناکاتەوە، هەواڵەکانی لەسەر مەزندە و بۆچوونی خۆی نانووسێت، بەڵکو چی ببینێت ئەوە دەگوازێتەوە.

٣- هاووڵاتی ڕۆژنامەنووس لەڕووماڵی ڕووداو یان هەوڵدان بەزمانی زبر و سووك نانووسێت، بەهیچ شێوەیەك هێرش ناکاتە سەر هیچ کەسایەتیەك.

٤- هاووڵاتی پەیامنێر بەشێوازی ڕەوا زانیاری کۆدەکاتەوە و ئەو ئاژانسەی هەواڵەکەی بۆ دەنێرێت لەسەرچاوەی هەواڵەکە ئاگاداری دەکاتەوە.

٥- هاووڵاتی بۆ پێگە و دەسکەوتی شەخسی خۆی کاری پەیامنێریی ناکات.

٦- هاووڵاتی پەیامنێر ئەگەر هەڵەی کرد لەبەر هەر هۆکارێك بێت دەست بەجێ داوای لێبووردن لەخوێنەرانی دەکات و هەڵەکەی ڕاست دەکاتەوە.

ئەم خاڵانەی ئاژانسی ئۆمای نیوز بۆ هاووڵاتی پەیامنێری ڕۆژنامەنووسی داناون، شتێکی ئەوتۆی لەپاکتی ئەخلاقی ڕۆژنامەگەری پرۆ فیشناڵ کەمتر نییە، بەڵام وەك دەشبینین لەماوەی کەمتر لە٧ساڵدا ڕێژەی هاووڵاتیانی پەیامنێر وەك کاری خۆبەخش لە٧٠٠ کەسەوە بەرز بۆتەوە بۆ ٦٠ هەزار کەس لە١٠٠ دەوڵەتدا.

سەبارەت بەڕاستگۆیی و وردی لەکاری ڕۆژنامەگەریدا پرسیارمان لەپرۆفیسۆر ڕیچارد جۆن کرد کە ئوستادی مێژووی گەیاندنە لەزانکۆی کۆلۆمبیا بۆ ڕۆژنامەگەری، لەمبارەوە و لەلێدوانێکی تایبەتدا بەمجۆرە بۆ گوڵان ڕای خۆی



پیتەر گرۆس بۆ گوڵان:

## ئەگەر ڕاگەیاندن لەگۆشەنیگایەکی ئایدۆلۆجی و سیاسییەوە ڕەخنەبگرێت لەڕوانگەی بەرپرسیارێتیە کۆمەڵایەتیەکەیەوە ئەرکی خۆی ئەدا ناکات



ڕۆبین مانسێل بۆ گوڵان:

## میدیا ئاراستەی حکومەت دیاری ناکات بەڵکو زەمینیەک بۆ دیالۆک دروست دەکات

ختەروو وتی: (ڕاگەیاندن دەتوانێت ڕۆڵی هەبێت لەدارشتنی مشتومڕی گشتیدا، بەرزکردنی ئاستی هۆشیاری لەئاست پرسە گرنگەکان و چاودێریکردنی حکومەت، بزنس و سوپا. ڕاگەیاندنی بەرپرس ئەرکی ڕووماڵکردنی بێلایەنانە و بابەتیانەی ڕووداوە گرنگ و ڕۆژانەکانی لەسەر شانە، دۆخەکە بەم شێوەیە بووە لەئەمریکا، نەك هەر لەپێوەندیدا بەڕاگەیاندنی بازرگانیەوە، بەڵکو بەڕاگەیاندنی گشتیەوە، وەك تەلەڤزیۆن و ڕادیۆی گشتی. هەربۆیە ئەو کۆمەڵگەیەی ڕاگەیاندنێکی ئازاد و کراوەی هەبێت کەمتر گەندەڵە بە بەراورد بەو کۆمەڵگەیانەی ئەم جۆرە ڕاگەیاندنەیان نییە، ئەمە لەلایەن لێکۆڵینەوەکانی پەیوەست بەزانستی کۆمەڵایەتیەوە سەلمێنراوە. هەروەها ڕاگەیاندنی ئازاد و کراوە گرنگە بۆ پەرەپێدانی باری ئابووری، بۆ نموونە برسێتی لەو وڵاتانەدا ڕووینەداوە کە ڕاگەیاندنی ئازاد و کراوەیان هەبووە لەڕۆژگاری هاوچەرخدا، لەبەر ئەوەی زانیاریی پێویستیان داوە بۆ پێشگرتن لەڕوودانی کارەسات. لەوڵاتە تازە گەشەکردووەکانیشدا ڕاگەیاندن، ڕۆژنامە تەلەڤزیۆن و ئەنتەرنێت دەتوانن ڕۆڵیان هەبێت و دەتوانن ببنە مینبەرێك بۆ پەرەپێدانی سەرمایەیەکی کۆمەڵایەتی



ئەندیرا لی پریس بۆ گوڵان:

# ئەگەر میدیا ئازاد و دیموکراسی نەبێت ئەوکات ناتوانێت هەواڵ و زانیاری بۆ هاووڵاتیان دابین بکات

بۆ ڕێکخراوەکان بۆ برەودان بەکۆمەڵگەی مەدەنی و هەروەها بنەماکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، وەك ئازادی و کرانەوە)).

کەواتە ئەوەی پرۆ فیسۆر ڕیچادر ئاماژەی پێکرد ڕاستگۆیی و بێلایەنی ڕۆژنامەنووس و ڕۆژنامەگەری فاکتەرێکی گرنگە بۆ بەرەو پێشەوەچوونی کۆمەڵگە، بۆیە هەر لەم چوارچێوەیە پرسیاریشمان لەپرۆ فیسۆر ڕۆبین مانسێل ئوستادی میدیای نوێ و ئینتەرنێت لەزانکۆی لەندەن کرد، ئەو لەوەڵامدا بەگوڵانی ڕاگەیاند میدیا ئاراستەی حکومەت دیاری ناکات، بەڵکو زەمینەیەك بۆ دیالۆك دروست دەکات. لەمبارەوە وتی: (ڕاگەیاندن دەتوانێت ئەو ڕۆڵە ببینێت، بەڵام پێموانیە ڕۆڵی ڕاگەیاندن دیاریکردنی ئاڕاستەی حکومڕانیکردن بێت لەکۆمەڵگەدا. بوونی بوارێکی کراوە لەبەردەم ڕاگەیاندن دەبێتەهۆی دروستبوونی گفتوگۆ لەنێوان لایەنە جیاوازەکاندا، جا لەحکومەتدا بن یاخود لەنێوان گروپەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیدا. لەهەمانکاتیشدا ڕاگەیاندن ناتوانێت کۆنترۆڵی سروشتی ئەو گفتوگۆیە بکات. ئەمەش دەوەستێتەسەر بونیادی ڕاگەیاندن، واتە دەکرێت ڕۆڵی ڕاگەیاندن لەخزمەت گفتوگۆی دیموکراتیدا بێت، یاخود بۆی هەیە دابەشبوون بخوڵقێنێت و ڕۆڵێك ببینێت کە سەربکێشێت بۆ سەرهەڵدانی ناکۆکی. لەڕاستیدا مۆدێلێکی میسالی نییە، بەڵام ئەگەر بەشێوەیەك ڕێکخرابێت کە ئامانج لێی کرانەوەی زیاتر و بابەتی بوونی زیاتر و گفتوگۆی زیاتر بێت، ئەوا هەل و مەرجێکی گونجاو بۆ ڕاگەیاندنێکی دیموکراسی دەخوڵقێنێت. بەڵام ئەمەش دەوەستێتەسەر وڵاتەکە و مێژووی کۆمەڵگەکە و بونیادی دامەزراوەکان کە چۆن بتوانێت ئەو ئامانجە بەدەست بهێنێت. هەر بۆیە تاوەکو ڕاگەیاندن کراوەتر بێت، ئەوا زیاتر یارمەتیدەر دەبێت لەپەرەپێدانی دامەزراوەگەلێکی دیموکراتیتر و شەفافتر، کەواتە ڕاگەیاندن زەمانەتی هاتنەدی دامەزراوە دیموکراتیەکان ناکات، بەڵام دەکرێت ڕاگەیاندن بەشێوەیەك بونیاد بنرێت کە زیاتر هاندەر و یارمەتیدەر بێت. من دەزانم ئێوە چەندین مۆدێلی جیاوازتان لەبەردەستە، مۆدێلی ئەمریکی، بەریتانی و کەنەدی، بەڵام کێشەکە ئەوەیە چ مۆدێلێك بەمحەلی بکرێت لەسیاقەکەی ئێوەدا)).

کەواتە ئەوەی ئەو پسپۆران ئاماژەیان پێکرد شێوازی هەڵسوڕانی کاری ڕۆژنامەگەرییە بۆ چۆنیەتی هاریکاری هاووڵاتیان بۆ بەشداری و چارەسەرکردنی کێشەکان، لەمبارەوە پرۆ فیسۆر ئەندیرا لی پریس ئوستادی میدیا و سیسیۆلۆژی لەزانکۆی ڤیرجینیا لەلێدوانێکی تایبەتی بۆ گوڵان بەمجۆرە لەسەر میکانیزمی پێوەندی نێوان میدیا و کۆمەڵگە هەڵوەستەی کردو وتی: (بەڕای من میدیا لەچەندین ڕووەوە زۆر گرنگە بۆ پرۆسەی دیموکراسی، هەڵبەتە ئەمڕۆ میدیا بۆ هاووڵاتیان سەرچاوەیەکە بۆ وەدەستهێنانی زانیاری لەسەر پرۆسەی سیاسی و ئابووری و مەسەلە زانستییەکان و لایەنەکانی سیاسەتی گشتی، بۆیە ئەگەر میدیا ئازاد و دیموکراسی نەبێت، ئەوکات ناتوانێت هەواڵ و زانیاری بۆ هاووڵاتیان دابینبکات و لەئاکامیشدا هاووڵاتیان ناتوانن لەدیموکراسییەتدا بەشداربن. هەربۆیە میدیا زۆر بەهێزە و پێویستە میدیا بەرپرسیاریەتییەکانی بەجددی لەئەستۆبگرێت. بۆیە پێویستە میدیا هەتا پێی دەکرێت باشترین کار جێبەجێ بکات لەڕووی ڕوومالکردنی ڕووداوەکان بەو ئاستەی کە مایەی بەرز ڕاگرتنی دیموکراسییەت بێت، پێویستە میدیا کات و مەجالی زیاتر تەرخان بکات بۆ مەسەلە ئاڵۆزەکان و گەڕان بەقووڵی، هەروەها پێویستە میدیا لەڕووی داراییەوە «ئیکتیفای زاتی»ی هەبێت، بۆیە بەڕای من پێویستە ڕاگەیاندکارەکان زۆر چالاك بن و ئەوەی لەتواناایاندا هەیە بیخەنەگەڕ و باشترین کار بکەن و لەهەمان کاتیشدا پێویستە سەرنجی جەماوەر ڕاکێشن لەبەرئەوەی میدیا پێویستیی هەیە بەفرۆشتنی بەرهەمەکانی، بۆیە وەدەستهێنانی جەماوەر لەڕێگەی ئەنجامدانی کاری باش و چالاکە)).


لێرەوە گرنگە ئاماژە بەو خاڵە گرنگە بکەین، کە دنیای هاوچەرخ پێویستی بەوەیە کە ڕۆژنامەگەری خۆی وەك ڕۆژنامەگەری خەڵك بناسێنێت و کاری ئەوەبێت هاووڵاتیان هانبدات بۆئەوەی بەشدار بن، نەك تەنیا سەیری ڕووداوەکان بکەن.



ڕیچارد جۆن بۆ گوڵان:

# ئەو کۆمەڵگەیەی ڕاگەیاندنێکی ئازاد و کراوەی هەبێت کەمتر گەندەڵە بە بەراورد بەو کۆمەڵگەیانەی ئەم جۆرە ڕاگەیاندنەیان نییە

# کابینەی حەوتەم:
# ئەگەرەکان & سنووردارییەکان



د. ئەنوەر عەبدوڵڵا بەرزنجی

لەکاتێکدا دوایین سوپەری پاوەر نائومێدانە بەدوای هێزێکی جیهانیەوەیە لەناوچەکەدا، هەر یەکە لەتورکیا و ئێران، وەك هێزی ناوچەیی کاریگەرییەکی سیاسی ڕوو لەزیاد دەسەپێنن. لێرەدا، پێدەچێت تەحەددیە دەرەکیەکانی کوردستان تەنیا ڕەنگدانەوەی سیاسەتی بەردەوام بێت کە هەر یەکە لەدەوڵەتە دراوسێکان «هێزی ڕەق»ی پێویست بنیات بنێن لەپێوەندیدا بەتوانای سەربازی& ئابووری بەئاراستەی باڵادەست بوون بەسەر شانۆ سیاسیەکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. لەکاتێکدا تورکیا «هێزی نەرم»ی زیاتر بنیات دەنێت لەپێوەندیدا بەدیپلۆماسی & سەرکردایەتی ناوچەییەوە، ئێران گیرۆدەی پێگەیەکی لاوازترە. هێشتا ئەوەی پێدەچێت هەردوو وڵاتەکە لەڕووی ناوخۆییەوە بەهێز بن، بەڵام ئەم بەهێزییە بەهۆی کێشەی چارەسەرنەکراوی کوردی وڵاتەکانیانەوە گرفتی بۆ دروست بووە، کەواتە ئەگەر هێزی ئابووری بێت یان سەربازی، ناکۆکی ناوچەیی تەحەددی بەخۆی دروست دەکات، بەڵام نەك پێش ئەوەی ڕکابەریەکە لەنێوان هەموو ئەو هێزانەدا بگاتە ترۆپك، هەروەها بۆ ڕێککەوتن و ڕازیبوون لەبارەی ئاشتی یان شەڕەوە و ئەوەی بەلای هەموو کەسێکەوە دادپەروەرانەیە. ئەوەی تەنگژەکە خراپتر دەکات، ئەگەر سەقامگیری بێتە ئەولەویەت لەبری دیموکراسی لەعێراقدا، ئەوا ڕەنگە جەوهەری فیدراڵی کورت بکرێتەوە بۆ مەرکەزیەتێکی تێکەڵاو (گوڵان٨٦٢). بەکورتی، هەموو ئەم کارلێکانە کرۆکی ناکۆکیەکەیە و بەشێوەیەك لەشێوەکان دژی بنیاتنانی «هێزی ڕەق»ن لەکوردستاندا. بۆ ئەم ئامانجە، دەبێت کوردستان ڕووبەڕووی هۆکاری هاوسەنگی نێوان هەموو ئەم ئاڵۆزیە سیاسیانەدا ببێتەوە. بۆ، کارلێکی نێوان تەحەددیە& دەرفەتە دەرەکیەکان بۆ هەر لایەنێك لەلایەکەوە و ئەوەی لەنێوان خاڵە لاواز و بەهێزەکانی نێوان ئەم لایەن یان ئەو لایەنە، ئەمە گەمە سیاسیە تێکەڵاوە ڕوون دەکاتەوە.

لەکۆتاییدا، بنیاتنانی هێزی ناوخۆیی لەلایەن کابینەی نوێیەوە لەکوردستان دەوەستێتەسەر ئەوەی چۆن دەوڵەمەندی سەرچاوەکان بەشێوەیەکی ژیرانە بۆ پرۆژەکانی پەرەپێدان بەئاراستەی سەقامگیری ئابووری بەکار بهێنرێت (گوڵان ٨٢٩). پلانێکی ستراتیجیەتی پشتپێبەستراو لەپێناو پەرەپێدانێکی بەردەوام دەبێتە بیانویەك بۆ ڕێکخستنی سەرچاوە مرۆییەکان لەم هەوڵەدا. لەکاتێکدا «ئیدارەکردن&ڕێکخستن»ی مۆدێرن پێناسەکردنی «مواصەفاتی کارکردن» بۆ هەموو بەڕێوەبەرەکانی کوردستان لەخۆدەگرێت. لەوەش زیاتر، دەرسەکانی ئەدای خراپی پلاندانانی پەرەپێدان&جێبەجێکردنلەکەرتەکانی بەرهەمهێنانی ئەوەی خستۆتەڕوو کە بەس نین بۆ درکپێکردنی کاڵا لیستکراوەکاندا بەبێ ئەوەی چالاکیە پێوەندیدارەکان دوابخرێت کە پەیوەستن بەوەی چۆن ئەم کارە بکرێت (گوڵان٧٩٩). بەداخەوە، زۆرێك لەهەوڵە پەرشوبڵاوەکان و ئەرك&بەرپرسیارێتیە تێکەڵ و پێکەڵەکان مەعریفەی پێویستیان بۆ نەڕەخسێنراوە. لێرەدا، فاکتەری سەرەکی پەرەپێدانی سەرچاوەی مرۆییە کە بتوانێت «بەرهەمهێنانی» ڕاستەقینە زامن بکات. کە ئەمەش پێوەری کارایە لەبەرهەمهێناندا، کە لەسەر بنەمای دابەشکردنی هاتوو بەسەر دەرچوو بەسەر کاتژمێرەکانی کارکردنی ڕاستەقینە. لەڕاستیدا، «بەرهەمهێنان»&«بەردەوامێتی» فاکتەری سەرەکین بۆ گوڕ و تیندان بەهێزی ناوخۆیی کوردستان وەك سەبەتەی خۆراکی ناوچەکە. (گوڵان ٨١٣،٨٠٠). هەروەها بەها زیادکراوەکان لەئەگرۆ-پیشەسازیدا لەدەرئەنجامدا بەشداری دەکات لەدابینکردنی ئاسایشی نەتەوەیی و بنیاتنانی «هێزی ڕەق» ئابووری. ئەمە یارمەتی حکومەتی داهاتوو دەدات بۆ کەمکردنەوەی ڕێژەی بێکاری لەکوردستاندا، لەکاتێکدا پەرەپێدانی ناوچە گوندنشینە پێوەندیدارەکان لەکۆتاییدا زاڵ دەبێت بەسەر «ناهاوسەنگی دیموگرافیدا» (گوڵان ٨٠٠). لێرەدا، حکومەت ئەتوانێت پاڵنەری پەیوەندیدار بۆ پشتیوان و نرخاندنی تێکەڵاو بۆ بەرهەمهێنان، گواستنەوە، خەزنکردن و بەبازاڕکردن بڕەخسێنێت. یارمەتیدانی جووتیاران

هەنگاوێکی گرنگە بەئاراستەی بەشداری کردن هەنگاو بەهەنگاو لەم پرۆژەی پەرەپێدانانەدا. بنیاتنانی توانای دامەزراوەیی دەبێت یارمەتیدەر بێت بۆ بونیادێکی باشتر بۆ کەرتی گشتی گەشەکردو و یارمەتیدانی وەزارەتە پێوەندیدارەکان بۆ بنیاتنانی ئەو بەهرانەی بازاڕی ئازاد و کەشی کارکردنی داوای دەکات(گوڵان ٨٠٧). لەم پێوەندیەدا، «ماستەرپلان»ێك بۆ پەرەپێدانی ناوچە گوندنشینەکان لەکوردستاندا گەڵاڵەکرا لەساڵی ٢٠٠٥ـەوە و چاوەڕێی دابینکردنی دارایی و ئیلیتزامی سیاسیی دەکات. دەکرێت بەشێك لەم داراییە دابین بکرێت لەڕێی بەرنامەی قەرەبووکردنەوەی حکومەتەوە بۆ تێکڕای ئەو کەسانەی زیانیان پێگەیشتووە لەکوردستاندا لەساڵانی شەستەکانەوە و بەپێی ماددەکانی ٢٥، ١٠٦، ١٢١، ١١٢ی دەستوری عێراق بۆ بودجەی هەرێمەکان.(گوڵان٨٣٤).

دەبێت ئیعتیراف بەوە بکەین کە لاوازی ناوخۆیی لەکوردستاندا پەیوەستە بەگرژی کۆمەڵایەتی و دەتوانرێت چارەسەربکرێت کاتێك هەموو خراپە پێوەندیدارەکان بەنایەکسانییەوە ڕێگریان لێبکرێت (گوڵان ٨٢٣). بەداخەوە، ئەوەی وەك بازاڕی ئازاد بانگەشەی بۆکراوە لەکوردستاندا پێدەچێت ئەوەندە ئازاد بێت کە هەڵئاوسانی دروستکردووە و ئەمەبۆتە مایەی شۆکی کۆمەڵایەتی. بازاڕی پشێوی تێکەڵاو دەبێت سنووردار بکرێت بەهۆی ڕێسای یاساکانەوە کە مافەکان& بەرپرسیارێتیەکان ڕێکدەخات بۆ هەردوولایەنی بەرهەمهێنەر&بازرگان، لەگەڵ بەکاربەراندا. هەروەها دەبێت پێداچوونەوە بەو وەبەرهێنانەدا بکرێت کە ئەنجام دەدرێن و مەرجی پێشوەختیان بۆ دابنرێت لەڕێی پەرەپێدانی ئابووری-کۆمەڵایەتیی نەتەوەییەوە کە کاریگەری سلبی لەسەر ژینگە نەبێت. لەلایەکی دیکەوە، دەکرێت سیستمێکی کۆمەڵایەتی عادیلانە لەڕێی ڕێککەوتنگەلێکی کۆمەڵایەتی دیاری کراوەوە بهێنرێتەدی وەك ئەو خێزانەی کە بەهۆی داهاتی «سوودی دایك»ـەوە پشتیوانی دەکرێن. هەروەك ئەو دایکانەی لەکوردستاندا کە دەکرێت ڕێزیان لێبگیرێت بەپێدانی داهاتێك کە ئەمەش بناغەی (خێزان) کۆمەڵگە لەڕووخان دەپارێزێت، هەروەها کەرامەتی خەڵکی ئاسایی بۆ ئەوەی ژیانێکی سەربەرزانەیان هەبێت. لەئەزموونی تورکیاوە کە نزیکە لێمانەوە دەرکەوتووە کە ناکرێت پەروەردەی سەرەکی باشبکرێت بێ یارمەتیدانی دایکانی ماڵەوە. لێرەدا، دەبێت کەرتی تایبەتی گەشەکرد و هەندێ بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی بگرێتەئەستۆ. لەبەر ئەوەی یەکبوونی کۆمەڵایەتی بڕبڕەی پشتی کۆمەڵگە بەهێز دەکات و لەلاوازیە دەرەکیەکان دەپارێزێت. لەپاڵ باشترکردنی سیستمی پەروەردە بەشێوەیەکی گشتی، زیادکردنی «بەرهەمهێنان» لەکوردستاندا چاکسازی لەچاودێری تەندروستی لەخۆدەگرێت و پێویستی بەسیاسەتی پێوەندیدار هەیە. نەخشەی ئەم سیاسەتە دانراوە و لەکابینەی شەشەمەوە چاوەڕوانی ڕەزامەندی حکومەت دەکات. (گوڵان ٨٣٤-٣٥). لەوەش زیاتر، و لەسەرەتای دەستبەکاربوونی کابینەی چوارەوە، سیستمی « کوالێتی کۆنترۆڵ» دەسەڵاتی پێویستی نییە. بەهەمان شێوە، دەبێت کابینەی داهاتوو هەوڵی خۆی تەرخان بکات بۆ داڕشتنی سیاسەتێکی باشی ئاسایشی ئاو و خۆراك. لەبەر ئەوەی ڕەوتی ئابووری مۆدێرندا ئاسایشی نەتەوەیی&» هێزی ڕەق» گۆڕاوە لەڕووی سیاق و بەهاوە بۆ ئاسایشی خۆراك، ئاسایشی ئاو و ئاسایشی وزە (گوڵان ٨٠٧، ٨١٣، ٨١٧، ٨٢٩). بۆ ئەم مەبەستە، پرسی ئاو لەچوار یاسای پێوەندیداردا ڕێکخراوە. بەگشتی، ئەوە بەدڵنیاییەوە دەبێتە بناغەی ئاسایشی نەتەوەیی دوورمەودا لەگەڵ پابەندبوونی سیاسی زیاتر بەم هەوڵەوە.

بەو پێیە، هەوڵەکانی کابینەی نوێ دەبێت ڕووبەڕووی تەحەددیە دەرەکی و لاوازیە ناوخۆییەکان ببێتەوە، هەروەها بۆ سوودوەگرتن لەدەرفەتی دەرەکی لەڕێی بنیاتنانی شتێك لەهێزی دەرەکیەوە، بەشێوەیەك کە ڕێگە خۆشبکات بۆ «هێزی ڕەقی» ئابووری. لەکۆمەڵگەیەکی کشتوکاڵی چەشنی کوردستاندا، داهاتی نەوت ئامرازە بۆ ئامانجێك و پەرەپێدانی ئابووری دەبێت سروشتێکی کشتوکاڵی هەبێت کە خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی-ئابووری و کاریگەری سیاسی هەبێت. دەبێت ئیعتیراف بەوە بکەین کە بەرهەمی ئەم پرۆسەیە کاتی دەوێت و بەدڵنیاییەوە لەتەمەنی کابینیەك تێدەپەڕێت، بەڵام بەدڵنیاییەوە بەشداری دەکات لەبەهێزکردنی ئابووری بەڕادەیەکی گەورە وەك پێشمەرجێك بۆ سەقامگیری سیاسی زیاتر. دەبێت ئەوەش بزانین کە ئەمە بەهۆی توانای ڕاوێژکاری ناپێگەیشتووەوە بەدەست نایەت و بەدڵنیاییەوە بەبێ بوونی ڕاددەیەکی دیاری کراو لەشەفافیەت، کاری جەماعی و توانا&دڵسۆزی پێکەوەژیان بەدەست نایەت(گوڵان ٨٠٧&٨٣٨). لەکۆتاییدا، دەبێت ئەرکی گرانی بەردەممان خەڵکی دەرەوە و ناوەوەی کوردستان یەکبخات.

**ئەوەی وەك بازاڕی ئازاد بانگەشەی بۆکراوە لەکوردستاندا پێدەچێت ئەوەندە ئازاد بێت کە هەڵئاوسانی دروستکردووە**

**ناکرێت پەروەردەی سەرەکی باشبکرێت بێ یارمەتیدانی دایکانی ماڵەوە**

**دەبێت کابینەی داهاتوو هەوڵی خۆی تەرخان بکات بۆ داڕشتنی سیاسەتێکی باشی ئاسایشی ئاو و خۆراك**

# ئەركە چاوەڕوانكراوەكانی كابينە حكوميەكەی بەڕێز نێچيرڤان بارزانی



كازم حەبيب
تايبەت بۆ گوڵان نووسيويێتی

ژمارە (٨٦٧) ■ ٢٠١٢/٢/٦



لەســالّی ١٩٩٢ تا ئێستا لەهەرێمی كوردســتاندا شــەش كابينەی حكومی دامەزرێنراوە، ئێســتاش كە بۆ ســێيەمين جارێتــی بەڕێز نێچيرڤــان بارزانی بۆ دامەزراندنی كابينەی حەوتەم ڕادەســپێردرێت، لەدوای ئەوەی دكتۆر بەرهەم ســالّح بۆ دوو ســالّ كاروباری سەرۆكی ئەنجومەنی وەزيرانی لەئەستۆ گرتبوو، ئەوەش بەپێی ئەو ڕێكەوتنە ســتراتيژييەی كە لەسالّی ٢٠٠٥ لەنێوان هەردوو پارتە سەرەكييەكەی كوردستان (پارتی و يەكێتی )يەوە مۆر كرابوو، لەو كاتەوە ئيتر ئەم دوو پارتە لەهەولێری پايتەختی هەرێمی كوردستانەوە حكومەتی كوردستان بەڕێوە دەبەن، لێرەوە ئەو پرسيارەی بەتايبەتی ڕووبەڕووی كۆمەڵگەی كوردستانيی دەبێتەوەو بەلای هەموو كۆمەڵگەی عێراقييەوەيش گرنگە ئەمەيە، ئەو ئەركانــە چين كە لەم خولە نوێيــەی دامەزراندنەوەی كابينەی نوێدا چاوەڕێی حكومەتەكەی بەڕێز نێچيرڤان بارزانی دەكەن؟

ســەرەتا ئاماژە بەشــتێك دەدەم، ئەويش نادياری و نائاشــكرايی ئەو ماوە زەمەنييەيە كە سەرۆك وەزيرانی تــازە لەســەرۆكايەتی حكومەتدا تێيــدا دەمێنێتەوە، هەروەها وەزيرەكانيش بەهەمان شێوە، ئايا بۆ دوو ساڵەو بەپێــی ڕێكەوتننامە ســتراتيژييەكەيە يــان تا چوار ســالّ درێژ دەبێتەوە، وەك چۆن لەنووسينێكی تريشمدا كە لەســەرەتای دامەزراندنی حكومەتی يەكگرتووی پێشــووتردا، بەتەواوی ڕوونم كردبۆوە، كە دوو ســالّ تەمەن بەشی هيچ حكومەتێك ناكات تا بەتێروتەسەلی ئــەرك و بەرنامە وەزارييەكانی تەواو و تێر و تەســەل بكات، تا ئێســتاش ئەم پێشــنيازە پێويستە بەجدييەوە لەلايەن سەرۆكايەتی هەرێم و هەردوو پارتی دەسەڵاتدار و پەرلەمانەوە بيرێكی لێ بكرێتەوە، بێئەوەی پرســيار لەوە بكرێت داخۆ چ كەسێك بەرپرسيارێتی سەرۆكايەتی ئەنجومەنی وەزيران لەئەستۆ دەگرێت..

بێگومان هەرێمی كوردســتان لەو ساڵانەی دواييدا لەڕووی ئاوەدانيەوەو پــاش ڕووخانی ڕژێمی عێراقی وەرچەرخانێكــی گەورەی بەخۆوە بينيوە، بەشــێوەيەك شارەكانی هەولێر و سلێمانی و دهۆك لەچاو ئەوساياندا ناناسرێنەوە، ئێستا هەولێر شارێكی هاوچەرخە لەڕووی شــەقام و پــارك و بــازاڕی نوێــوە و هەوڵی زۆريش لەئارايــە بۆ چاككردنی بــازاڕە كۆنينەو دێرينەكانی، هەروەهــا نۆژەنكردنــەوەی قەڵا مێژووييەكەشــی كە بەبەردەوامی كاری لەســەر دەكرێت، بەشێوەيەكی وا تا ببێتە مەزارگەيەكی گەشــتياری، ئەويش بەهاريكاری ڕێكخراوی يۆنســكۆ، بەشــێوەيەكی گشــتی دەزگا نێودەوڵەتييەكانيــش لەپاراســتن و نۆژەنكردنــەوەی ئەو شــوێنەوارانەدا بەرپرســيارن، بەهــۆی ئارامی و ئاسايشــی هەرێمەكەو وەرگرتنــی ڕێژەيەكی گونجاو لەداهاتی گشــتی عێراق بۆ كوردستان كە بەنزيكەی ڕێژەی ٪١٧ دەخەمڵێنرێت، ئاستی بژێوی دانيشتوانی هەرێم بەشــێوەيەكی ڕێژەيی لەچاو جاراندا باشتر بووە، دامودەزگاكانی دەوڵەتيــش بەپڕۆژەكانی دۆزينەوەی هەلی كار بــۆ بێكارەكانەوە خەريكن و كوردســتانيش بووەتە پێگەيەك بۆ پێشــوازی لێكردنی زۆربەی زۆری عێراقييەكانــی ناوچەكانی تری ئەو وڵاتە كە بەهۆی ناســەقامگيری پارێزگاكانی ترەوەو لەتاو جەبەرووتی تيرۆريســتان پەنايان بۆ هەولێر هێناوە، چ ديانەكان يان سابيئەی مەندايی يان يەزيدييەكانی كە خراونەتە سەر ناوچە كارگێڕييەكانی موســڵ و ديالاو سەڵاحەدين، دواتريــش هەمــوو ئــەو كۆنگرانــەی كــە لەهەرێم دەبەسترێن، بۆخۆيان گەواهيدەرن بۆئەوەی كە لەهەرێم سڵ لەتيرۆريســتان ناكرێتەوەو ئاسايش و سەقامگيری بەرقەرارن..

بەپێــی زانيارييەكانم، وەزارەتی پلاندانــان بەردەوام ڕووپێوی گشــتی ســامان و بەروبوومی هەرێم دەكات و ئەمەش لەخزمەتی پەرەپێداندايە، وەك چۆن دەزگای ئاماری هەرێميش بەهەمان كار هەڵدەســتێت، ئەوانەش هەنــگاوی گرنگن بۆ خســتنەگەڕی ئەو ســامانە مرۆيی و ماددييانە كە لەخزمەتی پرۆسەی پەرەپێدانی نيشتمانيدايە، ئێســتاو بۆ ساڵانی داهاتووش ژێرخانی ئابووری پێويســتی زياتری بــە وەبەرهێنان هەيە، ئەو پرســيارەی كە لەيەكەميــن و دووەمين چاوپێكەوتنمدا لەگەڵ بەڕێز نێچيرڤان بارزانی هاتە زەينم و ئاڕاستەيم دەكرد بريتی بوون لەوەی چۆن چۆنی هەرێمی كوردستان بتوانێت لەڕووی ئابووری و كۆمەڵايەتی و كەلتووری و ژينگە پارێزييەوە پێشبخرێت و چۆن بتوانرێت هەژارێتی و بێكاری داپۆشراو و ئاشكرا نەهێڵرێت، ئەو گەندەڵييەش لەناو ببرێت كە تواناو سامانی نيشتمانی بەهەدەر دەدات و وڵاتەكەش دەخاتە بەر مەرحەمەتی ناڕەزايی و بێزاری دەربڕين و مانگرتن و پشێوييەوە؟

لەكاتێكــدا هەرێمی كوردســتان لــەڕووی توانای بۆ بەرهەمهێنانــی زۆر و بــازاڕە هاوچەرخەكانييەوە ئاســتێكی باشــی هەيە بۆ وەديهێنانی پێشــكەوتنی ئابووری و كۆمەڵايەتی، هاوكات دەشــتوانێت لەگەڵ بەشــەكانی تری عێراقدا بەرژەوەندی باڵای نيشتمانی بــۆ هەمووان مســۆگەر بكات، دوور لەو سياســەتی تەهميــش كردنەی كە لەســاڵانی ڕابــردوودا بەهۆی

ستەمکاریی مەرکەزییەتەوە هەمووان پێوەی گرفتار بوون بەتایبەتیش کوردستان، بەڵام بەپێی بەدواداچوون و سەردانە بەردەوامەکانم بۆ ئەو هەرێمەی کوردستان ئەوەم بۆ روون بۆتەوە کە پارێزگاکانی هەرێم دیدێکی ستراتیژیانەیان بۆ پرۆسەی پەرەپێدانی نیشتمانی گشتگیر نییە، لەکاتێکدا هەرێمەکە ئەوپەڕی پێویستی بەو دیدە پلانڕێژی و ستراتیژییە هەیە، بۆ داهاتووی وەچەکانی، هەروەها بۆئەوەی ئاوەدانکردنەوەی خۆرسك، بەپێی گۆڕانکارییە چاوەڕوانکراوەکان بێ پەروایانە نەچێتە پێشەوە، بەڵکو بەپێی ئەم بنەما سەرەکییانەی خوارەوە ئەنجام بدرێت، لەوانە:

١ـ هەرێم پێویستی زۆری بە پەرەسەندنی راستەقینەیە لەهەموو بوارە ئابووری و کۆمەڵایەتی و کەلتووری و ژینگەیی و پارێزگاری کردنەکانیەوە لەسامانە سروشتییەکەی، پاش ئەوەی لەرابردوودا لەزۆر رووەوە کەوتبووە ژێر باڵی چەوسانەوەو جەنگی یەك لەدوا یەکتر و تەعداکردنی بەردەوام لە گەل و خاك و سامانە سروشتیەکانی..

٢ـ رێژەی گەشەکردنی سالآنەی دانیشتووان لەرووی ژمارەوە گەلێك بەرزە، ئەوەش بۆ پەرەپێدان و خستنە کاری هێزی مرۆیی سوودی زۆرە، بەتایبەتی نەك تەنیا لەبوارەکانی دروستکردنی خانوو شەقامەکان، بەڵکو لەچاککردنی بوارەکانی ئاودێری و وزەشدا..تاد.

٣ـ سامانە نەوتییەکان، وێڕای ئەوەی بایەخی خۆیان هەیە، بەڵام نابێت ببێتە سامانی سەرەکی بۆ پرۆسەی پەرەپێدانی هەرێمەکە، پێویستە سەرچاوەکانی داهاتی نەتەوەیی و نیشتمانی هەمەجۆر بکرێن، نەك تەنیا بۆ ئەم وەچەیەو ئەوەی دوای ئەمان، بەڵکە بۆ وەچەکانی داهاتووتریش کە مافی خۆیانە لەئێستاوە خەم لەوانیش بخورێت..

٤ـ هەرێم بەکۆمەڵێك دراوسێ دەوردەراوە کە دراوسێتی و هاورێیەتی نازانن، بەڵکو سەرچاوەی هەرەشەو مەترسین، بارودۆخی حکوماتەکانی عێراقیش بەو سیاسەتانەی پیادەی دەکەن لەبەرانبەر هەرێمدا لەدوای کەوتنی رژێمی دیکتاتۆرییەوە هیچ دڵخۆشکار نین، چونکە بەپێی بنەماکانی دەستووری داڕێژراوی عێراقی هەڵسوکەوت ناکەن و پەنا وەبەر چارەسازی ئاشتیخوازی و دیموکراتیی نابەن.

٥ـ هەرکەسێك بەوردی لەبارودۆخی هەرێم بڕوانێت سێ مەسەلەی گرنگ درك پێدەکات ئەوانەش بریتین لە:

* زۆربوونی خەڵکانێکی ملیۆنێر و ملیاردێر بەبێ سەرپۆشێکی شەرعی، زۆربەی جاریش بەهۆی گەندەڵێتی لەسامان و کارگێڕییەوە دروست دەبن.

* بەردەوام هەبوونی ژمارەیەکی زۆری هەژاران کە لەناوچە میللییەکان و دواکەوتووەکاندا ژیان بەسەردەبەن، کە بەدەست گرفتەکانی ژیانەوە دەناڵێنن و هۆکاری نانەوەی کێشەو ئاریشەشن، هەروەها هەبوونی بێکاری بەهەردوو دیوی رووپۆشکراو و ئاشکرایەوە..

* گەورەبوونی کەلێنی نێوان دەوڵەمەندان و هەژاران کە نیگەرانی و دڵەڕاوکێی کۆمەڵایەتی و ناڕەزایەتی لێ دەکەوێتەوە..

٦ـ ئەو بەرینبوون و فراوانبوونەی بواری خوێندنی بنەڕەتی و ئامادەیی و زانکۆیی لەهەرێم هەنگاوی گرنگیان ناوە لەو حەوت ساڵەی دواییدا، پێمواية وەرچەرخانەکە بەئاراستەی ئێستای بەدواداچوونی وردی دەوێت بۆ جۆری خوێندنەکەو ئاستی خوێندن و دەرئەنجامەکانی، ئەوەش پێویستییەکی گرنگە و بەتایبەتی لەمەسەلەی بەستنەوەی خوێندن بە پەرەپێدانی گشتگیرەوە بۆ ئابووری هەرێم و دروستکردنی سەنتەرەکانی توێژینەوەی زانستی.

٧ـ لەرێی ئەم تێبینیانەوە دەردەکەوێت کە بیرکردنەوەی ستراتیژی و کردارەکی بەپێی ستراتیژیەتی پەرەپێدانی گشتگیر بۆ هەرێم چەند پرۆبایەخ بێت هێشتا کەمە، ئەمەش چەندین ئاماژەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کەلتووری و ئاسایشی لەخۆ دەگرێت بەو شێوازەی ئەو زەمینەیە تۆکمە بکات کە هەرێم بەسەرییەوە دەوەستێت بۆ رووبەڕووبوونەوەی پێداویستییەکان و تەحەددیاتەکانی داهاتوو..

زامن بوونی سەرەکی بۆ سەقامگیری سیاسی و ئەمنی لەهەر وڵاتێکدا یان هەرێمێکدا یەکێتی گەل و سروشتی پێوەندییەکانی نێوان هێز و لایەنە سیاسییەکانە، چ ئەوانەی لەدەسەڵاتدان یان ئەوانەی لەبەرەی ئۆپۆزسیۆنن، بەڕێوەبردنی ململانێی ناوخۆ، زانست و هونەرە لەیەك کاتدا، مەرجە لەسەر هەمووان بناغەی ئەو بەرنامانە رێك بخەین کە پارتە سیاسییەکان پێشکەشی دەکەن و بەسەرخستنی ئەو بەڵێنانەی بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەکان کە بەهاووڵاتیانیان دەدرێت مەیسەر دەکرێت، بێگومان بارودۆخی هەرێمی کوردستانی عێراق و مەترسی بەردەوامی هێزە دەرەکییەکانی کە بەچوار دەورییەوەن، پێویستی بەدۆزینەوەی زمانێکی هاوبەش دەکات لەنێوان دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن تا لەدەرئەنجامە خراپەکانی ململانێ و لێك بەربوون دوور بکەونەوە، ئەو زمانە هاوبەشە بەشێوەیەك سەردەخرێت کە هەمووان پابەندی دەستوور بکرێن لەپێوەندییەکانیاندا، بۆیە ناکرێت چارەسەرە کردارەکییەکان تەنیا لەسەر حەماسەتی نیشتمانی یان بەڵێن و بەکارهێنانی رێگەچارەی ئەمنی بوەستێن، بەڵکو پێویستە لەسەر بناغەی کرداری سیاسیانەو کۆمەڵایەتیانە راگیر بکرێن، چونکە یەکخستنی سیاسەت و هەڵوێست هاوکارە لەسەرخستنی بەرنامەی هاوبەش کە لەئاکامدا تواناو ئاواتەکان ئەکتیڤ دەکات بۆ سەرخستنی کارە بەرهەمدارە سوودبەخشەکان.

پاش بیست ساڵی رزگاربوونی هەرێم لە فەرمانڕەوایەتی ستەمکاری ناوەندیی بەغدا، کۆمەڵێك ئەرك بۆ پەرەپێدان دەکەوێتە سەرشانی هەرێمی کوردستان ئەمانەش تەنیا پێشنیازن و قابیل بەگفتوگۆن بەو ئومێدی ئەوەی سوودبەخش بن بۆ رۆژانی داهاتوو بەهەندی وەربگرن

**گەورەبوونی کەلێنی نێوان دەوڵەمەندان و هەژاران کە نیگەرانی و دڵەڕاوکێی کۆمەڵایەتی و ناڕەزایەتی لێ دەکەوێتەوە**

**بیرکردنەوەی ستراتیژی و کردارەکی بەپێی ستراتیژیەتی پەرەپێدانی گشتگیر بۆ هەرێم چەند پرۆبایەخ بێت هێشتا کەمە**

**سیاسەتی بازرگانێتی ئێستا خزمەت بە پەرەسەندنی پیشەسازی و کشتوکاڵی ناگەیەنێت، بەڵکە ڕێگرە لەبەردەم بەرهەمهێنانی لۆکاڵی و قرتێکەرێت**

که بەگشتی دواجار لەبەرژەوەندی وڵاتی عێراقیشدا دەبێت:

١ـــ دانانـــی بەرنامەیەكـــی واقیعی پشتبەســـتوو بەسەرچاوە سروشـــتییەكانی كوردستان بۆ دامەزراندنی كۆمەڵێـــك پـــرۆژەی پیشەســـازی ورد و هاوچەرخ و ژینگە پارێز، بە بەكارهێنانی تەكنیكی نوێ، هەروەها پەرەپێدانی پیشەســـازی پترۆكیمیایی و كشـــتوكاڵی و كەرەسەی دروستكردنی خانووبەرە و...تاد.

٢ـــ پەرەپێدانی وزەی كارەبایی و بەكارهێنانی وزەی ئەلتەرناتیـــڤ، كە كوردســـتان لەتوانایدایە بەرهەمی بهێنێـــت، بەتایبەتی بەرهەمهێنانـــی وزەی خۆر و با، چونكە وزەی ئەلەتریكـــی بناغەیەكە بۆ تازەكردنەوەو پەرەپێدانی كشتوكاڵی و پیشەسازی و ژیانی كەلتووری و كۆمەڵایەتی.

٣ـ وێڕای ئەو زەحمەتییانەی ڕووبەڕووی پەرەپێدانی كشتوكاڵی دەبێتەوە، پێویســـتە هەرێم وەبەرهێنانەكانی بەشـــێوەیەك ئاڕاســـتە بكات كە لەبەرژەوەندی كەرتی كشتوكاڵ و پێداویســـتییەكانی خۆراكی خەڵكیدا بێت، هەروەها ئاسایشـــی خۆراك زامـــن بكات بە وەرگرتنی ئەزموون لەساڵانی ڕابردوو بوونیان بەپەندێك بۆ ساڵانی داهاتـــوو، هەروەها بەكارهێنانـــی تەكنیكی هاوچەرخ بـــۆ ئاودێری بەهـــۆی كەمی ئـــاو و كەمی كارگەر لەگوندەكانی كوردســـتان كە لەبەر كۆچكردنی خەڵكی بە بەردەوامی لەدێ بەرەو شـــار ئەم دیاردەیە دروســـت بووە.

٤ـ لەكوردستان تەقالیدێك ماوەتەوە كە بۆ داپۆشینی هەندێك پێداویستی و بەرهەمی پیشەوەری و بچووكی لۆكاڵی پشـــت دەبەســـترێت بەپیشەسازی و پیشەوەری دەســـتی، پێویســـتە كەلوپەل و كەرەســـەی پێویستیان بخرێتە بەردەست و كەســـانی پیشەوەرزان هان بدرێن تا لەڕووی جۆرییەوە بەرهەمەكانیان بكەوێتە ئەســـتێڵكی دەوڵەمەندكردنی ئابووری وڵاتەكەوە..

٥ـ پێویست بوونێكی زۆر بۆ سەرلەنوێ ڕێكخستنەوەی بازرگانی دەرەكی هەیە، سیاســـەتی بازرگانێتی ئێستا خزمەت بە پەرەســـەندنی پیشەســـازی و كشـــتوكاڵی ناگەیەنێـــت، بەڵكە ڕێگـــرە لەبـــەردەم بەرهەمهێنانی لۆكاڵی و قرتێكەرێتی، بۆیە پێویستە نەخشە دابڕێژرێت بۆ لێكبەســـتنەوەی بازرگانی دەرەكـــی هەناردەكردن و پەرەپێدانی پیشەسازی و كشتیاری لۆكاڵ بەو شێوەیەی كە دەبێتە پاڵپشـــتییەك بـــۆ پەرەپێـــدان و وەبەرهێنان بەئاڕاستەی پیشەسازی هاوچەرخ و كشتوكاڵی تازە.

٦ـ هەرێمی كوردستان پێویستی بەتەكنیكاریی نوێیە، بارودۆخی ئێســـتای و دەوروبەرەكەشی وادەخوازێت، تا ســـەر گرەوی بازرگانی و ئابووری لەســـەر سەبەتەی دەوڵەتانی دەوروبەری نەكات، بەڵكو پێویســـتە، مامەڵە لەگـــەڵ وڵاتانـــی پێشـــكەوتووی دنیادا بـــكات بۆ بەرزكردنەوی ئاســـت و توانای كارگەران و ئامێرەكانی كە بەكاریان دێنن، پێویستە هێزی دەستی كاری ناوخۆ بۆ كارپێكردن هەڵسوڕێنرێن لەبری هێنانی كۆمپانیای بیانـــی كـــە كاریان هێنانـــی كرێـــكاری بێگانەیە بۆ كارپێكردن..

٧ـ لەهەرێمی كوردســـتاندا توانا هەیە بۆ پەرەپێدانی گەشـــتوگوزار بەهەرســـێ لایەنەكەیەوە: گەشتیاری و ســـەیران و ئایین و شـــوێنەوارە دێرینـــەكان، وێڕای تواناكانی لەم بوارەدا خراونەتە گەڕ هێشتا پێویستە پلان و كاری هاوبەش بكرێت بۆ ڕێكخستن و بەرفراوانكردن و فەراهەمبوونی پێداویســـتی مرۆیـــی و خانووبەرەی گەشتیاری و كەرەسەی لۆجیستی تری ئەم بوارە..

٨ـ بۆ دابین كردنی دادپەروەری كۆمەڵایەتی پێویستە هێزی كار وەگەڕبخرێن چەندین پێداویستی كۆمەڵایەتی دابین بكرێت تا ڕێگە بگیرێت لەهەژارێتی و بێكارێتی لەكۆمەڵگەدا بەبنەمایەكی پتـــەوی دوور لەگەندەڵی سامان و كارگێڕی كە كەس نكۆڵی لەهەبوونی ناكات لەهەرێمی كوردستاندا ( بێگومان عێراق بەدەست ئەم دوو نەخۆشییەوە دەناڵێنێت).

٩ـ پێموایـــە بایەخـــدان بە بەڕێوەبردنـــی ئابووری و بەڕێوەبردنی پڕۆژەكانی بەرهەمهێنان و خزمەتگوزاری و هەڵبژاردنی كەســـی شـــیاو بۆ شـــوێنی گونجاو و دوورخســـتنەوەی دامەزراندن لەســـەر مەحسوبیەت و مەنسوبیەت و خۆڕزگاركردن لەگەندەڵی و گەندەڵكاران پێشـــێلكارانی مافەكانـــی مرۆڤ ئەمـــڕۆ یەكێكن لەپێویســـتیەكان ئەویش بەڕێكخستنی كاری چاودێری و بەدواداچـــوون لەئەنجومەنـــی وەزیـــران و خـــودی وەزیرەكانەوە، بەبێ ئەم كارانە بەرەڵڵایی و بێ توانایی و نابەرپرسیارێتی دەبنە گەورەی هەمووان.

١٠- زەرورەتی ســـەرلەنوێ دووبـــارە پێداچوونەوەی هەردوو سیاســـەتی دارایـــی و نەختینەیی و چالاكی بانكـــەكان و كۆمپانیاكانی دڵنیایی و ئاراســـتەكردنی چالاكیـــەكان و چاودێـــری خستنەســـەر نرخـــەكان و ئاگاداربوون لەڕێژەی هەڵاوســـان لەهەرێمدا كە تێكڕا ئەمانە كاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر ئەو هاووڵاتیانە هەیە كە بەوە ناســـراون داهاتیان دیاریكراوە یا لەچینی هەژارانن.


١١- پیادەكردنـــی دیموكراتیـــەت لەژیانی ڕۆژانەو كاری حكومەت لەناو خودی پێوەندیەكانیان چ لەگەڵ كۆمەڵـــگاو چ لەگـــەڵ دامودەزگاكانـــی ڕاگەیاندن و ڕێكخراوەكانـــی كۆمەڵگـــەی مەدەنـــی و توێژی ڕۆشنبیران كە دواجار بەردێكی بناغەن بۆ زامنكردنی هاوبەشـــیكردن لەبەرژەوەندی پەرەپێـــدان و وەدیهێنانی بەرنامەی واقیعی لەجێبەجێكردندا.

١٢- دوا پێشنیازم بەســـتنی كۆنگرەیەكی ئابووری تایبەتمەنـــدە لەســـەر ئابـــووری هەرێمی كوردســـتان بۆ دۆزینـــەوەی ڕێگاچارەی پەرەپێـــدان، بەئامانجی گوێگرتن لەبیروڕاو پسپۆران لەمبوارەوە، دواتر وەزارەتی پلاندانان بەهاوكاری وەزارەتە پێوەندارەكانی تر پوختەی پێشنیازەكانی كۆنگرە تاوتوێ بكات هەروەها لەپێناوی پرۆسەی پەرەپێدانی گشـــتگیر لەهەرێمی كوردستاندا سوودی لێببینێت..

**بەستنی كۆنگرەیەكی ئابووری تایبەتمەندە لەسەر ئابووری هەرێمی كوردستان بۆ دۆزینەوەی ڕێگاچارەی پەرەپێدان پێویستە**

# پرۆژەی کۆنفیدرالی لە نێوان کورد و عارەبی سوننەدا

د. خەلیل ئیسماعیل محەمەد



قەڵەمڕەویتی دەسەڵاتی عوسمانییەکان ناوچەرگەی ئەورووپاو باکـووری ئەفەریـکاو ناوچەکانـی ناوەندی ئاسـیاو ناوچە عارەبییەکانی ئاسـیای گرتبۆوە، لەو کاتەیدا گەلانی ئەورووپی لەنـاو ململانێیەکی خۆبەخۆی توندا بـوون لەگەڵ یەکتردا، ئینگلیستان لە رووی سیاسیی و ئابووری و جیۆگرافییەوە بەر لـەوەی ببێتە ئەو ئیمپراتۆرییەتەی کە خۆری لێ ئاوا نابێت بۆ ماوەیەکی زۆر لە دنیا دابڕابوو!

رۆژگار وەرسـوڕاو لە سـەدەی بیسـتەمدا ئەسـتێرەی دەوڵەتـی عوسـمانی کوژایەوە، پەل و پۆی هــەلا هەلا بوون و ئیمپراتۆریەتەکـەی پوکایــەوە، پاش دۆڕاندنـی لە بەرانبەر هاوپەیمانە ئەورووپییەکانی کــە بەریتانیای گەورە رێبەرایەتی دەکـردن تەنیا ناوچەی ئانـادۆڵ و دەوروبەری بۆ مایەوە،پاش ئەوەی جەنگ دوا بەستێنی خۆی داکوتابوو، کێشەی ویلایەتی موسڵ وەك یەکێك لە پاشـماوە کێشەکانی ئەو جەنگەی نێوان تورکیاو بەریتانیا دەرکەوت، لەبەر رۆشـنایی راپۆرتی لیژنەی کۆمەڵەی نەتەوەکاندا سـاڵی ١٩٢٤ بڕیاردرا ویلایەتی موسڵ بکرێتە پاشبەندی دەوڵەتی تازە دروست بووی عیراقەوەو سەرەتا تورکیـا ئەمەی رەتکردەوە بەڵام ملـی بۆ ئەو دیفاکتۆیە کەچ کردوو دواتری قەناعەتی لەبارەی شـەرعیەت و یاسایی بوونی داواکەی بۆ وەدەستخستنەوەی ویلایەتی موسڵ نەگۆڕدرا، بەو پێیــەی کە ئەو ویلایەتە لە دەرەوەی هێڵی ئەو هودنەیەیە کە لە نێوان خۆیی و وڵاتانی هاوپەیماندا کەوتەوە، بە درێژایی سەدەی پێشوو بە تایبەتی لە ماوەکانی ناسەقامگیریدا لە ناو عیراق یان لە ماوەی قەیرانە سـەربازی و سیاسییەکانی ئەو ماوانەدا چ لەسەر ئاسـتی ناوخۆیی یان دەرەکی وڵاتانی دراوسێی تورکیا ئەوساو ئێستاش دەرفەت دوای دەرفەت دەقۆزێتەوە بۆ داواکردنی سـەرلەنوێ گێڕانەوەی ویلایەتی موسڵ وەك چۆن لە ماوەی جەنگـی ئێران عیراق کە لە سـاڵانی ١٩٨٠ تا ١٩٨٨ روویدا ئـەم ئارەزوو کردنەی خۆی نەشـاردەوە، هەروەها لە راپەڕینی گەلی عیراق لە سـاڵی ١٩٩١و لە ژێر رۆشنایی گۆڕانکارییە سیاسیی و سـەربازییەکانی ماوەکانی دوای ساڵی ٢٠٠٣ و تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت.

حکومەتی تورکیا هەوڵی زۆری دا هەر لە کاتی داگیرکاریی ئەمەریکا بۆ عیراقەوە تا ئەمیش بسـتە پێیەکی دەست بکەوێت لەو وڵاتەدا وەك چۆن هەر یەکێکی ترلە وڵاتانی هاوپەیمان شوێن پێـی خۆیان بۆ دانرابوو بەڵام هەوڵەکانی تورکیا نوشوسـتییان دەخواردو لەگەڵ ئەمانەشـدا هەر بەردەوامە لە هەوڵدانەکانیدا، بۆ ئەم مەبەستەش پەرسـەندنە سیاسییەکان دەقۆزێتەوە کە بە هۆیەوە پشتدەبەستێت بە پشتگیری کردنەکانی بۆ تورکمانەکانی عیراق، بە تایبەتی ئەوانەی کەرکوك، لە پێناوی ئامانجەکانی خۆیدا..

لە لایەکی ترەوە دەرئەنجامە خراپەکانی پرۆسەی سیاسی لە عیراق لە پاڵ دەسـەوردانە هەرێمایەتییەکان و نێودەوڵەتییەکانی ناو عیـراق زۆر پرۆچەی هێناوەتە گۆڕێ بە تایبەت ئەوانەی پێوەندییان بە گۆڕینی نەخشـەی سیاسـی عیراقەوەیە، تا ئەو حاڵەتی فەوزا سیاسـییەی کە لە وڵاتـدا هەیە بەکۆتا بێت و عیراق بـەرەو کەناری ئارامی و سـەقامگیری بچێت، یەکێك لەو پرۆژانەی کە بۆ دابەشـکردنی عیراقە بەسەرسێ هەرێمی فیدراڵیدا ئەویش بە پشــت بەستن بەچەندین بنەمای مێژوویی و جیۆگرافی و کارگێڕی کە وەك ئاشـکرایەو دیارە پێکدێت لە هەرێمی کوردی و هەرێمی عارەبی سوونی و هەرێمی عارەبی شیعیی.

لە لایەکی تریشـەوە دەرئەنجامەکانی پرۆسـەی سیاسی لە وڵاتدا پەردەی هەڵماڵیوە لەسەر داخوازییەکانی زۆر لە پارێزگاکان کــە لە هەوڵدان بۆ ئەکتیف کردنی ئەو ماددە دەسـتوورییەی رێگایان پێدەدات لە سنووری پارێزگاوە ببنە هەرێم، بە تایبەتی ئەو پارێزگایانەی کە دراوسێی هەرێمی کوردستانن، بە بیانووی بەپەراوێزکەوتنیان و پشـتگوێ خسـتنیان یـان بە هەنجەتی ئەوەی هەڕەشــەی بەردەوام خراوەتە سەر سەرکردەکانی ناو ئەو پارێزگایانە، لەوانەش نەینەوا و سەڵاحەدین و دیالا و ئەنبار.

لەکاتی گرژتربوونی قەیرانەکەی نێوان لایەنە سیاسییەکانی حوکمی عیراقدا و لە کاتی کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا و زۆرتر بوونی دەستێوەردانی هەرێمایەتی بۆ کاروباری عیراق یەکێك لەو پرۆژانەی قووت بوونەتەوە پرۆژەی یەکخسـتنی پارێزگاکانی وەك کەرکوك و دیالا و نەینەواو سـەڵاحەدین و ئەنبارە لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا بە تایبەتی هاوکات لەگەڵ نزیکبوونەوەی سەرکردەکانی هەرێم و سەرکردەکانی ئەو پارێزگایانە لە یەکتری. چونکە ئەو پارێزگایانە لە ٦٠٪ی رووبەری وڵات پێك دەهێنن، هەروەها لە ٣٥٪ی کۆی دانیشـتووانی عیراقی تێدایە، ئەگەر هەرێمی کوردستانیش بچێتە پاڵ ئەو پارێزگایانەوە ئەوا رێژەی رووبەری گشـتی لە ٧٠٪ی کۆی رووبەری عێراق دەگرێتەوە، واتا زیاتر لە نیوەی دانیشتووانی وڵات..

بەتێبینـی ئەوەی ئـەم پرۆژەیە بایەخێکـی تایبەتی لە لایـەن حکومەتی تورکیا پێدراوە کە تا ئێسـتاش لە هەوڵدایە بۆ گەڕانەوەی ولایەتی موسـڵ بۆ سـەر تورکیا، بۆیە ئێستا ناهەمـواری بارودۆخی عێراق دەقۆزێتەوە کە ئەو بارودۆخە لە دەرئەنجامدا سـیمایەکی تائیفەگەرانەی وەرگرتووەو هەڕەشە لە یەکێتی خاك و ئاسـایش و سـەقامگیری وڵاتەکە دەکات، ئـەوەی جێی سـەرنج بێت ئـەو بابەتەیە کە لــە رۆژنامەی مەدای ژمـارە ٢٣٧٢ لــە ٢٠١٢/١/٢٣ بڵاوکراوەتەوە تێیدا هاتـووە باڵیۆزخانــەی تورکیا لەبەغدا بەشـاندێکی میوانی راگەیاندووە کە پێکهاتووبوون لــە تورکمانەکانی کە نوێنەریان لەنـاو پارێزگاکانــی کەرکوك و نەینەواو دیالەو سـەڵاحەدین هەیەو بەتایبەت تورکمانەکانی نــاو پەرلەمانی عێراقی، پێی راگەیاندوون کە ئەنقەرە لە پاڵپشــتی کورد دایەو ئامۆژگاری ئەوەشــی کردون، ئەگەر بارودۆخ لە عێراق بتەقێتەوە پێویستە ئەو پارێزگایانە لەگەڵ هێزە کوردییەکاندا ببنە یەك، بەم شێوەیە عێراق ئەمرۆ بۆتــە تاقیگەیەك بۆ زۆر پرۆژەی هەمەجۆری ناوخۆیی و هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی، هەروەها بۆتە گۆڕەپانێك بۆ دەستێوەردانی بیانی، کە نەخشەی داهاتووی عێراق دەسکاری دەکەن، بێ ئەوەی پرسێك بە خەڵکەکەی بکەن، ئەو دەرئەنجامە ئابووری و کۆمەڵایەتیە خراپە دەقۆزنەوە کە بەهۆی شکسـتی پرۆسـەی سیاسـیەوە کاریگەرییە خراپەکەی نەك بۆ یەکێتی عێـراق و سـەقامگیربوونی لێ دەکەوێتەوە بەڵکو بەشـێوەی گشتی کاریگەری بۆ سەر هەموو ناوچەکە دەبێت .

**باڵیۆزخانەی تورکیا لە بەغدا بە شاندێکی میوانی تورکمانەکانی کەرکوك و نەینەوا و دەیالە و سەلاحەدینی وتووە ئەگەر بارودۆخ لە عێراق بتەقێتەوە پێویستە ئەو پارێزگایانە لەگەڵ هێزە کوردییەکاندا ببنە یەك**

## ئەنتۆنی کۆردسمان بۆ گوڵان:

# لەعێراقدا ململانێ لەسەر دەسەڵات فۆرمگەلێکی جیاوازی وەرگرتووەو بووەتە کێشەیەکی ئیفلیجکەر

**ئەنتۆنی کۆردسمان ئوستادی کورس ئەلین برۆکە لەستراتیژییەت لەسەنتەری دیراساتی دەولی و ستراتیژی (CSIS) هەروەها شرۆڤەکاری ئاسایشی نیشتمانی کەناڵی ABC news، پێشتر ئوستادی ئاسایشی نەتەوەیی بووە لەزانکۆی جۆرج تاون، کۆردسمان لەشەڕی کەنداوی ساڵی ١٩٩٠-١٩٩١ و هەروەها لەپرۆسەی ڕێوی بیابان و کێشەکانی بۆسنە و سۆماڵ و کۆسۆڤۆ وەك یەکێك لەشرۆڤەوانە جیهانییەکان دەرکەوت، لەمیانەی کارکردنیش لەسەنتەری دیراساتی ستراتیژی نێودەوڵەتی، پۆستی بەڕێوەبەری پرۆژەی هەڵسەنگاندنی کۆتایی ناوچەی کەنداوی هەبووە، هەروەها گەورە توێژەری پرۆژەی بەرگری نیشتمانی بووە، کۆردسمان چەندین پۆستی لەوەزارەتی بەرگری و دەرەوە و وزە وەرگرتووە، پۆستی یاریدەدەری جێگری وەزیری بەرگری هەبووە و لەساڵی ٢٠٠٨یشدا یاریدەدەری ئاسایشی نەتەوەیی سیناتۆر جۆن مەکین(پاڵێوراری کۆمارییەکان بووە بۆ سەرۆکی ئەمریکا)، کۆردسمان سەردانی هەرێمی کوردستانی کردووە و لەلایەن سەرۆك بارزانییەوە پێشوازی لێکراوە، بۆ قسەکردن لەسەر ڕەوشی ئێستای عێراق، بەپێویستمان زانی چەند پرسیارێك ئاراستەی بەڕێزی بکەین و بەڕێزی بەسوپاسەوە بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە.**



### بەردەوامی ناسەقامگیریی عێراق

**گوڵان:** دۆخی ئاڵۆزی عێراق دووبارە وڵاتەکە بەرەو توندوتیژی و شەڕی ناوخۆ دەبات، کاتێك سوننەکان لەپرۆسە سیاسییەکە کشاونەتەوە، بەم دواییە گەڕانەوە بۆ پەرلەمان، نەك بۆ ئەنجومەنی وەزیران، ئایا تا چەند ئاییندەی عێراق دەکەوێتە مەترسییەوە ئەگەر وڵاتەکە بگەڕێتەوە بۆ دۆخی ناسەقامگیری؟

**ئەنتۆنی کۆردسمان:** کێشەکە ئەوەیە هەرگیز عێراق بەڕاستی سەقامگیر نەبووە، ئاستێکی بەرزی توندوتیژی بەردەوامی تێدا هەیە، بەڵام نەك ئەو یاخیبوون و شەڕی ناوخۆییەی کە تاوەکو ساڵی ٢٠٠٨ درێژەی کێشا، بەڵام کاتێك لەئامارەکان دەڕوانیت لەعێراقدا، ئەوا توندوتیژییەکی زیاتر بەدی دەکەین لەڕووی ژمارەی قوربانیەکان کە زیاترە لەژمارەی قوربانیەکانی شەڕی ئەفغانستان، کە هەردوو وڵات نزیکەی هەمان ژمارەی دانیشتووانیان هەیە.

> **کورد هەوڵی گەیشتن بەسازشکردن و گرێدانی پێوەندییەکی سەرکەوتووانەیان داوە لەنێوان سەرکردە شیعە و سوننە جیاوازەکاندا**

لەڕاستیدا ماوەیەکی زۆر پێش هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠١٠ـەوە حکومەتێکی سەقامگیر لەئارادا نەبووە لەعێراقدا. ململانێی دەسەڵات پێش هەڵبژاردنەکە دەستی پێکرد کە فۆرمگەلێکی جیاوازی وەرگرتووە، بەدڵنیاییەوە لەماوەی چەند مانگی ڕابردوودا مەترسیدارتر بووە. هەرگیز سەردەمێك نەبووە، خەڵکی بەشێوەیەکی سروشتی تەرکیز لەسەر حکومڕانیکردنی عێراق بکەنەوە، بەوەی هەڵبستێت بەدابینکردنی پێداویستیەکانی خەڵك و ئاسایشی بەدیهێنابێت، ئەمەش کێشەیەکی ئیفلیجکەر بووە، کە لەئێستادا



هەڕەشەی سەرەکی سەر عێراق گرووپێکی یاخیبوو یان توندڕەو نییە، بەڵکو سەرکردە سیاسیەکانێتی.

**ئەو ململانێیەی کە عێراق دادەبڕێنێ لەکاروانی پێشکەوتن**

**گوڵان:** بەپێی بۆچوونی زۆرێك لەشارەزایان، بۆ ئەوەی عێراق بگەڕێتەوە بۆ دۆخی ئاسایی، دەبێت لایەنە سوننەو شیعەکان پێکەوە کاربکەن و کۆنفرانسێکی نیشتمانی ببەسترێت، هەروەك ئەوەی لەلایەن سەرۆك بارزانیەوە پێشنیار کراوە، بەڵام سەرۆك وەزیران هەر جۆرە گفتوگۆیەك ڕەت دەکاتەوە، کەواتە تا چ ڕاددەیەك ڕەتکردنەوەی گفتوگۆ ئەوەندەی دیکە دۆخەکە ئاڵۆز دەکات؟

**ئەنتۆنی کۆردسمان:** دەبێت زۆر وریابین و نەڵێین لایەنێك گرفتە. لەئازاری ساڵی ٢٠١٠ـەوە هەردوولا پتر بایەخیان بەتموحەکانی خۆیانداوەو کەمتر گرنگیان بە بەرژەوەندییەکانی خەڵکی عێراق داوە، بەڵام ئاشکرایە کە پێویست بەسازشکردن دەکات لەنێوان هەردوو لایەنی شیعە و سوننەدا، هەروەها پێویست بەهاوکاری نێوان کورد و عەرەب و کەمینەکان دەکات، لەسەرووی هەمووشیەوە پێویستە حکومەتی مەرکەزی تەرکیز لەسەر ئاسایش و گەشەپێدان بکاتەوە، نەك لەسەر تموحی سەرکردەکانی. ئایا گفتوگۆ و سازش دەکرێت لەپێناو ئەنجامدانی ئەم کارەدا؟ ئەمە پرسیارێکە کەسێك لەدەرەوە ناتوانێت ڕاسپاردەی هەبێت لەبارەیەوە. بەڵام پێموانییە مەسەلەکە ئەنجامدانی گفتوگۆ بێت، عێراق بەرگەی بوونی بەرپرسگەلێکی باڵای هەڵبژێردراو

> **سوننەکان پەنا بۆ وڵاتانی کەنداو دەبەن، دەبێت کوردەکانیش هەوڵبدەن هاوسەنگیەك بدۆزنەوە لەنێوان ئێران و وڵاتانی کەنداو و تورکیادا**

**هەرگیز سەردەمێك نەبووە، خەڵكی بەشێوەیەكی سروشتی تەركیز لەسەر حكومڕانیكردنی عێراق بكەنەوە، ئێستاش هەڕەشەی سەرەكی سەر عێراق گرووپێكی یاخیبوو یان توندڕەو نییە، بەڵكو سەركردە سیاسیەكانێتی**

ناگرێت كە بایەخ بەبوونی حكومڕانیەكی كارا و ئاسایش بۆ خەڵك و بەرەوپێشچوون و خۆشگوزەرانی ئابووری خەڵك نادەن. ئـەوەی لـەدەرەوە دەیبینیـن بایەخدانە بەتموحی شەخسی و بەخۆپەرستی، نەك هەر تەنیا هەڕەشـەیە بۆ سەر ئاییندەی وڵات، بەڵكو هەڕەشەیە بۆ سەر تێكڕای خەڵكی عێراق.

**گـوڵان:** هەندێ لەشـارەزایان پێیانوایە دەبێـت ئەمریـكا پشـتیوانی خۆی بۆ عێراق بگوازێتەوە بۆ حكومەتی عێراق، ئایا پێتانوایـە ئەمریكا دەتوانێت لەڕێی پشـتیوانیكردنی عێراقەوە فشـار بخاتە سەر حكومەتی عێراق؟

**ئەنتۆنی كۆردسـمان:** كێشە عەمەلیەكە ئەوەیە ئەمریكا لەدوای هەڵبژاردنەكانەوە فشاری خستۆتەسـەر عێراق و تەنانەت لەپێش هەڵبژاردنەكانیشەوە كاری كردووە بۆئەوەی قەناعەت بەلایەنەكان بكات كە دەبێت لەگەڵ یەكدا كاربكەن بەچاوپۆشین لەدەرئەنجامـی هەڵبژاردنـەكان، بەڵام كێشەكە ئەوەیە ئەمریكا لەم ساتەوەختەدا هیـچ دەسـەڵاتێكی نییـە بۆئەوەی دەستێوەردان بكات یان فشاری بخاتەسەر، هەروەها هاوكارییەكانی ئەمریكاش ئەوەندە نییە كـە بتوانێت بەكاریـان بهێنێت بۆ ئەوەی قەناعەت بەسەركردە سیاسییەكانی عێراق بكات كـە پێكەوەكاربكەن. ئەمە دۆخێكە نـەك تەنیا ئەمریـكا، بەڵكو چەندین وڵاتـی دیكە كاریـان كردووە بـۆ ئـەوەی سـازش بكرێت(لەنێـوان لایەنەكاندا). نەتـەوە یەكگرتووەكانیش هـەوڵ و كۆششـی گـەورەی كردووە بۆئـەوەی لایەنە سیاسـییەكانی عێراق پێكەوە كاربكەن، بەڵام ئەو هەوڵانە خۆیان لەخۆیاندا سەركەوتوو نابن، ئەمە كێشەی عێراقیەكانەوە تەنیا لەلایەن عێراقیەكانەوە چارەسەر دەكرێت.

## ڕۆڵی پێشەنگانەی كورد لەدیاریكردنی ئامانجدا

**گـوڵان:** ئایا كورد هیچ ڕۆڵێی ئیجابیی دەبینن لەهێوركردنەوەی بارودۆخەكەدا؟

**ئەنتۆنی كۆردسـمان:** پێموایە كوردەكان ڕۆڵی ئیجابیان بینیوە، زۆر گرنگە كورد هەوڵی گەیشتن بەسازشكردن و گرێدانی پێوەندییەكی سەركەوتووانەیان داوە لەنێوان سـەركردە شیعە و سـوننە جیاوازەكاندا. لەبـەر ئـەوەی ڕاسـتیەكە ئەوەیە كە هیـچ بەدیلێـك نییە، بـەلای كەمەوە لەئاییندەیەكـی نزیكدا بۆ پاراسـتنی یەكگرتوویی عێـراق، ژێرخانی وڵاتەكە و سـەرچاوەكانی وزە و مامەڵەكـردن لەگەڵ دەوڵەتە دراوسێكاندا، كوردەكانیش تاوەكو ئێسـتا ڕۆڵێكی گەورەیان بینیوە بەئاراستەی ئەو ئامانجانەدا.

## لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی گشتی عێراق

**گوڵان:** بەپێی بۆچوونی هەندێك لەشارەزا



**عێراق بەرگەی بوونی بەرپرسگەلێكی باڵای هەڵبژێردراو ناگرێت كە بایەخ بەبوونی حكومڕانیەكی كارا و ئاسایش بۆ خەڵك و بەرەوپێشچوون و خۆشگوزەرانی ئابووری خەڵكی نادەن**

**پیادەكردنی سیغەیەكی فیدراڵی كە تێیدا دەسەڵاتی زیاتر بەپارێزگاو شارەكان بدرێت، بۆ ئەوەی ئاییندەی خۆیان كۆنترۆڵ بكەن و سەرچاوەكانی وڵاتەكە دابەش بكەن بەشێوەیەك كە كۆنترۆڵی مەركەزی كەمتر هەبێت**

محەلیەكان، گرێدانی كۆنگرەی نیشتمانی تاكە ڕێگایە بۆ چارەسەركردنی قەیرانی سیاسـی عێراق، چونكـە ئەگەر عێراق كێشەكانی بەگفتوگۆ چارەسر نەكات، ئـەوا دەبێتە دەوڵەتێكی شكسـتخواردو، ئایـا ئەگەر عێـراق ببێتـە دەوڵەتێكی شكسـتخواردو چ كاریگەرییەكـی لەسـەر ئاسایشـی ناوچەكەو لەسـەر بەرژەوەندییەكانی ئەمریكا دەبێت؟

**ئەنتۆنی كۆردسمان:** بەدڵنیاییەوە عێراق گرنگە بۆ سەقامگیری ناوچەكەو عێراق هێزێكـی گەورەیە لەكەنداودا و دەتوانێت ڕۆڵێكی هەستیار ببینێت لەزەمانەتكردنی ئاسایش و سەقامگیری كەنداودا. بەڵام ئەو عێراقەی كە سەركردایەتیەكی كارا و یەكگرتووی هەبێت و عێراقێك كە بتوانێت وڵاتەكە بەرەو ئاسایش و گەشەكردن ببات. ئەوەی هۆشداری لەبارەوە دەدەم ئەوەیە كە كۆنگرە و گفتوگۆكان پێمانا دەبن ئەگەر ئەو خەڵكانەی بەشداری دەكەن ئامادەی سـازش نەبن و ئامـادەی گرێدانی ئەو پێوەندیانـە نەبـن كـە پێوەندیگەلێكی سـەركەوتوو دەبن، كە دەبوو ئەمانە ساڵ و نیوێك پێش ئێسـتا و بـێ كۆنگرە و ئەنجامدانی گفتوگۆی ڕەسمی ڕوویان بدایە. مەسەلەكە مەسـەلەی سازدانی كۆبوونـەوە نییـە، بەڵكو ئەوەیـە ئایا سـەركردەكان بەرژەوەندی عێراق دەخەنە پێشەوە.

**گـوڵان:** هەندێ لەشـارەزایان پێیانوایە ئەگەر دۆخی عێراق بەم شێوەیە بەردەوام بێت، ئـەوا وڵاتەكە دەبێتـە گۆڕەپانێك بۆ دەسـتێوەردانی دەرەكـی، بەتایبەتی ئەگەری زیادبوونی ئاستی دەستێوەردانی ئێران لەعێراقدا، هەروەها چ پێشبینیەكت

هەیە بۆ دابەشبوونی عێراق بۆ سێ وڵاتی کورد و عەرەب و سوننەکان؟

**ئەنتۆنی کۆردسمان:** دەبێت وریابین ئەگەر عێراق زۆر لاواز بێت، کە بۆی هەیە لەئێستا لاوازتر بێت، ئەوا بەدڵنیاییەوە کاریگەری و دەستڕۆیشتوویی ئێران زیاتر دەبێت بەسەر شیعەکانەوە، ئەگەر لایەنێکی دیکە نەبێت پەنای بۆ ببەن، ئەوەش تا ڕاددەیەك حەتمیە کە سوننەکان پەنا بۆ وڵاتانی کەنداو دەبەن، دەبێت کوردەکانیش هەوڵبدەن هاوسەنگیەك بدۆزنەوە لەنێوان ئێران و وڵاتانی کەنداو و تورکیادا، ئومێدەکە ئەوەیە بتوانن ئەم کارە بەهاوکاری دەرەوە بکەن. ڕاستیەکەی ئەوەیە عێراق ناتوانێت سەرکەوتوو بێت گەر بەو شێوە بچێت هەر وەك وڵاتێکی دابەش بوو. لەپێوەندیدا بەسوود وەرگرتن لەسەرچاوەکانی ئاو، سەرچاوەکانی وزەی وڵاتەکەو هۆکارەکانی گواستنەوەو سیستمەکانی کارەبا، باسکردن لەدابەشبوونی وڵاتەکە ئاسانە، بەڵام ئەو ساتەی تۆ دەتەوێت ئەمە پیادە بکەیت ئەوکاتە دەبینیت کە چی ڕوودەدات. عێراقیش لەدۆخێکی دەگمەندایە لەپێوەندیدا بەپشتبەستن بەداهاتی نەتەوە، هیچ وڵاتێکی دیکەی کەنداو بەهەمان ئاست پشت بەسەرچاوەی نەوت و بەدابەشکردنی داهاتی ئەو نەوتە بەشێوەیەکی بەرفراوان بەسەر خەڵکدا نابەستێت. هەروەها ڕوونە عێراقێکی لاواز و دابەشبوو کە پتر لاوازدەبێت لەبەرامبەر فشاری دەوڵەتە دراوسێکاندا، ئاشکرایە کە نازانرێت ئایا هەر یەك لەم وڵاتانە دەتوانن چی بکەن، ئەمە زۆر جیاوازە لەبەهێزکردنی پارێزگاکان و لەپیادەکردنی سیغەیەکی فیدراڵی کە تێیدا دەسەڵاتی زیاتر بەپارێزگا و شارەکان بدرێت بۆ ئەوەی ئاییندەی خۆیان کۆنترۆڵ بکەن و سەرچاوەکانی وڵاتەکە دابەش بکەن کە کۆنترۆڵێکی مەرکەزی کەمتر هەبێت. ئەم هەوڵ و کۆششە ڕەنگە کاریگەری ئیجابی لێبکەوێتەوە ئەگەر عێراقیەکان ڕازی بن بەسازدانی سازش، بەڵام دابەشکردنی عێراق بۆ چەند دەوڵەتێکی بچکۆلە عێراق ئەوەندە لاواز دەکات کە نەتوانێت بەرێوەبچێت و بەردەوام بێت.




**(ثقافة الحکم و بناء الدیمقراطیة) نوێترین بەرهەمی (فەرهاد محەمەد)ی سەرنووسەری گۆڤاری گوڵانە کە (بەهائەدین جەلال مستەفا) کردویەتی بە عارەبی ، ئەمە یەکێکە لەو کتێبانەی لەم ڕۆژگارەدا بۆ تێگەیشتنی دروست لە ڕۆشنبیری فەرمانڕەوایەتییەکی بەدەر لە بەرژەوەندی تەسکی سیاسەت و بە ڕەهایی دەسەڵات گرتنە دەست؛ هەروەها بۆ زانینی چەسپاندنی بنەماکانی دیموکراتیەتێکی ساغڵەم لە کۆمەڵگەی کوردیدا پێویستییەکی هەنووکەییە.**

**کتێبەکە لە ٢٢٤ لاپەڕەدا لە خانەی زانستی فکری سیاسیدایەو لە لایەن بەشی بڵاوکردنەوەی هەولێری سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆژنامەنووسی و چاپ و بڵاوکردنەوە بەچاپ گەیاندراوە..**

## مایكل نایت بۆ گوڵان:

# مالیكی هەوڵی بۆ ئەوەیە لیستی ئەلعراقیە لێكبترازێنێت بۆیە موتڵەگ دوور دەخاتەوە و عیساوی دەستكاری ناكات

**پرۆفیسۆر مایكل نایت گەورە توێژەری ئامۆژگای واشنتۆن بۆ سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی نزیك و پسپۆر و تایبتمەند لەكاروباری ئاسایش و سەربازی عێراق و ئێران و دەوڵەتانی كەنداو، پرۆفیسۆر نایت ڕاوێژكاری پێنتاگۆن بووە، لەو ماوەیەی كە ڕاوێژكار بووە هەوڵیداوە دیراسەت لەسەر ئەوە بكات چۆن پەند لەئۆپەراسیۆنی عێراق وەربگرێت لەساڵی ١٩٩٠ـەوە، ئێستاش پرۆفسۆر نایت وەك گەوەر توێژەری ئامۆژگای واشنتۆن وەك پسپۆر و تایبتمەندی یەكەم لەسەر عێراق لەقەڵەم دەدرێ، بۆقسەكردن سەبارەت بەئێستای عێراق، پرۆفیسۆر نایت لەلێدوانێكی تایبەتدا بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن كە ئەمە دەقەكەیەتی.**



*** لەگەڵ ئەوەی حكومەتی ناوەندی هەموو هەوڵی بۆ ئەوەیە خۆی بەهێز بكات و لەڕێی هێزەوە كۆنترۆڵی بارودۆخەكە بكات، بەڵام عێراق ئێستا لەحاڵەتێكی پەشێوی ناسەقامگیریدایە، ئایا وەك تایبەتمەندێك لەسەر عێراق چۆن ئەم بارودۆخە دەبینیت؟**

- ئەگەرێكی لاواز هەیە بۆ بەرزبوونەوەی ئاستی توندوتیژی بۆ ئەو ئاستەی لەساڵی ٢٠٠٦ و ٢٠٠٧دا هەبوو، عێراق حكومەتێكی مەركەزی بەهێزتری هەیە بە بەراورد بەساڵی ٢٠٠٦ و ٢٠٠٧، كە كۆنترۆڵی مەركەزی زیاتری هەیە بەسەر هێزە ئەمنیەكانەوە. لەماوەی دوو بۆ سێ ساڵی ڕابردوودا چەندین ڕووداوی توندوتیژیمان بینی، كە ئاستی توندوتیژیەكانیش لەماوەی دوو بۆ سێ مانگی ڕابردوودا زیادیان كردووە، لەدوو بۆ سێ پارێزگادا، بەڵام ئەمە نەبووە هۆی هەرەسهێنان و لەناوچوونی سەقامگیری لەوڵاتەكەدا. كەواتە ئەگەرچی عێراق بەقۆناغێكی خراپدا دەڕوات لەدوای كشانەوەی هێزەكانی ئەمریكا، بەڵام ئەگەری هەرەسهێنانی حكومەت یان شەڕی ناوخۆیی لەئارادانییە. ئەگەر لەلایەنە سوننەكان بڕوانیت، ئەوا بوونەتە دوو بەرە، بەرەیەكیان بەسەرۆكایەتی سەرۆكی پەرلەمان، ئوسامە نوجەیفی، كە پێدەچێت پتر ئامادەی كاركردن بێت لەگەڵ مالیكیدا لەمەودای دووردا، كە هەندێ لەئەندامەكانی ئامادەی ئەنجومەنی وەزیران دەبن و هەندێ لەئەندامەكانیشی ئامادەی پەرلەمان دەبن. ئەگەر لەبەرەكەی دیكە بڕوانین كە سەركردە بەساڵاچووەكانی ئەلعێراقیە لەخۆدەگرێت، وەك تاریق ئەلهاشمی كە

**ئەگەرچی عێراق بەقۆناغێكی خراپدا دەڕوات لەدوای كشانەوەی هێزەكانی ئەمریكا. بەڵام ئەگەری هەرەسهێنانی حكومەت یان شەڕی ناوخۆیی لەئارادانییە**

**مالیکی ئەوەندە خەڵك لەخۆی کۆدەکاتەوە کە بەس بێت بۆ دروستکردنی هاوپەیمانێتییەکی نیشتمانی بۆئەوەی بتوانێت لەداهاتوودا حکومڕانی وڵاتەکە بکات**

کارکردن لەگەڵ مالیکیدا بەزەحمەت دەزانن. مالیکیش هەندێ جوڵانەوە دەکات کە پتر لێکیان دادەبڕێت، بۆ نموونە تۆمەتبارکردن لەدژی ڕافع ئەلعیساوی بەرز ناکاتەوە، کە بەردەوامە لەکارەکەی وەك وەزیری دارایی، بەڵام هەوڵی دوورخستنەوەی ساڵح ئەلموتڵەگ دەدات و کێشەکەی تاریق ئەلهاشمیش دەباتە دادگا. پێمولیە مالیکی لەم قەیرانە سیاسییەی ئێستا باڵادەست بێت و لەلوتکەدا دەمێنێتەوە. ئەمەش بەمانای ئەوە دێت کە ئێمە توندوتیژی زیاتر دەبینین لەعێراقدا لەماوەی ساڵی ٢٠١٢دا، بەڵام پێموانیە وڵاتەکە هەرەس بهێنێت یان دووبارە شەڕی ناوخۆ سەرهەڵبداتەوە.

*** کەواتە ئێستا مالیکی خۆی لەپێگەی هێزدا دەبینێتەوە بۆیە نەرمی نانوێنێت یان گرێدانی کۆنگرەی نیشتمانی بەلاوە گرنگ نییە، ئەگەر ئەم کێشەیەی ئێستا بەدیالۆگ چارەسەر نەکرێت، ئایا ڕێگەچارەی دیکە هەیە؟**

- بەلای مالیکییەوە پاڵنەری سازدانی کۆنگرەیەکی نیشتیمانی نییە، ئەو بایەخ بەکۆنترۆڵی هێزە ئەمنیەکان دەدات، ئەو دەیەوێت یاسای بودجە لەپەرلەمان تێپەڕێت، کە هەموو کەس پێویستی بەمەیە، کەواتە بۆچی پێویستی بەکۆنفرانسێکی نیشتمانی هەیە. پێموایە ئەم کێشەیە سیاسییە کۆتایی نایەت، لەڕووی توندیەوە خاو دەبێتەوە، بەڵام بەدرێژایی ساڵ سەرهەڵدەداتەوە، لەڕاستیدا پێموایە ئەم قەیرانە سیاسییە کۆتایی نایەت تاوەکو هەڵبژاردنی داهاتوو. ڕەنگە دوای هەڵبژاردنە محەلییەکان سەقە و ڕێککەوتنی سیاسی نوێ ببینین لەعێراقدا. ئەو دەرئەنجامەی زیاتر ئەگەری هاتنەدی لێ دەکرێت، ئەوەیە مالیکی گروپە شیعەکان لەخۆی کۆدەکاتەوە، لەگەڵ هێنانە ناوەوەی هەندێ گرووپی سوننە بۆ هاوپەیمانێتییەکەی، واتە ئەوەندە خەڵك لەخۆی کۆدەکاتەوە کە بەس بێت بۆ دروستکردنی هاوپەیمانێتییەکی نیشتمانی بۆئەوەی بتوانێت لەداهاتوودا حکومڕانی وڵاتەکە بکات. ئەوە بۆتە نەریت لەعێراقدا کە کۆنفرانس ببەسترێت و ئاشتەوایی بکرێت و هەموو لایەك بهێنرێنەوە بۆ سایەی خێمەکە، بەڵام پێموانیە چیتر مالیکی پابەند بێت بەڕێساکانی ئەو گەمەیەوە، چونکە ئەو زۆر جدیە لەپێکهێنانی حکومەتی زۆرینە، کە هەندێ کەس

**مالیکی بایەخ بەکۆنترۆڵی هێزە ئەمنیەکان دەدات و دەیەوێت یاسای بودجە لەپەرلەمان تێپەڕێت، کەواتە بۆچی پێویستی بەکۆنفرانسێکی نیشتمانی هەیە**

ئەندام دەبن لەحکومەتەکە و هەندێکیش لەدەرەوەی حکومەت دەبن. کە لەساڵی ٢٠٠٣وە حکومەتی تەوافوقی هەبوو کە هەموولایەك بەشداربوون لەحکومەت و هەموولایەك وەزیری هەبوو لەحکومەتەکەدا، بەو شێوەیە باس لەکێشەکان دەکرا و چارەسەری تەوافوقی بۆ دەدۆزرایەوە، پێموایە مالیکی دەیەوێت ڕێساکانی گەمەکە بگۆڕێت لەئێستادا، کە پشتیوانیەکی بەهێزی لێدەکرێت لەلایەن ئەمریکاوە و ڕەنگە سەرکەوتووش بێت، ئەگەری سەرکەوتنی هەیە لەبەر ئەوەی سوننەکان یەکگرتوو نین، ئەگەر سوننەکان یەکگرتوو بن و ئەگەر لەگەڵ کوردەکاندا یەکبگرن، کە مەسعود بارزانی سەرۆکی کوردستان کە هەڵوێستی زۆر بەهێز و جێگیری هەبووە و بەراستی بەڕووی مالیکیدا وەستاوەیەوە لەم قەیرانەدا، بەڵام کێشەکە لەکورددا نییە، بەڵکو لەسوننەکاندایە کە یەکگرتوو نین و دابەش بوونە بۆ ئەوەی هەریەکەیان بەجیا ڕێککەوتن و سەفقەی خۆی لەگەڵ مالیکیدا بکات. ئەمە کێشەیەکە کە ئێمە لە٢٠٠٣وە دەیبینین کە یەکگرتوویی و پشتیوانیەکی کەم هەیە لەنێوان لایەنە سوننەکاندا.

*** تاچەند ئەمریکا لەم قۆناخە ڕۆڵی دەبێت و تاچەند دەتوانێت کاریگەری خۆی بەسەر لایەنەکاندا بچەسپێنێت، بەواتەیەکی دیکە تۆ پێتوایە ئەمریکا بتوانێت ئەم کارە بکات؟**

- پێموایە ئەمریکا دەتوانێت کاریگەری زۆری هەبێت بەسەر حکومەتی فیدراڵی عێراقەوە، بەڵام ئەمریکا نایەوێت ئەم کارە بکات. لەهەمان کاتدا باڵیۆزی ئەمریکا لەبەغدا کە پشتیوانی مالیکی دەکات، کاتێك مالیکی لەواشنتۆن بوو حکومەتی ئەمریکا ڕەخنەی لەکۆنترۆڵکردنی هێزە ئەمنیەکان، لەدەسەڵاتی قەزائی و لەدادگای ئیتیحادی نەگرت و ئەو ڕەخنانەی کە ئەمریکا کردویەتی بەپێیشە کە لەبارەی وڵاتانی دیکەوە بیڵێت، نەیوت لەبارەی عێراقەوە. لەو کاتەوە باڵیۆزی ئەمریکا لەعێراق دەڵێت ڕێگاچارەی مالیکی بۆ دەربازبوون لەم قەیرانە ڕاستە، کە بریتییە لەپێکهێنانی حکومەتی زۆرینە، کە براوەکان لەحکومەتدا بن و دۆڕاوەکانیش لەدەرەوەی حکومەتدا بن، حکومەتی ئەمریکا ڕایدەگەیەنێت ئەوە ڕێگایەکی ڕاستە بۆ بەرەوپێشچوون. کەواتە ئەمریکا کاریگەری و دەسترۆیشتووییەکی زۆری هەیە، بەڵام لەم ساتەوەختەدا هاوڕایە لەگەڵ مالیکیدا، بەڕاستی ئەوە کێشەکەیە.

**ئەمریکا کاریگەری و دەسترۆیشتووییەکی زۆری هەیە. بەڵام لەم ساتەوەختەدا هاوڕایە لەگەڵ مالیکیدا!**



## ستیفن ڤان ئیڤێرا بۆ گوڵان:

# هەموو ئەگەرەکان ئاماژەن بۆئەوەی شەڕی ناوخۆ لەسوریا سەرهەڵبدات

پرۆفیسۆر ستیفن ڤان ئیڤیرا ئوستادی پێوەندییە نێودەوڵەتیەکانە لەزانکۆی ماسیۆشیتد تەکنۆلۆژی (MTI) و لەم بوارەشدا لەچەندین ناوچە کاری کردووە وەك قەوقاز و سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا و سیاسەتی ئاسایشی ئەمریکا، هەروەها دەستێوەردانی ئەمریکا لەوڵاتانی جیهانی سێهەم و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بۆ قسەکردن لەسەر ڕەوشی ئێستای سوریا پێوەندیمان بەپرۆفیسۆر سیتفن ڤان ئیڤیرا کرد و بەڕێزی بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.

*** سەرەتا و پێش هەمووشتێک، ئایا بارودۆخەکانی «سوریا» چۆن دەخوێنیتەوە؟**

- بەڕای من بارودۆخەکانی «سوریا» زۆر ترسناک و زۆر تراژیدییە و ئەگەر هەیە بارودۆخەکە تەشەنەی زیاتر بەخۆیەوە ببینێت و ببێتەهۆی سەرهەڵدانی شەڕێکی ناوخۆیی، بەڵام «سوریا» پێشووەختە دووچاری ئاستێکی نزم لەشەڕی ناوخۆیی بووە بەهۆی ئەو کوشتنەی کە بەردەوام لەڕوودانە و ئەوەیش جۆرێکە لەشەڕی ناوخۆیی، لەلایەنێکی دیکەیشەوە لێکترازان لەڕیزەکانی سوپا ڕوویداوە و ئەو جۆرە حاڵەتانە شەڕی لەپاش ڕوودەدات، بۆیە من زۆر نیگەران و ڕەشبینم لەبارەی بارودۆخەکانی «سوریا» و ترسم هەیە شەڕێکی ناوخۆیی گەورە لە «سوریا» هەڵبگیرسێت.

*** هەر لەسەرەتاوە ڕژێمی «سوریا» بەردەوام سەرکوتکاریی ئەنجامداوە، بارودۆخەکانی «سوریا»یش گەیشتووەتە ئاستێک کە پێشبینیەکانمانی گۆڕیوە لەبەرئەوەی پێکدادانەکان گەیشتووەتە «دیمەشق»ی پایتەخت «سوریا» و بارەکە زۆر مەترسیدار بووە، بەڕای تۆ ئایا تاچەند پێتوایە کە ڕووخانی «ئەسەد» نزیک بووەتەوە؟**

- وابزانم نزیک بووەتەوە، بەڕای من کۆتاییەکە بەو شێوەیە دەبێت کە «ئەسەد» دەڕووخێت و گرووپەکەی ئەو شەڕە ناوخۆییە دەدۆڕێنێت، بەڵام لەو بڕوایەدانیم ڕووخانی «ئەسەد» لەلایەن گرووپەکەی بێت، بەواتایەکی دیکە سوپا و عەلەوییەکان و هێزە عەلەوییەکان لەسوپا هەرگیز «ئەسەد» ناڕووخێنن، نەخێر ئەوان ئەو شتە ناکەن، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەوان لەپاش ڕووخانی «ئەسەد» دەترسن، لەوە دەترسن سوننەی زۆرینە دەسەڵات لەدەستبگرێت و بیانچەوسێنێتەوە، بۆیە ڕووخانی «ئەسەد» دوو سیناریۆی لەخۆگرتووە، یەکەمیان ئەوەیە خودی عەلەوییەکان و عەلەوییەکانی سوپا «ئەسەد» دەربکەن و کەسێکی دیکە لەجێگەی دابنێن کە بتوانێت بەشێوەیەکی باشتر مامەڵە لەگەڵ قەیرانەکە بکات، دووەم سیناریۆ ئەوەیە سوننەی زۆرینە شەڕە ناوخۆییەکە بباتەوە و دەسەڵات بەسەر وڵاتەکە بسەپێنێت، ئەویش بەتایبەتی پاش دابەشبوونی سوپا و کە بەشێک لەسوپا جیابۆتەوەو چوونەتە پاڵ

**کۆتاییەکە بەو شێوەیە دەبێت کە «ئەسەد» دەڕووخێت و گرووپەکەی ئەو شەڕە ناوخۆییە دەدۆڕێنێت**

ڕیزەکانی ئۆپۆزسیۆن لەدژی «ئەسەد» و لەجەنگەکە سەرکەوتوو بن، بەڕای من بەم شێوەیە کۆتایی دێت، بۆنموونە با سەیریکی «لیبیا» بکەین، ڕووخانی «قەزافی» لە«لیبیا» لەسەر دەستی لایەنگران و دۆست و هۆزەکەی نەبوو، بەڵکو «قەزافی» لەگۆڕەپانی جەنگ ڕووخێنرا، بۆیە پێشبینیدەکەم ڕووخانی «ئەسەد»یش هەر بەهەمان شێوە بێت، بەڵام ئایا هیچ ڕێگەچارەیەکی دیکە هەیە بۆ دەربازبوون لەم قەیرانە؟ لەمبارەیەوە پێموایە کۆمەڵگەی عەرەبی بەگشتی زۆر بەژیرانە جووڵاوەتەوە و بەڕای من ئەو «پلانی ئاشتی»یەی کە چەند هەفتەیەک بەر لەئێستا پێشکەشی «ئەسەد» کرا پێموایە باشترین ڕێگەچارەیە، ئەی سەبارەت بە«عێراق»؟ ئەگەر لەبارەی «عێراق» لێم بپرسن ئەوە دەڵێم «هاوبەشبوون و هاوبەشبوون و هاوبەشبوون»، «هاوبەشبوون» پێویستە و سوودبەخشە بۆ هەموو لایەنەکان، بەلایەنی کەمەوە هاوبەشکردنی بەشێک لەدەسەڵاتەکان بەڕێگەچارەیەکی ئاشتییانە، پێویستە هاوبەشکردنی دەسەڵاتەکان هەبێت لە«عێراق» لەگەڵ حکومەتی مەرکەزی، ئێستایش کاتێک کە «مالیکی» هاوبەشکردن ڕەتدەکاتەوە ئەوە زۆر مەترسیدارە و خودی خۆم زۆر نیگەرانم لەڕەفتارەکانی «مالیکی»، هەروەها پێویستە هاوبەشکردن هەبێت لەڕێگەی بەنامەرکەزییەتبوون و بەخشینی ئۆتۆنۆمی بۆ هەموو هەرێمێک بۆ ئەوەی کاروبارەکانی خۆی بەڕێوەبەرێت، هەڵبەتە کێشە و ناکۆکیی زۆر لەسەر سنوورەکان

**ئەو «پلانی ئاشتی»یەی کە چەند هەفتەیەک بەر لەئێستا لەلایەن کۆمەڵگەی عەرەبییەوە پێشکەشی «ئەسەد» کرا، باشترین ڕێگەچارەیە**

هەیە لە«عێراق» بەتایبەتی لەسەر «کەرکوک»، بەڕای من هەمان وەڵام «سوریا» دەگرێتەوە و تاکە ڕێگەچارەیە بۆ دەربازبوون کە پێویستە «ئەسەد» ناچاربکرێت جۆرە «هاوبەشکردن»ێک وەدیبێنێت لەڕێگەی بەخشینی بەشێک لەدەسەڵاتەکان بۆ سوننەکان و هاوبەشکردنی لایەنەکانی دیکە لەحکومەت لەگەڵ جەختکردنەوە لەسەر مانەوەی عەلەوییەکان وەکو لایەنێکی گرنگ لەحکومەت، بۆنموونە پێکهێنانی حکومەتێکی یەکگرتوو ئەمەیش ئەو ئاراستەیەیە کە «پلانی ئاشتیی عەرەبی» لەهەوڵدانە بۆ وەدیهێنانی، «ئەسەد»یش پلانەکەی ڕەتکردەوە، بەڵام ناکرێ بە«ئەسەد» بڵێین بێ ئاگا لەبەر ڕەتکردنەوەی ئەو پلانە لەبەرئەوەی گومان هەیە ئەو ڕێککەوتنە سەقامگیر بێت و هەرگیز گرەنتیی ئەوە ناکرێت کە سوننەکان ئەو ڕێککەوتنە نەشکێنن و «ئەسەد» و لایەنەکانی دیکە دوورنەخەنەوە و عەلەوییەکان سەرکوتنەکەن، بەڕای من پێویستە جۆرە گرەنتییەک ڕێکبخرێت بۆ جەختکردنەوە لەسەر ڕوونەدانی ئەو شتە، بینیمان چەندین شەڕی ناوخۆیی بەو جۆرە گرەنتییانە یەکلاکرانەوە، بۆنموونە یەکلاکردنەوەی شەڕە ناوخۆییەکەی «سلڤادۆر» بەو شێوەیە بوو کە هەردووک لەپارتی دەرەوەی حکومەت و پارتی دەسەڵات گرەنتیی ئەوەیانکرد کە هیچ لایەنێک دەسەڵات بەسەر لایەنی بەرامبەر نەسەپێنێت، بۆیە هیوادارم شتێکی هاوشێوە بۆ «سوریا» بدۆزرێتەوە و شەڕە ناوخۆییەکە یەکلابکرێتەوە.

*** جیاوازیی کەیسەکەی «سوریا» ئەوەیە کەس نازانێت بارودۆخەکان دەگەنە کوێ لەبەرئەوەی پێشبینیی چەندین کێشەی گەورەی لێ دەکرێت و هەندێک لەپسپۆڕان پێیانوایە کودەتایەکی سەربازی ڕوودەدات و پاش «ئەسەد» دەسەڵات دەکەوێتە دەستی سوپا، بەڕای تۆ ئایا پێتوانییە کە بەرهەمی ئینقلابەکە بەفیڕۆ بڕوات پاش ئەوەی سوپا دەسەڵات لەدەست بگرێت، بۆنموونە هاوشێوە لەگەڵ «میسر»؟**

- سەبارەت بە«میسر» بەڵێ. ئاراستەی پرسیارەکەتان ئەوەیە کە ئایا پێشبینی دەکرێت لە«سوریا» پاش یەکلابوونەوەی ئەم قەیرانە دیموکراسییەت بونیادبنرێت یاخود حکومەتێکی پلورالیزم پێکبهێندرێت کە تیایدا هاووڵاتیان حوکمڕانی بکەن؟

هیوادارم بەم شێوەیە بێت، بەڵام کێشەی سەرەکیی ئەمڕۆی «سوریا» بریتییە لەڕێگەگرتن لەسەرهەڵدانی شەڕێکی ناوخۆیی گەورە و پێویستە هاووڵاتیان لەم ڕوانگەیەوە بیری لێ بکەنەوە، هاوکات پێویستە لەئاسۆ بڕوانن و هەنگاو هەڵبگرن بەرەو دامەزراندنی سیستەمی دیموکراسی، بەڵام بەڕای من بۆ حاڵی حازر «شەڕی ناوخۆیی» هەڕەشە هەرە ترسناك و گەورەکەیە لەبەردەم هاووڵاتیانی «سوریا»، لەبەرئەوەی ئەگەر بێت و شەڕی ناوخۆیی هەڵبگیرسێت، ئەوە دەبێت بەشەڕێکی گەورە و ترسناك و پاکتاوساز و لەئاکامیدا پاکتاوی ڕەگەزی لەدژی نەتەوەکان ئەنجامدەدرێت و ئەگەرێك هەیە هەموو عەلەوییەکان و هەموو کرستیانەکان بۆ دەرەوەی وڵات ڕاوبنرێن، هەڵگیرسانی ئەو شەڕە ناوخۆییە جەنگێکی پاکتاوسازی لێدەکەوێتەوە، بۆیە ڕێگەگرتن لەسەرهەڵدانی ئەو جەنگە لەئەولەوییاتەکانە، ئەمەیش بەواتای، بەبۆچوونی خۆم، دامەزراندنی جۆرە سیستەمێکی حوکمڕانی بەنوێنەرایەتیی هەموو لایەنەکان و هەموویان ڕەزامەندبن لەسەر هاوبەشکردنی دەسەڵاتەکان، جگە لەمە هیچ ڕێگەچارەیەکی دیکە نابینم بۆ ڕێگەگرتن لەهەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆیی لەبەرئەوەی ئەگەر عەلەوییەکان بەردەوام بن لەحوکمڕانی ئەوە هاووڵاتیان بەردەوام دەبن لەبەرهەڵستکاری، ئەگەریش سوننە دەسەڵات لەدەستبگرێت ئەوە عەلەوییەکان یاخود کورد یانیش لایەنەکانی دیکە بەرهەڵستکاری دەکەن، بەڕای من ئەمە ئەنجامەکانێتی و ئەمە بۆچوونی منە لەم بارەیەوە، ئەوەی کە پێویستە ئومێدی بۆ بخوازین چەسپاندنی ئازادییەکانە لەگەڵ سازدانی هەڵبژاردنەکان بەئەنجامی هاوشێوە لەگەڵ «تونس» بۆ نموونە، خودی خۆم هیوادارم بەوشێوەیە بێت و ئەنجامەکانی هاوشێوە بێت لەگەڵ «تونس»، بەڵام بۆ

**کێشەی سەرەکیی ئەمڕۆی «سوریا» بریتییە لەڕێگەگرتن لەسەرهەڵدانی شەڕێکی ناوخۆیی گەورە و پێویستە هاووڵاتیان لەم ڕوانگەیەوە بیری لێ بکەنەوە**

**ئەگەر عەلەوییەکان بەردەوام بن لەحوکمڕانی ئەوە هاووڵاتیان بەردەوام دەبن لەبەرهەڵستکاری، ئەگەریش سوننە دەسەڵات لەدەستبگرێت ئەوە عەلەوییەکان یاخود کورد یانیش لایەنەکانی دیکە بەرهەڵستکاری دەکەن**

حاڵی حازر ئەوەی کە مایەی نیگەرانیمە و کە پێویستە کار لەپێناویدا بکرێت، بریتییە لەڕێگەگرتن لەدووبارەبوونەوەی سیناریۆکەی «عێراق»ی ساڵی ٢٠٠٣ کاتێك کە لایەنەکان لەدژی یەکتری شەڕیانکرد و سەدان هەزار هاووڵاتی کوژران و ملیۆنەها هاووڵاتی لەکۆمەڵگەکانیان ڕاگوازران، بۆیە من لێرەدا لەگەڵتان هاوڕام و هەمان ئەو ترسەی ئێوەم هەیە لەبارەی سەرهەڵدانی دیکتاتۆرییەتێکی سەربازی، بەڵام بەڕای من هەرە خراپترین سیناریۆ سەرهەڵدانی شەڕی ناوخۆییە و پێویستە ئەولەوییەت بدرێت بەڕێگەگرتن لەهەڵگیرسانی، بەڕای من پێویستە لەسەر هەموو دەسەڵاتێکی سەربازی پابەند بێت بەپڕۆسەی هەڵبژاردنەکان لەبەرئەوەی بەبێ دیموکراسییەت حکومەتی باش بوونی نییە و حکومەتی ستەمدار حکومەتێکی خراپە.

*** پێشبینی دەکرێت شەڕی ناوخۆیی لە»سوریا» هەڵبگیرسێت، بەڵام ئایا تا چەند پێتوایە ئەگەر هەیە شەڕە ناوخۆییەکە سنوورەکانی «سوریا» ببەزێنێت و کاریگەریی لەسەر تەواوی ناوچەکە هەبێت و هەروەها تاچەند پێتوایە کە شەڕی ناوخۆیی «سوریا» دەکات بەدەوڵەتێکی فاشل؟**

- پرسیارەکەتان زۆر لەجێیە، مەبەستتان: ئایا وڵاتانی دراوسێ بەم شەڕە زەرەرمەند دەبن و ئایا تێدەوەگلێن؟ ئایا پەنابەرە هەڵاتووەکانی «سوریا» کێشە لەوڵاتانی دراوسێ دروست دەکەن؟ ئایا لایەنەکانی دیکە لەوڵاتانی دراوسێ بەشدار دەبن لەو شەڕە؟ بۆنموونە لەوانەیە کوردەکانی «سوریا» داوای هاوکاری بکەن لەکورد و هاوکات ئەگەر هەیە کۆمەڵگەی سوننە لەوڵاتانی دیکەی جیهانی عەرەبی داوای هاوکاری بکات بۆ سنووربەزاندن و بەشداریکردن لەو شەڕە، ئەمە هاوشێوەیە لەگەڵ ئەوەی کە لەبەرامبەر «عێراق» ڕوویدا کاتێك سوننەکانی «سوریا» دەستێوەردانی شەڕە ناوخۆییەکەی «عێراق»یان کرد، بۆیە ئەگەرێك هەیە ببینین سوننەکانی «عێراق» پاڵپشتییان هەبێت بۆ شەڕە ناوخۆییەکەی «سوریا»، من هەمیشە ئەو نیگەرانییەم لەشەڕی ناوخۆیی هەیە کە لەکۆنترۆڵ دەرچێت و سنوورەکان ببەزێنێت و زیان بەوڵاتانی دراوسێ بگەیەنێت، هەروەك کە ئێوەیش ئاماژەتان پێکرد لەبارەی دەوڵەتی فاشیل، دەوڵەتی فاشیل هەمیشە کێشە بۆ وڵاتە دراوسێکانی دەخوڵقێنێت، لەبەرئەوەی دەرهاوێشتەکانی دەوڵەتی فاشیل بریتین لە: لێکەوتنەوەی پەنابەران، بەرهەمهێنانی تاوان، بەرهەمهێنانی تیرۆر و لەخۆگرتنی تیرۆر، بازرگانیکردن بەماددەی هۆشبەر، لەگەڵ هەموو ئەو شتانەی کە وڵاتانی دراوسێ هەرسی ناکەن، ئەگەر بێت

**پێویستە ئۆپۆزسیۆن پابەند بێت لەبەرامبەر هەموو کەمینەکان لە»سوریا» و پێویستە هەمووان لەخۆبگرێت ئەگەر هات و هەڵستا بەپێکهێنانی حکومەتێکی نوێ**

و شەڕێکی ناوخۆیی لە»سوریا» هەڵبگیرسێت، ئەوە لەوانەیە «سوریا» بۆ ماوەیەك ببێتە دەوڵەتێکی فاشیل، بەڵام خودی خۆم و بەپێی بۆچوونەکانم بۆ ئایندە پێشبینی دەکەم لایەنێکی سوننە دەسەڵات لەسەر «سوریا» بسەپێنێت و سیستەمێکی نوێ بچەسپێنێت، بەڵام هیوام ئەوەیە ئەو پڕۆسەیە زۆر توندوتیژ نەبێت و مەینەتیی زۆری لێ نەکەوێتەوە و لەئاکامیدا پەنابەری زۆر بەرهەم نەهێنێت، بەواتایەکی دیکە پێموایە Tyranny ستەمدارییەکی سوننی سەرهەڵدەدات، بۆیە من پێموایە کە ئەگەرێك هەیە «سوریا» ببێت بەدەوڵەتێکی فاشیل، دەوڵەتی فاشیل-یش ئەگەری هەیە شەڕی ناوخۆیی لەئاکامیدا هەڵبگیرسێت و ئەو شتەیش زیان بەهەموو وڵاتانی دراوسێ دەگەیەنێت لەزمنیشیان «عێراق».

*** حەزدەکەین ڕات وەرگرین لەسەر پرسی کورد لە»سوریا»، زیاتر لە٢ ملیۆن**



**کورد لە»سوریا» هەیە کە بێبەشبوونە لەبەهاوڵاتیبوون و ناسنامە، ئۆپۆزسیۆنی «سوری»ش هیچ بەرنامەیەکی ڕوونی لەسەر مافەکانی کورد نییە، ئایا بەڕێزت گەشبینی و پێتوایە لەئاکامی ئەم گۆڕانکارییانە لە»سوریا» کورد بگەنە مافەکانیان؟**

- میدیاکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا تاوتۆیان هەیە لەبارەی ڕۆڵی کورد لەم بارودۆخە بەتایبەتی لەڕووی ڕەفتارەکانی ئۆپۆزسیۆن کە لەدژی ڕژێمەکەی «ئەسەد»ن، بەڵام نازانم گەر ئۆپۆزسیۆن هیچ بەرنامەیەکی بۆ کورد ڕێکخستووە یان نا لەڕووی دەستەبەرکردنی مافەکانی کورد یاخود هاوبەشکردنی کوردەکان لەسەرکردایەتی یانیش ڕێکخستنی جۆرە ئۆتۆنۆمییەك بۆ کورد، من نازانم حەزیش دەکەم بزانم، ئێوە دەتوانن پێم بڵێن، بڵێن...

*** بەپێی بارودۆخەکان ئێمە پێمانوایە کە ئۆپۆزسیۆن بایەخ بەکوردەکان دەدات لەبەرئەوەی ئۆپۆزسیۆن پێویستیی بەپاڵپشتیی کوردەکانیش هەیە، ئەگەر بێت و یەکگرتوو بن ئەوە بەهێزتر دەبن و زیاتر دەتوانن ڕووبەڕووی بارودۆخەکە ببنەوە.**

- من لەگەڵتان هاوڕام لەمبارەیەوە، بەواتایەکی دیکە ئێوە مەبەستتان لەوەدایە: ئەگەر ئۆپۆزسیۆن ژیر بێت ئەوە ئەوکات خۆی لەکۆمەڵگەی کوردی نزیك دەکاتەوە و بیر دەکاتەوە بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی یەکگرتوو و کارکردن لەپێناو بەرژەوەندییەکانی هەمووان، لەگەڵ لەخۆگرتنی ئەجێندای کوردەکان لەچوارچێوەی ئەجێنداکەی خۆیان و دەستەبەرکردنی مافەکانی کورد لەچوارچێوەی ئەو مافانەی کە خۆیان کۆششی بۆ دەکەن، ئەگەر بێت و لەم ڕوانگەیەوە بیری لێ بکەنەوە و بەم شێوەیە کاربکەن ئەوکات بزاوێکی گەورەتر دروست دەکەن و بەهێزتر دەبنەوە، بەڕای من ئەمە باشترین شتە کە بکرێت لەبەرئەوەی کوردەکانی «سوریا» ناعەدالەتی و ستەمداری لەبەرامبەریان ئەنجامدراوە و فەرامۆشکراونە و مافی بەشدارییان نەبووە لەسیاسەتەکانی «سوریا»، بۆیە ئەوە شتێکی ڕەوایە کە کورد بەشێکی هەبێت لەدەسەڵاتەکان لە»سوریا»، بەڕای من پێویستە ئەم پرسیارە لەبارەی ئۆپۆزسیۆنی «سوریا» ئاڕاستەی میدیای نێودەوڵەتی بکرێت باشترە نەك من، ئێوەیش وەك کورد پێویستە زیاتر بایەخ بەم مەسەلەیە بدەن، ئەم پرسیارە لەمن مەکەن، بەڵکو ئاڕاستەی بکەن بۆ هەر ڕۆژنامەنووسێکی ڕۆژئاوا، میدیاکانی ڕۆژئاوا یان «ڕێکخراوی چاودێریی مافەکانی مرۆڤ – Human Rights Watch» یاخود هەر لایەنێکی دیکە بۆ لەزمنکردنی پرسی کورد لەبەرنامەی ئۆپۆزسیۆنی «سوریا»، بەڕای من پێویستە ئۆپۆزسیۆن پاپەند بێت لەبەرامبەر هەموو کەمینەکان لە»سوریا» و پێویستە هەمووان لەخۆبگرێت ئەگەر هات و هەڵستا بەپێکهێنانی حکومەتێکی نوێ، پێویستە ئێستا ئەم شتەیان لێ داوابکرێت و لەئاییندە پاپەندی بن، بەڵام ئەمەیش خۆی لەخۆیدا کێشەیەکە لەبەرئەوەی ئەمڕۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەهیچ شێوەیەك پێشنیار و داواکاری پێشکەشی ئۆپۆزسیۆن ناکات، بەڵکو ئەمڕۆ هەمووان تەنیا جەختیان کردووەتە سەر ڕووداوەکانی ڕۆژانە و بارودۆخەکانی ئێستای «سوریا» لەوڕووەوە کە: چەند کەس کوژرا و شەڕەکە لەکوێیە و ئایا گەیشتووەتە «دیمەشق» یان نا لەگەڵ ئەم جۆرە بابەتانە، بۆیە بەڕای من پێویستە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی جەختبکاتەوە لەسەر ئۆپۆزسیۆن بۆ پاپەندبوون بەمافی هەموو کەمینەکانی «سوریا» لەزمنیشیان کوردەکان، بەڵام لەکۆتاییدا هەر دەبێ خودی کوردەکان بەخۆیان شوێن بۆ خۆیان بکەنەوە لەسیاسەتەکانی «سوریا»، بۆیە بەڕای من پێویستە ئەمڕۆ داوا لەئۆپۆزسیۆن بکرێت لەمبارەیەوە، پێش ڕووخانی ڕژێمەکەی «ئەسەد»، لەبەرئەوەی مەرج نییە ئۆپۆزسیۆن پاپەند بێت پاش گەیشتنی بۆ دەسەڵات، هەربۆیە پێویستە ئێستا ئەم جۆرە ڕێکخستنانە بکرێ.